# سەرەک بەکر کۆنگرەی مامۆستایان ئەکاتەوە


ژمارە « ٦ »

هەینی

١٣ شوبات ١٩٧٠

نرخی « ٢٠ » فلسە

ساڵی یەکەم


# هاوکاری

## التضامن


ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی یە

دەزگای گشتی چاپەمەنی و بلاوکردنەوە دەری ئەکا

لەجیاتی سەرنوسەر : مونذر عریم


## سەرەك بەكر لەدانی مافی ڕوشنبیری بەنەتەوەی كورد ئەدوێت

# ڕێگادانی یەکێتی نووسەرانی کورد

institut kurde de paris

× دوێنێ سەرەک ئەحمەد حەسەن بکر کوّنگرەی هەشتەمی مامۆستایانی عیراقی کردەوە •

× سەرەک ووتاریکی گرنگیدا •

× سەرەک ووتی : دانی مافەکانی ڕوشن بیری بەگەلی کورد ، مانای باوەڕی شورشە بەوەی گەلی کورد لەو پایەدا بێت شایەنیەتی •

دۆینی سەرەك ئەحمەد حەسەن بەکر گونگرەی هەشتەمی ماموستایانی عیراقی لە هوڵی سینمای سمیرامیس لە ئاهەنگی کردنەوەی کونگرەکەدا « ئەلیاس فەرەح » ئەندامی فەرماندەی نەتەوآیەتی پارتی بەعسی و چەند وەزیریكو وەفدەکانی عەرەبیو نیراوانی دەزگا دبلوماسیەکان ئامادەبوون •

دوای کردنەوەی گونگرەکە بەخوێندنی قورانی پیرۆز ، سەرەك بەکر ووتاریکی گرنگیدا ، تیایا سلاوی کرد لەماموستایان و مدحی ئەو خەباتەی کرد ماموستایان کردویانەو ووتی : شادمانم بەوەی پیرۆزباییتان لیبکەم ،چونکە ئیوە بلیسەی روناکیتان هەلگرتوە بۆ ڕوناك کردنەوەی ڕیگای نەوەکانی گەل ، دیسان سەرەك لە ووتارەکەیا ئەوەی بەرچاو خست ماموستایان ئەو ئیش کەرانەن کە خولقاندنی ئەوەی شورش گیریان لە ئەستۆیە بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی شورش • هەروەها سەرەکی بەرێز ووتی : شورشی ١٧ تموز ئاسویەکی ڕوناکی کردەوە لەڕێ ڕەوی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتیا بە دانی مافەکانی روشن بیری کوردو تورکمان، ئەومافانەی کە کوردو تورکمان ئەکاتە هیزیکی وا بەشداری ڕاستەو خوی بنیات نان ببیّو بەشداری چارە سەری گیروگرفتەکانی وولات بکەنوە بەرچ دانەوەی دوژمنان هەروەها سەرەك بەکر ووتی : دانی مافي روشن بیری بەگەلی کوردو کەمایەتیەکان مانای باوەری شورشە بەوەی گەلی کوردو کەمایەتیەکان لە و شوینە راستەدابن کەلایەقیانە •



## لەئاسوی ئەرخەوانی دا

سەرنج دانیکی بزوتنەوەی رزگاری خوازی ئەفریقیای ئیمرو ، تەوژمو تینیێکی نوێ ئەدات هەموو جەنگاوەرانی شورشگیرو پیشکەوتوو دژی ئیمپریالیزمو داموەدزگابوگەنەکانی، لە ئەنگولاو موزامبیقو زیمبابووی‌وغینیا بیساوی‌و ئەرتیریاو سومال تاکو ئەگاتە لیبیاو جەزائیرو کوماری عەرەبی یەکگرتو ، مروڤی ئەفریقی لە خەباتو تێکوشانیکی قارەمانانەی بیّووجاندا بوراماڵینی شەوە زەنگی ئیمپریالیزموچەوساندنەوەی چینایەتی‌و ئازاردانی نەتەوایەتی‌و رەگەزایەتی چەپەل •

وە هەر چەندە ئیمێر یا لیستەکان و نوکەرەکانیان هەموو هەولوتەقەلایەکی چلیس ئەدەن لەپیناوی ئەوەی صەدای شورش‌و راپەرینی ئەفریقیای رەش نەگاتە

## چەژنتان پیرۆز

اقازی‌ی یەکەمی بەغدا بەیانیکی دەرکرد ، لەوبەیانەدا روونی کردەوە روژی یەکەمی جەژنی قوربانی ریکەوتی ١٦ی ئەم مانگە ئەکات •

( هاوکاری ) بەم بونەیەوە جەژنە پیروزە لەهەموو فەتەوەی کوردو ، گەلانی موسولمان ئەکاو ، هیوا دارە جەژنی سالی داهاتوومان لەژیر سایەی

بروانە ل ١٣

## یەکیتی نوسەرانی کورد

لایەکی باوەر پی کراو بەروژنامەی - هاوکاری - راگەیاند کە وەزارەتی ناوخۆ بەتەواوی بریاریدا لەسەر ئەوەی ماوە بدریت بەکارکردنی نووسەرانی کورد •

هاوکاری بەم بونەوەیەوە پیروزبایی خوی رائەگەینی‌و داوا لە هەموو نووسەران ئەکات کە لەدەوری ئەم یەکیتییە کۆببنە

## ڕێ ڕەوی هاوکاری

نەتەوەی کوردی قارەمانمان ، بە درێژایی مێژوی ژیانی هەمیشە چەوساوەو زورلێ‌کراوو وولات پارچەپارچە کراو بووە ، بە درێژایی بوونی هەزارەها قوربانی داوەو لاپەرەکانی میژووی بە خوێنی ئالی روڵە دلسوزەکانی نوسیووە ، کە تائەبەد مێژوی شورشگیری ئادەمیزاد شانازی بە راپەرین‌وشورش و رولە نەبەردەکانی یەوە ئەکات •

بێ‌گومان نەتەوەیەکی وا، پال پشتو یارمەتی دەرێکی هەرەگەورەو دوستێکی هەرەدلسوزی هەموو بزوتنەوەیەکی رزگاری خوازو پێشکەوتووی گەلانە لە جیهاندا ، وە بەوپەری هێزو توانای پشتگیریان ئەکات، بەتایبەتی‌بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلانی براو دراوسێ کە هەمیشە پتەوترین پەیوەندی برایانەی هەبووە لەگەلیان•

ئیمروش بزوتنەوەی بەرگری چەکدارانەی گەلی عەرەبی لە فەلستین کە لە سەنگەری پیشووی بەرگری کردنی ئیمپریالیزمو سەهیونییەت رایەو بە خوێنی روڵە دلسوزەکانی نەخشەی دوواروژیکی کامەرانتر

بروانە ل ١٣

# شۆڕشی ڕۆشنبیری لەچین دا



نووسینی :
عبدالرحمن ابوقوس
وەرگێڕی : پ

پاشماوەی ژمارەی پێشوو •

وه لەبەر ئەوەی هەر جووره زوولێ‌کردنێك لە خۆیەوه مایەی شورش دروست ئەکات ، بویە نیشانەی سیستەمی دەرەبەگایەتی زۆری شورشی تاکەتاکەی خەلك ، لە شێوەی بەرهەلستی کردن ، وه شورشی گشتی بە شێوەی ڕاپەرین‌و شورشی بیری لە چوارچیووەی خووا نەناسین خووای دەرەبەگەکان •

ئیتر پاش ئەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی چەند قوناغێکی بڕی ، بەرەبەره ، چەند کومەلێك خۆیان لە بەندو کوتی ئەو سیستەمه رزگارکرد ، لەوانه پیاوەکانی ئایین‌و زانایان‌و سەروکەکانی خێلەکان‌و هونەرمەندەکان، وه بەرەبەره شانەی کارکردنی سەربە خۆیان دروست ئەکرد لە پێناوی قازانج‌و سوودی تایبەتی خۆیان ، بەم جوره دەسەلاتی نوێ هاتە کایەوەو سەرەتای روخان‌و هەلتەکاندنی دەسەلاتی سیستەمی دەرەبەگایەتی دهات ، وه مەسەلەی باوەرکردن بە یاسای « هەر ئەبێ وابمێنێ » کزو لاواز بوو ، وبوو ماوەیەکی درێژ مایەوه تاوەکو مەشێن دروست کر ، ئەوسا سیستەمی دەرەبەگایەتی بەرەو روخان رووی ، وه کومەل بو بەچەند بەشی تر ، کریکاران سەرمایەدارەکان وه نەگونجانی بەرژەوەندی ئەم دووانه لەلایەکەوه لەگەل بەرژەوەندی سیستەمی دەرەبەگایەتی‌و سەروك خێلەکان لەلایەکی ترەوه ، ناکوکی‌یەکی دروست کرد ، کە بنچینەی بوژانەوەیەکی کومەلایەتی نوێ‌و دروست بوونی تێگەیشتن‌و سەر – کردنێکی نوێی جیهان بوو • وه ڕێگا تەخت کرا بو داهاتنی هەندێ سیستەمی تری گونجاو لەگەل ئەو باره نوێیەی ژیان کەتوانای پاراستنی سەرمایەداری هەبێ لە نێوان سیستەمەکانی پێشوو یارمەتی بدات بو ئەوەی دەسەلاتی نوێی سیستەمی سەرمایەداری بچەسپێ‌و سەربەستانه بتوانێ هەموو توانایەکی سروشتی‌و هونەری‌و تەکنیکی مرۆڤ بەکاربێنێ لەپێناو بەرژەوەندی خۆی‌و بوئەوەی ئەو پەری سەربەستی هەبێ لەچەوساندنەوەی ئادەمیزادو بەکار هێنانی وەکو ئالەتێك بە کەمترین پێویستەکانی ژیان •

بەم جوره هەموو بیروراو سیستەم فەلسەفەکانی کومەلایەتی کەلەو ماوەیەو تا ئێستاش دێنەکایەوه لە ژێر سایەی دەرەبەگایەتی‌و سەرمایەداری‌و بورژوازی ، هەمووی لەپێناوی کۆکردنەوەی هەمو هێزو توانایەکی مرۆڤایەتی‌و تەخدیرکردنی‌و سەرلێ‌شێواندنی لەپێناوی خزمەت کردنی مانەوەی چینایەتی‌و جیاوازی نێوان مرۆڤدا ، وه بو ئەوەی زیاتر دەرفەت بدرێ بو چەوساندنەوەی مرۆڤ‌و مانەوەی ئیستعمار بەرزترین پلەی سەرمایەداری‌و بو تەبریر کردنی هەموو جەنگە تاوانبارەکانی ئیستعمار دژی مرۆڤایەتی •

بەلام لەناو ئەم هەموو چەپەلی‌و پیسی سیستەمی سەرمایەداری ئەبێ ئەو هەلویستە پاکانەی هەندێ دانانی ئازا لەبیر نەکەین ، کە هەمیشە دژی خۆو رەووشتی چەپەل‌وەستاوون‌و بەرهەلستیان کردووەو بیریان لە سوود وەرگرتنیان نەکردووەو ، بەلکو توانای خویان بەکارهێناوه دژی جەنگ‌و ئازاردان‌و چەوساندنەوەو هەمیشە بەرگریان لە ئادەمیزاد ••• لە مرۆڤ وەکو مەزنترین سەرمایەو لە سەربەستی وەك ئامانجی ژیان‌و لە کامەرانی وەك گەوهەری وجوود •

ماویەتی



## پەڕاوی هاوکاری

# نەتەوەکان و مەسەلەی نەتەوایەتی

نووسینی : ئینینا مودر جنسکایا

گۆڕینی لە عەرەبی یەوە : جلال میرزا کریم

**الکتاب : جلال میرزا کەریم**

زاناکانی ڕۆژئاوا چاو لەو راستی‌یە ئەنووقینن کە ئیمپریالیزم مەسەلەی دروست بوونی نەتەوەی لە وولاتەکانی ئاسیاو ئەفریقادا پەك خستوە ، بەوەی دروست بوونی نەتەوە لەم جۆرە وولاتانەدا لەزرووفیکی ئەوتودا ئەبیت کە زور جیاوازە لە زروفی دروست بوونی نەتەوە بورژوازیەکانی ناو ئەوروپای ڕۆژئاوا ، چونکە پەیوەندی سەرمایەداری لەووڵاتە ژێر دەستەو نیمچە ژێر دەستەکاندا بەو جورە نەبوو کە لە قوناغی دەربەگایەتیدا پیك بێت ، بەلکو شیوەی پەرە سەندنی ئابوری ئەم جورە وولاتانە ئاسایی نەبوو بەتایبەتی لەو کاتەدا کە ژێر سایەی چەوساندنەوەی ئیمپریالزمدا بوون ، بۆیە نووکی ڕمی خەباتی چینایەتی لەم وولاتانەدا رووەو دەرەوە دژی ئیمپریالزم بوو .

هیزەکانی بەرهەم هینەر لە ژمارەیەك لەو وولاتانەدا کە گەلەکانی سەربەخویی سیاسی‌یان هیناوەتە دەست ئەوەنە پیشکەوتوو وە لێ‌هاتوو نیە ، لە بەرئەمە پاشماوەکانی دەربەگایەتی وەهەندێ جار پاشماوەکانی قوناغی کومونیزمی سەرەتایی بەتووندیو ئاشکرایی تیابانداد دەرئەکەویت ، سەرمایەداری دەرەوە لە ماوەی سەدە کونەکانەوە پێگەیشتنی هیزە بەرهەم هینەرەکانو دروست بوونی نەتەوەی پەك خستوە ... لەبەرە ئەوە مەسەلەی بەدەست هینانی سەربەخویی سیاسی بوو بوە کاریك هەر ئەبوایە خەباتی بۆ بکرایە لەگەل ئەوشدا کە مەسەلەی دروست بوونی نەتەوە لە هەندی وولاتی ژێر دەستەشدا هیشتا تەواو نەبوو بوو . کەواتە لەو کاتەدا خەبات لەپیناوی سەربەخویی دا بەلای ئەو نەتەوانەوە مانای سەربەستی ئەگرتەوەو ڕێگەیەکیش بوو بۆ ئەوەی لەسەر بنەڕەتێکی نوێو پتەو نەتەوە دروست بکەن .

ئایە ئەبوایە گەلانی وولاتە ژێر دەستەکان وازیان لە بەدەست هێنانی سەربەخویی بهێنایە لەبەرئەوەی هیشتا مەرجەکانی دروست بوونی نەتەوەیان تێدا نەبووە ؟

لەوەلامدا ئەلیین : بێ‌گومان نەء !

لەتاقی کردنەوەی‌میژوویی گەلانا گەلیك بەلگەی ئەوتۆ هەیە کە ئەم ئەنجامە بەئاشکرا ئەدات بەدەستەوە بۆ نموونە گەلی ڤیتنامی هەروەك میژوو نووسی فەرەنسی ( جان شسنو ) لەکتیبی ( بەشداریەك لەمیژووی نەتەوەی ڤیتنامی) دا ئەلێت : نەتەوەی ڤیتنامی لەسەدەی (١٩) هەما لەکاتی دەسەلاتی داگیرکەرانی فەرەنسیدا لەدروست بوونا بوو، وە زرووفی دەربەگایەتیش گەلیك تەگەرەی خستە بەردەم گەلی ڤیتنامی لەوەدا کە سەربەخوایی بپاریزیت .

وە ئەم چەوساندنەوەیە لەدوولاوە کاری کردە سەر دروست بوونی نەتەوەی ڤیتنامی ، لە لایەکەوە داگیرکەران هەولیکی زوریان ئەدا بۆ کپ کردنی بزووتنەوەی گرد بوونەوەی نەتەوایەتی کە لە سەدەی ( ١٩ ) هەما دەرکەوت ، لەبەر ئەوە کەوتنە بەش کردنی وولات بۆ ( کوشنشینو ئانامو تونکین )ەوە ، وەزمانی فەرەنسیشیان وەك زمانیکی رەسمی بەسەر گەلی ڤیتناما سەپاند ، داگیرکەران پشتیان بەدەربەگەکان ئەبەستو بەروبوومی ئەو وولاتەیان ئەدزی .

وە لەلایەکی ترەوە ، پەیوەندی لەگەل وولاتیکی پیشکەوتوی سەرمایەدارا بێ چەندو چوون بوو بوە هۆی فراوان بوونی پەیوەندیەکانی بەرهەمی سەرمایەداری ئەوتوکە ئابوری دەربەگایەتی هەلئەتەکێنی ..

**ماویەتی**

## مانای بەختیاری

### روشن‌بیری گشتی

هەمومان ، حەز ئەکەین بەختیاربین ، بەلام ئەو بەختیاریەی بەڕاستی مانای بەختیاریە هەمو کەس بەئاسانی ناتوانیت پێی بگات ... چونکە بەڕاستی لە مانای بەختیاری نەگەشتون ... وە مانای بەختیاری لە ناو خەلکا جیاوازی هەیە بەپێی جیاوازی ژیریو ڕوشن بیریان ، لەلای هەندیك بەختیاری تێرکردنی ئارەزوە وە دلنیابون لەوەی ترسو نەخوشیو نەبونی هەرەشە لەژیانیان ناکات ...

بەلام بەختیاری ، لە ڕاستی‌دا ویژدانە ، فراوان بونی تێ‌گەیشتنمانە لە خۆمان ئەوسا لە خەلکی تر ، لەمە زیاتر تێ‌گەیشتمان لەبونی : دنیاو ژیان ، وە هەتا ویژدانو شارەزایمان فراوان تربێت بەختیاریمان زیاتر ئەبێت ، ئەگەر چی هەندێك جار گەیشتن بەم مەبەستانە گران بێت ، بەلام سەرکەوتو ئەوەیە گوی نەدات بەو گرانیە ، وە واشە ، چونکە ئەوەی بەدوای بەختیاری بەڕاستی دابگەڕێت ، بیری تیژەو دلی فراوانە سەرنجی ورد .

کەهەستمان فراوان بو ، زیاترژیرو وریائەبین، ئەمەش نیشانەی تێ‌گەیشتویە ، تێ‌گەیشتوش لەمانای ڕاستی ژیان ئەگات، وەتێ‌گەیشتنی کەسانی‌وا بەرامبەر ژیان جیاوازە لەوانەی ژیانو بەختیاری تەنیا بەتێری ئارەزو لێك ئەدەنەوە .

خوێنەواری بەرێز :

گەیشتمان بەپلەی هەست کردنمان بە ئەرکەکانی سەرشمانمان لە ژیانا ، پیویستی کردوە لە سەرمان ، خۆمان بگەیێنینە ڕادەیەکی وای ڕوشن‌بیریو هەست فراونی بتوانین خۆمان بناسین ... وە بەرەو بەرزی سەرنج بەینو بروین ... راستەو خۆ ترین ڕێگای ئەم خۆ پێ‌گەیاندنەش تێکەل بۆنمان لەگەل کۆمەل وە هەست کردنمان بەلێ‌پرسینەوەی سەر شانمان بەرامبەر بەکۆمەل ، وامان لێ ئەکات تێ‌بگەین ، کۆمەل پیویستی بەتوانای ئیمەیە ، وەکەی وامان زانی لە خۆمان زیاتر پیویستی‌بەهەولو تیکوشانی ئێمەیە زیاتر باوڕ بەخۆمان پەیدا ئەکەینو خومان ئەگرین لەبەر گرانیاو لە تەنگانەدا ناروخینو بەم جورە گیانی ئازایەتی لە دلمانا خوی ئەگریت ... سەرکەوتوش لەم روەوە هەست بە بەختیاری هەرە ڕاستی ئەکات ...

بەلام ئەوەی لە کومەل دور ئەکەوێتەوە ، نایەوێت خزمەت بکات ، خۆپەرستە، یان ترسنوکە و بەرگەی لێ‌پرسینەوە ناگرێت، بەتەنیا ئەژیو سودی‌بوکەس نیە ، یان ئەوانەی قینیان لە کۆمەلەو لە دەست کۆمەل ڕائەکەن .. ئەوانە بەختیارنین ، هەر چەندە هەندێکیان ئەیانەوی بەروکەشی دەرەوە وا لە خەلکی بگەیەنن ، زۆر بەختیارن ... بەلام بوچی وایە ؟! لە ژمارەی داهاتودا وەلام ئەدەینەوە .

عبدالله عباس



Institut kurde de paris



# ئافرەت

## بوکەشوشەی منداڵەکەت



خوشکی بەرێز : کڕینی بوکەشوشەو یاری جوان بۆ منداڵـــەکانت ، کاریکی جوانەو پیویستە ، چونکـــە منداڵ زۆر دلی بـەو جۆرە شتانە خۆش ئەبێت •••

بەلاّم بەتەنیا کرینی ئـەو جورە شتانە بۆ منداڵەکانمان بەس‌نیە وەك مەبەست لـــە وەبێت لەکاتی گریانا ژیریان بکەینەوە ، یان بۆ ئـەوەی لەخۆمانیان دور خەینـــەوەو خەریکیان کەین بەو بوکـە۔ شوشەو یاریانەوە • بەڵـکو خوشکی بەڕێز پیویســـتە ئەوە بزانی لەهەمو شتێکـا ئەبێت ئاگاداری منداڵەکەت بیت ، ئەو بوکەشوشـــەو یاریانەی بۆ منداڵەکانمـانی ئەکەینە دیاری ، پیویستە بۆ پەروەردە کردنیان بەکاربێت وە بەگرانی نەزانین ماوەیەك لە دەست بەتالی خۆمـــان تەرخان کـــەین بۆ ئەوەی فێریان کەین چون ئەوشتانە بۆ کات بردنە سەری خۆیان بەکار بهێن • خۆشەویستی لە دلی منداڵەکانمـــان زیاد ئەکەین کاتێ ویان ڕائەهێنن شتی جوان پیویستی بـــە پارێزگاری کردن هەیە ، ئە ...

بێ کەسی نەمرۆ ئافرەت !

نەسرین دەمێکە داخت لـــە دڵمـــە
گیرۆدەی داویت ژیـــانت زوڵمـــە

ئـــەمرۆ زەمانی عیلـــمو عرفانـــە
فەرقی نیرومێ نیە بیزانە

نیرومێ هـــەردوو بەجووتە بۆ وەتـــەن
هەوڵی ئەدەن
دوورە دەرچونی لە زیلەت مەل
بە بالی نافـــری

### وینەیەکی جوان

جوانین ئیمە جوانین
پـــەری ناو شاخانین

ڕۆڵـــەی کوردستانین
لەخواشـــەوە جوانین



### ووتەی ئەمجارە

خوشکی بەرێز :

کۆمەڵ ، بەهاوکاری ژنو پیاو پێگەوە پێش ئەکەوێتو بەرەو بەرزی ئەڕوات ، ژنو پیـــاو وەکو یەك ئـــەرکی سەرشانیان هەوڵ دانـــە بۆ لەناو بردنی ئـــەو گیرو۔ گرفتانەی کوسپن لە ڕێگای بەرەو بەرزی کۆمەڵ ، بەلاّم لە کۆمەڵی ئێمەدا « وەتـــا ڕادەیـــەکی باش » پیـــاو توانیویەتی لەم ڕوە وە کەم تەرخەمی نەکات••• ئەویش بەهوی ئەوە وە ، پیاو زیاتر ماوەی بـــۆ فراوان بوە پی بگاتو فێر ببێت ، بـــەلاّم ئافرەتی کورد لەم بارەیەوە نالێن زۆر دواکەوتوە بەلاّم نەگـەشتوتە ئـەو ڕادەیـــە ڕاستەخۆ بەشداری براکەی بکات لـــە تیکوشانی پێش خستنی ژیانی کۆمـــەڵدا ، کە ئەمە خوی لەڕاستـــیدا گیروگرفتیـــکی گـــەورەی کۆمەڵەکەمانە ، جابۆئـەوەی بەسەر ئەم گیروگرفتەدا زاڵ بین ، پێویســـتە بخوێنین ، خوێندن بۆ ئافرەت لە هەمو پیویستەکی‌تر زیاتر شایەنی گرنگی پێ دانە • لەبـــەر ئەمە خوشکان بانگ کراون، بخوێنن ، وە بەمـــەبەستی خزمەت کردنی کۆمـــەڵ بخوێنن •• تا بـــەئـــەرکی ڕاستی خویان هەستن لـــە گەڵ براکانیان •

دایك : دوای دوومـــانگ برایـــەکی جوانت بۆدێت ، حەز ئەکەی کوربێت یان‌کچ؟!
منداڵ : حەز ئەکەم ئەسپ بێت !

## جوانترین منداڵ

خوشكو برایانی بەرێز :

لەم بەشەی لاپەرەکەمانا،هەمو جارێ وێنەی ســـێ منداڵ بلاّو ئەکەینەوە بەناوی« جوان ترین منداڵ » ە وە، هەموتان بانگ کـــراون بۆناردنی وێنەی جگەر گوشە۔ کانتان بەناو تەمەنیـــا نەوەتالەم‌لاپەرەیەدا بلاّوی بکەینە وە بەم ناونیشانە :

ڕۆژنامـــەی « هاوکاری »
لاپەرەی «ئافرەت» «جوانترین
منداڵ » •



١ ـ هدی عبدالله



٢ ـ چنار زبیر بامەرنی



٣ ـ غیاث علی •

**ـ( بکوژم ئان نه )ـ**

دختوره‌کێ بناڤو ده‌نگ کچه‌ك هه‌بو روژه‌کێ ژ روژان ئه‌و ئو ژنا خو درنیشستی بون دختوری گوت :

ـ ئه‌رێ کچامه .نه گوت دێ که‌نگی زڤریته ڤه ؟ ژنێ گوت :

ـ منا زانی ژ ده‌زگریێ وێ چنه داوه‌ته‌کێ ... دختوری بکه‌رب گوت :

ـ ئه‌رێ نابێ یه من ئه‌ف کوره بێ ژ کی‌یه ئو کی دنیاسیت ئو چه هه‌یه ئو دێ بیته چه .. چه‌ند فه‌رقه لنابه‌ینا وی ئووێ ، ئه‌و هیشتا یێ دخوینیت ئو کچا من هنده دێ بیته دختوره داجهێ من بگریت من یا پخدان کری پتازه‌یی ماتو نابینی هه‌رو یا کاره‌کی دگوهوریت ، ئه‌و کورکێ خولي پێ وه‌ر دێ چلێ که‌ت ئو دێ چاوا تێ هه‌ل هیت ژنێ گوت :

ـ هێدی هێدی... مالاڤا هه‌کو وێ بڤێت ئو یا رازي بیت بلاشي پێ بکه‌ت ئو به‌لاوێ لسه‌رێ وێ . وێ نابه‌ینێ ده‌نگ ژ (ته‌له‌فونێ) هات ... دختوری هه‌لگرت ئو گوت :

ـ به‌لێ ـ ئه‌زم ـ ئێ ـ ئێ ـ چاوا ـ لکیرێ ـ چاوا ـ ئه‌زێ هاتم . ده‌ستێ خو لچانتا خو دا ئو لده‌ري ڤاژی بو ژنێ لدیف وی گوت : چبو ـ چبو دختوری ژ له‌زا دا نه گه‌هشت جابێ لێ بده‌ت ، وه‌کي گه‌هشتیه جهێ بو گوتی دیت .. کچا وی‌یا لسه‌ر ده‌ستیت پولیسا ئو سه‌ر ئو چاڤیت وێ بێت خینێ وه‌ر بوین ده‌سته‌ك ئو پیه‌کێت وێ بێت پێڤه تهژین ئو ترومبیله‌ك یا ژوان ویڤه تر یا که‌تبه سه‌ر پشتا خو ( زابت ) هاته پنك ڤه ئو گوت :

ـ دختور جانێ ته یێ خوشبیت ... مزگینیا من لته چه لکورکي نه هاتیه !! دختور چو بنك ترومبیلێ ڤه دیت دو پولیسا چنگلیت کورکی یێت کرتین دا .نه که‌ڤیت ئو بیت ئینن ... چاڤ لدختوری تاری بون گوت :

ـ ته کوشت بیهنا ته هات به‌لێ چاك بزانه ئه‌ز ڤێ تولێ بو ته نا هێلم هه‌ر روژه‌کی دێ نه کوژم زڤری لدیف ده‌نگێ ژنا خو یا دبیژیت :

ـ خو ئاجز نه‌که خودێ ژێ رازی بیت ، دختور لێ نه زڤري قه‌ستا مال کر ئوده لسه‌ر خو گرت کێم جارا ده‌رنکه‌ت چنکو ئه وا وي دانای وه‌سا نه هاته ڤه دختور د ژینا خو دا شکه‌ست

روژه‌کی پشتي سێ سال بسه‌ر ڤه چوین دختور یێ لنه‌خوشخانێ دختورێ هاري کاریا وي دکر گوتێ :

ـ دختور ( ژورا عه‌مه‌لێ) یا به‌ر هه‌ڤه . دختوري گوت :

ـ به‌لێ دێ هێم ... دختور چو د ژور ڤه دیت ئێکێ‌درێژ کریه لسه‌ر ته‌ختێ ئو سرنجێ‌نه هشیار بێ یێت ده‌ستی را هو به‌رێ خو دایێ نیاس ... کو ده‌زگرێ کچا وی یه ( پرته‌کا ئاسنی) یا چو یه د میلاکا وێ را ) دختوري بخو گوت :

ـ ده‌مێ تولێ هات یارا.. ماکي دێ زانیت ... به‌نجێ زیده تر بدێ ئان کێرێ ویڤه تر ببه ... دی تمام بیت ... ئو که‌س پی نا حه‌سیت ئو دێ تولا خو ڤه‌که‌م ... ما راوه‌ستای بێهنه‌کێ دیت کورکي دڤیت خو وه‌ر گێریت ژ ئێشا خو ئو ئاخینکه‌ك ڤێ که‌ت ناڤی کچا دختوري ئینا ، چاڤیت خو ڤه‌کرن دیت ئه‌وێ به‌ري سێ سالا گه‌ف لێ کرین یی لهنداف سه‌ری ئو چه‌کێ مرنێ ییت ده‌ستی لیڤا وی له‌رزی ئو چاڤیت خو دانانه سه‌رێك ئو ژ رحا خو بێ هیڤی بو دختوری گوتێ .

ـ نه ترسه تو دێ ساخ بي ... برینا ته چه نینه .. رح زڤري ڤه ده‌ست ئو پیا خین هاته سه‌ر ئو چاڤا ئو نڤست ... دختوري دل دا گوت :

ـ ڤان سێ سالیت چویی کورکی ئه‌و ژ بیر نه کریه ئو یێ مایه لسه‌ر ڤیانا خو دیاره چو بناسیت وي ده‌رنا کچا من دا نه بون ما چاوا دێ کوژم ما من سیند نه خاریه کو دل پاك بم ئو راست بم د کارێ خو دا ..

نڤیسینا :

علی نقشبندی




# پاڤل ئیڤانوڤیچ بیلیاییڤ



گۆلۆنێل پاڤل یه‌کێکه له‌و پیاوه که‌شتیوانانه‌ی که یه‌که‌م جار بۆ بۆشایی ئاسمان چوون له جیهاندا ، وه له رۆژی ١٠ی ینایری سالی ١٩٧٠ به‌هۆی نه‌خۆشی‌یه به ئازاره‌که‌ی کۆچی دوایی کرد .

بیلیایف له رۆژی ٢٦ی یۆلیۆي سالی ١٩٢٥ له دێی چیلیشڤۆ له هه‌رێمی رۆسلاتنك له ناوچه‌ی فۆلۆکدا له دایك بووه ، وه له سالی ١٩٢٤دا قوتابخانه‌ی ناوه‌ندی ته‌واو کردووه ، وه له پیشه‌نگایێك که‌وته کارکردن و بوو به نه‌قش کێش له‌پاشان بوو به چاوودێری که‌ری پیشه‌سازی ئاماده‌کردن .

وه له ساله‌کاتی جه‌نگی نیشتمانی گه‌وره‌دا وه‌ك هه‌زاران هاورێیانی جووه سوپای سۆڤیه‌ته‌وه ، وه پاش ده‌ماچوونی له خۆیندگای خروکه‌واتی ، بوو به خروکه‌واتی کوشتار ، وه چه‌ند شارێکی به‌تێنی دژی ژاپۆن کرد ، وه به‌دوا هاتنی جه‌نگی ژاپۆن و سۆڤیه‌ت ، که‌وته په‌روه‌رده‌ی نیشتمانی له‌گه‌ل ئه‌و تیپه فروکه‌وانانه‌ی له ئستۆلێکی ده‌ریایی ئیشیان ئه‌کرد له ده‌ریای پاسفیك ( محیط الهادی ) ، وه له سالی ١٩٤٥ چووه ناو ریزی پارتی کۆمه‌نیستی سۆڤیه‌ته‌وه ، وه له سالی ١٩٥٦دا خۆی گه‌یانده ئه‌کادیمیه‌ی هێز ه ئاسمانیه کا نی جه‌نگاوه‌ری بۆ خۆیندن ، پاش ته‌واو کردنی خویندنه‌که ، کرا به‌رایه‌ری تیپی ئاسمانی .

وه سه‌رکردایه‌تی له‌به‌ر چالاکی و رێزگرتنی ئه‌و چالاکیه‌ی ناردیان بۆ تیپی که‌سێ‌وانه‌کانی فه‌زا . بۆشایی ئاسمان پێشان ئه‌دا ، وه له مارتی ١٩٦٥دا ، پارت و میری له بیلیاییڤان دادا کرد که به که‌شتی ( ڤۆسخۆد ) بچێته بۆشایی ئاسمان و یێ به سه‌روکی تاقمی که‌شتیه‌که .

بیلیاییف ئه‌و ئه‌دکه‌ی سه‌ر شانی به ئازایی و سه‌رکه‌وتن برده‌سه‌ر ، بیلیاییف رابه‌رایه‌تی هاتنه ده‌دی کرد له که‌شتیه‌که ، ئه‌مه‌ش نمونه‌ی یه‌که‌م کاره

بروانه ل ١٣



# وەرزش وەرزش وەرزش وەرزش

## پاڵەوانی جیهانی لەپاسیکل لێخوڕینا

## وەرزشزانی کورد محمد ئەمین



پاڵەوانی وەرزشی بەناوبانگی کورد « محمد ئەمین » کە توانی بۆ ماوەی ١٣٥ سەعاتو ٢٠ دەقیقە بەسەر « پایسکلەوە » بمینیتەوە جێگای شانازی بو بۆ کوردو عەرەب لەعیراق دا · وە ناوبراو ئەندامە لە یانەی وەرزشی لاوانا ·· بەهوی ئەم سەرکەوتنە گەورەیەوە : ئەمیری کویت سەد دیناری پێ بەخشیوە وەبالیوزخانەی عیراق لە کویت ریزی گرتو گەلی لای تر دیاریان پێ بەخشی وە ناوبراو بە ڕۆژنامەی « هاوکاری » ووت : لە پێشەوە پیرۆزبایی دەرجونی رۆژنامەی هاکاری ئەکەم ، وە سەبارەت بە کاروباری دوارۆژی خۆی ووتی : بەم زوانە سەر ئەدەم لە دمشق بۆ ئەوەی ١٥٠ سەعات لە سەر پایسکل بمێنمەوە ئەویش لە پیشەنگای دوەلی دمشق · وە کاك محمد لەدوایا ووتی : لاوەکانمان بەگشتی ریزی پالەوانانی وەرزش ئەگرن · وە لە دواییا ئەم لاوە گلەیی کردکە « ئاژانسی دەتكو باسی عیراقو ئیستگەو تلفزیون » باسی سەرکەوتنە مەزنەکەیان نەکردوە هەروەها موەید بدری فیلمەکەی لە پروگرامەکەیا پیشان نەداوە · لەبەر ئەوە « هاوکاری » هەموو لی پرسراوەکان بانگ ئەکات بۆ لە بیرنەکردنی ئەم پالەوانە ·

## دەورەی کاسی جیهانی

لە ژمارەکانی پێشوو باسی کومەلی یەکەمو دووەم ـ مان کردو لەم ژمارەیە سێیەم کومەل پێتان ئەناسێنین ، کە بەهێزترین تیپەکانی جیهانی کۆکردوتەوە ·



● **چیکوسلوفاکیا :**

بو بە پالەوانی کومەلەکەی خۆی کە لە هەنگاریاو دانیمارکو ئیرلەندا پێکهاتبوو شەش گەمەی کردووە ، چواری بردیەوەو لەیەکێکیان بە وەکویەك دەرچوو ئەوی تریان دوورا ، کە بەمە نۆ خالی کۆکردەوە ، وە لەبەر ئەوەی هەنگاریاش نۆ خالی کۆکردبووە بویە گەمەیەکی تریان کرد کە چیکوسلوفاکیا بردیەوە چوار بە یەك ·

● **بەرازیل :**

بو بە پالەوانی کومەلەکەی خۆی کە برێتی بوو لە بارگوایو فەنزویلاو کولومبیا ، پاش ئەوەی شەش گەمەی کردو ئەنجامەکانی بەم شێوەیە بوو :

١ ـ لە فەنزویلای ـ بردەوە پێنج بە هیچ پاشان شەش بە هیچ ·

٢ ـ لە کولومبیای بردیەوە دوو بە هیچ پاشان شەش بە دوو ·

٣ ـ لە بارگوای بردەوە دوو بە هیچ پاشان سێ بە هیچ ·

ئەوەی شایەنی باسە بەرازیل دوو جار بووە بە پالەوانی جیهان لە سالی ١٩٥٨و لە سالی ١٩٦٢ ·

● **رومانیا :**

بۆ بە پالەوانی کومەلەکەی خۆی کە لە بورتوگالو سویسراو یونان پێکهاتبوو، سەرکەوتنی ئەم تیپەشتیکی سەیر بوو بەتایبەتی تیپی بوروگالی لەگەلدا بوو کە لە تیپە هەرە بەهێزەکانی ئوروپایە ·

لەم کومەلە گەمە هەرە گەورەکە نێوان بەرازیلو ئنلگیتەرایە، رەنگیشە شتیکی سەیر رووبداتو چیکوسلوفاکیا خۆی بگەێنێتە دووا دەورەکان ·

ئیتر تا ژمارەی داهاتوو کە چوارەم گومەلتان پێشکەش ئەکەین ·

## وەرزش

● بوکسینەری نایجیری ـ دیك تایگەر ـ لە ١١ ئاذاری داهاتوودا رووبەرووی بوکسینەری ئەمریکی ـ ئەمیل گریفت ـ ئەبێ وە لەسەر ئەوە پێکهاتوون کە گەمەکە (١٠) جەرلە بێ، ئەوەی شایەنی باسە لە سالی١٩٦٦دا ئەم دوو پالەوانە بەرنگاری یەکتر بوونو ـ ئەمیل گریفت ـ بردیەومو بو بەپالەوانی جیهان لە قورسی ناوەندی بو یەکەم جار ·

● تیپی ئەلمانیای دیموکراسی گەمەی جیدو لە تیپی بلجیکی بردەوە بە هەشت خال بەرامبەر دوو خال ئەو گەمە دەولیە لە ـ ئەنتفیرتی بەلجیکا کرا هەروەها لە تیپی تایبەتی ـ ئەنتفیرت ـ یشی بردییەوە هەشت خال بە دوو ·

● گەمەکەری تنسی عەرەبی ـ اسماعیل شافعی ـ دوورا لە یەکەم گەمە کە بەشداری کرد پاش ئیحتراف کردنی، ئەوەش لە دەوری یەکەمی پالەوانی جیهانی بو لە ڤیلادلڤیا بەرامبەر ـ مانویل سانتانا ـ

● ( بیلیە ) ناسراوترین گەمەکەر لە جیهاندا بریاری داوە لە سالی ١٩٧٤ واز لە گەمە بێنێ بە بوونەی ئەوەی تەمەنی ئەگاتە (٣٣) سال وە لە دەورەی سالی ١٩٧٤ پالەوانی کاسی جیهانی لەگەل تیپی بەرازیلی بەشدار نابێ ·

● هەلبژێردراوی ـ پیرو ـ لە یانەی دینامو زوگربی یوگوسلاڤی بردەوە ، دوو بە یەك ، هەروەها یانەی ـ کروزیروی ـ بەرازیلی لە هەلبژێردراوی رومانیای بردەوە دوو بە یەك ·

## هاوکاری و خوێنەواران

● برادەر سابیر دەگمەن سەپان وەرسول هورمزیانی ـ ئەو دوو باسەی دەربارەی چیروکی کرایمو ستی نووسیبوتان گەیاندمانە کاك محمد توفیق وردی ·

● برادەران کاکەی لە سلێمانی ·

ـ هەلبەستەکەت (رووداوی خوشەویستی ) ببورە لەوەی بلاوناکریتەوە ·

● کاك ئەحمەد شاکەلی ·

ـ برادەر ·· چیروکەکەت ( بەرەو ریگا سەختەکان ) لەوجورە چیروکانەیە کەوا بزانم کەم کەس هەیە تێی بگات ·· هەوڵ بدە چیروکی والمان بۆ بنووسیت کە کومەلانی خەلکی تێی بگات ·

● شیخ حسن عوالانی ·

ـ سوپاس · دیاریەکەت ـ دیوانی باغی عەوالان ـ گەیشت بەلام بۆ بلاوکردنەوەی هەلبەستەکەت ·· لە دەرفەتیکی ترا ·

● برادەر ـ باوەش ـ

ـ سوپاست ئەکەین ·· ببورە هەلبەستەکەت بلاو ـ ناکریتەوە ·

● برادەر عبدالخالق سەرسام · هەولیر ·

ـ برادەر نەك هەر چایو تەمەلیو تەوەزەل خانە ، دەردی ناوکومەلن ·· نەزانینو خۆ بەزل دانانو خۆپەرستیو شتی لەوبابەتە گەلیك زورن تکامان وایە لەباسی وادا بەدووای هۆیەکانیا بگەرێیت ·

● کاك ئومیدکاکەرەش ـ سلیمانی ·

ـ باسەکەت دەربارەی کەمالی لەدەرفەتیکا تەنیا هەلبەستەکەی بلاو ئەکەینەوە حەزمان ئەکرد نووسینەکەت لیکولینەوەیەك بووایە نەك هەرتەنیا باس ژیانی کەمالی ·

institut kurde de paris



## دیمەنی کوردستان



شیرین .. شیرینی خاکی کوردستان
هەر بۆ پەرستن دروست کراوە
دیلان

## بیرێکی ڕاگوزاری

**بەڵێ نوسەری بەجەرگ !**

**ئێمەی خوێنەواران ..**

ووتمان ڕاستە پیویستمان بە « نوسەری شورش گێرو بە جەرگ‌و چاو نەترسە!!» بەڵام ڕاست نیە ... نوسەرەکانمان ...

وا بەساکاریەوە بڵێین : ئەوەی بۆ هەندی ئەلوێت.. بۆ هەندیکی تر نالوێت !!

ئەوەی ئەیەوێت .. ئەرێ نوسینەوە وە لەم ڕۆژگارە دا خزمەتی مرۆڤی کورد بکات ... ئەبێت « بەجەرگ و چاو نەترس بێت ... »

بۆ پاشە ڕۆژیکی ڕوناک تر بنوسێت ...

وە نوسەرەکانمان شورش گێرو پێش‌کەوتو خوازبن .

بجەنگن دژی: ژێردەستی چەوسانەوە ، کۆن‌و کونە پەرستی ، هەڵویستی ئازایانەو بەجەرگانە بنوێنن .. هەتا .. بەخوین بنوسن ئەگەر پیویستی داوای کرد ... ، ...

ئەمانە ئەبێت بۆ هەموو نوسەریکی بەراستی نوسەر بلوێ ... ئەوەی لەمانە سڵ ئەکاتەوە ... با نەڵی « نوسەرم » ... چونکە کورد ئەمرۆ پیویستی بەنوسەری بەو جۆرەیە .

## لە ویژەی بێگانەوە

**کارڵ ساندبرگ**

**وەرگیر : عەین**

**ـ ١ ـ**

**گەڵ .. هەمو کەسێکە .**
**هەمو کەسێك تۆیی !**
**وە من هەمووانم ...**
**ئەوەی کەسێك ئەیڵێ ...**
**ئەوەیە کە ئێمە هەموومان**
**ئەیڵێن ...**

**ـ ٢ ـ**

**هیوا ئاڵایەکی شکاوەیە**
**هیوا ووشەیەکە لە دڵەوە ..**
**پلکە زێرینەیە ...**
**ئەستێرەیە بە ئاسمانەوە ..**
**ئەو باڵدارەیە کە لە ئاشتی‌و**
**شەردا ئەفرێ‌و گورانی ئەڵی!**
**پێ‌کەنینی بە تریقەیە ...**
**توانایە ...**
**هیوا :**
**خوی لە هەموو دڵێکی بەباوڕا**
**جێ‌گیر ئەکات ...**



## دڵ .... هیوا

## لەناخی دەروونەوە

**(٣) نیگاری لەیەك جیا**

**(١) سروشتی ڕەش**

کرێوەی ژەنگ
توێکڵی تاری شەوەزەنگ
ئەکا بە بەر گەڵای سەوزا
وەك زەروو دەم ئەخاتە ڕەنگ

●

**(٢) ئارایشتی گەش**

تۆزی ئاگر
لە ڕەنگی سورمە والاتر
توێژی سوراوی ئەرژێنێ
بەسەر ڕووی ژنیکا .. ئاغر

●

**(٣) دەروون‌و لەش**

هەناسەی ژوود
بۆدرێ ژێر لیفەی ئەستوور
پشکوی سرێ لەش‌و دەروون
ئەکا بە دۆزەخیکی سوور

خەزان

## پەند

**★ قسەی چاك ★**

**★ کردەوەی چاك .**

**★ ڕەوشتی چاك .**

**« زەردەشت »**

## لەهەرباغی گوڵێك

**وە لە یەکیتی سوفیەت بەربەستی خواردنەوە**

بەربەستی کردنی «مەی» خواردنەوە لە یەکیتی سوفیەت زۆر توند بوە ، ژۆڕنامەی « پراڤدە » داوای کردبو کە کومەڵی قەدەغە‌ـ کردنی مەی خواردنەوە دابمەزرێتەوە کە لە ساڵانی ٢٠ دا دامەزرابو ، وە رۆژنامەکە ووتبوی زۆری ئەوانەی بەتەواوی فیری خواردنە وەی مەی بون لە لاوەکانن ، وە پزیشکێ داوای کردوە ئەو لاوانە بگیرین‌و لەشوێنی تایبەتی دا ڕایان بێنن بەئیش‌کردن.

**لە نیویورك ژوری منداڵ بوون لە قوتابخانەکان !**

فەرمانی خیرای دراوە بە هەمو قوتابخانەکانی شاری نیویورك ژوری منداڵ بونی تایبەتی بکەنەوە ، ئەمەش بۆ هان دانی کچە سك پڕەکان تابەردەوام بن لە خوێندن . ئەنجومەنی تەندروستی ئەم شارە بلاوی کردەوە کە ژمارەی کچە قوتابیە سك پڕەکان « بەبێ شوکردن » لە قوتابخانەکانی نیویورك ساڵی ١٩٦٩دا گەیشتبوە

**هەفتەی ١٠٠٠ منداڵ فڕێ دان لە لندن**

وەزارەتی تەندوستی بەریتانیا بلاوی کردەوە کە عملیاتی منداڵ فرێ دانی قانونی لەیەك هەفتەدا لە هەمو بریتانیا گەیشتوتە زیاتر لە هەزار ، کەزۆری ئەم عملیاتانە بۆ ئەوکچانە کراوە تەمەنیان ١٥ تا ١٧

# سەردکەوتنی بزوتنەوەی بەرگری


ژمارە « ٧ »
هەینی
٢٧-٢-١٩٧٠
نرخی « ٢٠ » فلسە
ساڵی یەکەم


# هاوکاری

الـتـضـامـن


رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە
دەزگای گشتی چاپەمەنیو بلاوکردنەوە دەری ئەکا
تلفون : ٦٩٧٢١
لەجیاتی سەرنوسەر :



موندز عزیم


## یاسایەکی گرنگ بۆ رێکخستنی بازرگانی ناوخوو دەرەوە

# سەرکەوتنی بزوتنەوەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ئێران

گەلانی ئازادیخوازو تێکوشەری ئێران ، کە لە ژێر سایەی رژیمە بوگەنەکەی شادا دوچاری چەوساندنەوەی نەتەوایەتیو ئازاردانێکی چینایەتی سەختن ، هەرگیز رێگەی خەباتیان بەرنەداوەو کولیان نەداوە لە هەولو فیداکاری لەپیناوی رزگاریو سەربەستیدا .

لەم دواییەشدا لە ئێران بزوتنەوەیەکی شورشگیرانەی نوی دروست بووە ، کە ئامانجی رووخاندنی حوکمی شاو رزگار کردنی گەلانی ئێرانە لە چەوساندنەوەو ژێر دەستەیی ئیمپریالیزم ، سەرەتای دروست بوونی ئەم بزوتنەوەیە ئەگەرێتەوە بو سالی ١٩٦٤ ، کاتێك کە [ بەرەی چەپ ]ی پارتی تودەی ئێران جیابوونەوەو رێکخراوێکی سەربەخۆیان دروستکرد لە

بروانە ل ١٣

## رێ رەوی هاوکاری

لەگەل هەر سەرکەوتنێکی بزوتنەوەی بەرگری جەنگاوەرانی عەرەب لە فەلستینو رێك ئەوتنێکی دەولەتە نیشتمان پەروەرو پێشکەوتووەکانی عەرەبی لەسەر هەلویستێك بەرامبەر بە ئیمپریالیزمو سەهیونیەتو ئوردووەکەیان ئیسرائیلی تاوانبار ، هێزە کونەپەرستەکانو نوکەرە ئەلقە لە گوێیەکانی ئیمپریالیزمو سەهیونیەت لە ئوردونو لوبنان دەست ئەکەن بە ئاژاوەنانەوەو گێرەشوێنیو دروست کردنی سەرکەوتنی بزوتنەوەی کوسپو تەگەرە لە رێگەی بەرگری چەکدارانەی عەرەبی ، بەپێی مەرامی ئاغاکانیان ، ئیمپریالیستە دورندەکانی ئەمریکایی .

بێ گومان ئەم پەلاماردانە لەم چوارچیوە تەسکەدا نامێنێ ، بەلکو بەپێی پەرەسەندنی بزوتنەوەی بەرگریو فراوان بوونی بنکەی جەماوەری ، بەکرێ گیراوەکانی ئیمپریالیزم لە ئوردونو لوبنان دورندانەتر پەلاماری جەنگاوەرە شورشگیرەکانی فەلستین ئەبن لەپێناوی تەفروتونا کردنی بزوتنەوەی بەرگری چەکدارانە لەفەلستینو چەسپاندنو مانەوەی ئوردوی ئیمپریالیستەکان

بروانە ل ٦




ئەم نوسراوانەی سەرەوە ، گوڤاری [ توده ]ی ئێرانین ، ئورگانی « رێکخراوی شورش- گیری پارتی تودەی ئێرانە » کە لە رێزی پیشەوەی خەباتی دژ بە حوکمی شادا ئەجەنگێ .

institut kurde de paris



# هەواڵەکانی جیهان لەم هەفتەیەدا

دەرگیرانی هاوکاری لەنیوتایمزەوە

## بورما هەنگاو بەرەو پیشەوە ئەنی

ئەتوانین ئەوماوەیەی کەدوا بەدوای سەربەخوبی بورما داهات بریتیە لە٢٢سال بیکەین بە دوو قوناغ · یەکەمیان لە ٤ی کانونی دووەمی‌سالی١٩٤٨ دەس‌پی‌ئەکا لەوکاتەی کەحوکمی بیگانەی تیدا کوتایی هات وئالای بورمای یەکگرتووی بەسەردا شەکایەوە ، هەرلەم بەروارەوە هەتا مانگی مارتی ١٩٦٢ وولاتی بورما کەوتبووە ژیر دەسەلاتی بورجوای نیشتمانیو خاوەن زەوی وزارەکان · لەگەل داهاتنی گزنگی ئەو شورشەی ئەفسەرە پیشکەوتوەکان تەقاندیان بەسەروکایەتی ژەنرال ڤی‌وین بورما دەستی‌کرد بەهەنگاونانی تیژرەو بو بەرەو سوشیالیست لەژیر دروشمی - ریگای بورما بەرەو سوشیالیستە - ·

لەنیوان ئەو حەوت سالانەی رویشتوو ، سەروکەکانی بورما دەستیان کرد بەراهینانی چاك کردنەوەی بنەرەتی لەمەیدانی سیاسەت وئابوری وقەدەغەکردنی سەرمایەکانی بیگانە لەوولات · هەروا تەسك کردنەوەی چوستو چالاکی بورجوای نیشتمانی لەئابوری‌دا وە ماوەدان بە -کەرتی کشتی- بو نەشونماکردن و فراوان بوونی دەسەلاتی ·

حکومەتی‌شورش هەنگاویکی زلی لەدابەش کردنی نزیکەی ١-٣ ئەو زەوی وزار بەسەر جوتیارەکاندا هەرواهەولیکی زلی داوە بو بەرزکردنەوەی ئاستی روشنبیری ئابوریو تەندروستی گشتی ·

سیاسەتی ئاشکرای بۆرما لەم روژانەدا ، فراوان کردنی کریکاران ئەی گیرن بو ئەو دەورەبە کە جوتیارەکانو بنیات نانی ژیانی نوی · هەزارەها لەرولانی میللەت روویان کردە ئەنجومەنەکان کریکارو رەنجبەران بوپیشخستنی ئەو پروژانەی کەلەدیهات وگوندەکانا هاتوتەکایەوە · سەروکەکانی بورما سوورن لەسەر ئەوەی پارتی سوشیالیستی بۆرما بگویزنەوە بو پارتیەکی کریکارانەی تەواو ·

هیچ‌گومان لەوەدانیەکەدوای شورش گورانیکی زور هاتوەتە سەربنچینەی کومەلایەتیو ئابوری لەوولاتا هەرچەندە کوسب و تەگەرەو تەلەکەبازی جور جوری کونەپەرست و هەلبازو داخ‌لەدلەکان بەتایبەتی پیلانەکانی ( نانو )ی سەرەك وەزیرانی پیشوو کەئیستا لە تایلاندایە زور جار ریگای لەهەنگاوەکانی پیرۆزی شورش ئەگرت بەلام بی‌سوود بوو ·

خەباتی ئیستای حکومەتی شورش بو پان کردنەوەی هەموو سەریکی کونەپەرست ورآونانی بەرژەوەندیەکانی ئیمبریالیزم هەروا پیش خستنی وولاتو سەر خستنی میللەت بوە هوی ئەوەی کە دەستەبەرەسەر لی‌شیواوەکانی سەربەئیمپریالیزم دەس‌بکەن بەجموجول وپیلان گیران و تەگەرەدانان کەبووە هوی دواخستنی هەنگاوو ئارەزوو ئامانجی گەل لەبورمادا ، بەلام ئەوەی گومانی تیدانیە ئەوەیە کەخەباتی بی‌ووچانی دلسوزو هوشمەندو چاونەترسانی بورما هیزو تەکان ئەداتە کاروانی گەل بوئاسودەگی وپیشکەوتن وبەختیاری وەهەموو ئەو درك دالانەش رائەمالی بو چالی نزمی وسەرشوری ·




## هەواڵی گرنگ

### ستیوارت سەر لە تورکیا ئەدات

بروسکەیەکی رویتەر لەلەندەنەوە رای‌گەیاندوە کەوەزیری دەرەوەی بەریتانی - مایك ستیوارت - بەسەردانیکی رەسمی ئەگاتە تورکیا لەپینجی مانگی نیسانی داهاتوودا بوهەندی ووتوویژ کەپەیوەندی هەردوولای تیدا باس‌ئەکری ·

### کونگرەی دەولەتان لەروما

بریاردرا کەلەنیوان ٢٧ - ٢٩ حوزەیرانی داهاتوودا کونگرەیەکی دەولەتان لە روما بگیری بو لایەنگیری کردنی گەلانی ئەنگولاو موزەمبیق و غینیا - بیساو - دژی ئیمپریالیستی پورتەگالی ، ئەمەش دوای ئەو کوبونەوەی نوینەرانی ( بەرەی رزگاری موزەمبیق و بزوتنەوەی میللی بورزگاری ئەنگولاو پارتی ئەفریقی بو سەربەخویی دورگەی سەری سەوز ) لەرومادا گرتیان ·

### دورخستنەوەی گارودی

نووسەری بەناوبانگی فرەنسا روجیەگارودی لەئەندامیەتی لیژنەی مەرکەزی پارتی کومونیستی فرەنسی دورخرایەوە سەبارەت بەرەنگار بوونی بەستراتیجیەتی گشتی ئەم پارتی‌یە ·

گاستون بلیژونیر ئەوەی کەجیگەی گارودی گرتوە لەم لیژنەیەدا وای راگەیاندوە کە گارودی بەشیوەیەکی گشتی دژی پارتی بوە ·

ئەوەی شایانی باس‌بی گارودی هەر لەسالی ١٩٥٦وە ئەندامی لیژنەی مەرکەزیو مەکتەبی سیاسی پارتی کومونیستی فرەنسی‌بووە ·

### بەیانتامەی سکرتاریەتی دەستەی هاوکاری کردنی میللەتانی ئەفریقاو ئاسیا

سکرتاریەتی هەمیشەیی دەستەی هاوکاری کردن لەگەل گەلانی ئاسیاو ئەفریقا لەبەیاننامەیەکی‌دا پشتگیری خوی دەرخستوە بۆخەباتی گەلی ئەنگولا بە ( سەرکردایەتی جوولانەوەی میللی‌بو رزگار کردنی ئەنگولا ) دژی داگیرکەری پورتەگالی ئیمپریالیست · هەروا لەبەیاننامەیەکی‌ترا سکرتاریەت کەبەبۆنەی دامەزراندنی سیانزەین سالی بەرەی‌میللی و یادی نوهەمی · دەس‌پی کردنی خەبات ، هەمو لیژنە نیشتمانیەکان و هیزەکانی ئاشتی وئاسایش بانگ کردوە بو لایەنگیری کردنی گەلی ئەنگولا لەخەباتی بی‌سل‌بوونیا دژی داگیرکەرانی پورتەگالی ·

بەیاننامەکە دەری خستوە کە تیکوشانی ئەنگولا بەشداریەکی پیروزە لەخەباتکردن لەپیناو رزگارکردنی هەموو میللەتانی خاکە داگیرکراوەکان لەلایەن پورتەگالەوە ، هەروا خاکی ئەفریقی خواروو وئەفریقیا بەگشتی · جگەلەوەی کەئەم خەباتە زنجیرەیەکی نەپساوە لەو تیکوشانە شورشگیریەی کەمیللەتان لەپیناو رزگاری وئاشتیو خوشەویستی یائەیکەن ·

### پارتی کۆمونیستو لیبرایەکان

بروسکەیەك لەروایتەرەوە رایگەیاندوە کە بەرپرسیاریکی گەورەی جیکوسلوفاکیا دەری‌خستوە کەچەندەها ئەندامی لیبرالی لەپارتی دوور ئەخریتەوە ئەگەرهات و گوی رایەل نەبوون بو ( رەخنەی‌خویی ) ·

میروسلاف مول ، نووسەری روژنامەی ( روداپراڤو ) لەیەکی لەووتارەکانیا دەری خستوە دەربارەی ئەو گورانانەی کەلە نیوان کادیرەکانو پارتیا روویداوە ، وەووتویەتی هەندی کەس چەند دەرفەتیکی تایبەتیان پی‌درا بەلام ئەوان ئەمەیان بەهەل زانی بو پالیشت کردنی هیزە رەشانەی کەدژی سوشیالیستن ·

**ئەو راستیەشی دەرخست** کە هەلویستی هەرکومنیستیك لەچوستو چالاکی تایبەتی‌دا و هەروا لە جگەرسوزی دا لە ( رەخنەی خویی ) بەشیکی باش لەریگەی پیشکەوتن تەخت ئەکات کەتەنیا بەم ری‌یە پارتی ئەتوانی خوی ببوژینیتەوە و باری سەرشانی سووك بکا ·

institut kurde de paris



# ئافـــرەت

## وتە

خوشکی بەڕێز :

پێویستەکانی سەر شانی تۆ ، بەتایبەتی لەم ڕۆژەدا ، کە ژیان بەردەوام لە گۆڕان و پێش کەوتنایە، زیاترو فراوان ترە لەو ئەرکە پێویستیانەی مە ڕۆژانی ڕابوردوو ترا لـــە ئەستوی ئافرەت بو .

لەبەر ڕوناکی ئەم ڕاستیەدا ئەبێت خۆت ڕابێنی بـــەوەی بتوانی ئـــەرکی خۆت بـــەپێی پیوایستی ئەم ڕۆژگارە بـــەدی بهێنیت .

ئەمرۆ ئافرەت لە سەریەتی ڕاستەخۆ بکەوێتە هـــەوڵ و خەبات بۆ ئەوەی بەشـــداری پیاو ، بکات لە ئامادە کردنی کەرەســەی ژیانی خیزانی‌دا ، لە پەروەردە کردنی منداڵدا ، لــە پەرە پێدانی روشن‌بیری و بەرەو پێشەوە چونی کۆمـــەڵ بەرەو ژیانیکی باشتر .

**لە بەر ئەمانە، ئەی خوشکی بەرێز ، لــە سەرتە ڕاپەریت هـــەوڵ بـــەیت و ئـــەو کوت و زنجیرەی دەستی بەستوی لـــە بەشداری کردنی بەراســـتی ئەرکە پیرۆزەکانی سەرشـــانت بیان بچدینی ، ئەمەش بـــەبێ گەیاندنی ڕاستی کۆمەل ئەبێ و روشن بیر بونی ئەندامەکانی ، ئەم کارەش بەشی زۆری لـــە ئەستوی تۆیە .**

## کۆچی هاوڕێکەم

هاوڕێم ...

هەرچەن ڕۆیشتی .. بەڵام زیاتر لە یادگارێکت لام بەجێ هێشتوە ، ئەوەت فیرکردم کە قوتابخانـــە فیری نەکردم ... ئەوەت فیرکـــردم ... دایك و باوکم بەرچاویان نەخستوم .

فیرت کـــردم : فرمیسك بۆ دوێنی نەرێژم ... چونکـــە سبەینێی ڕووناك چاوڕێمانە ، جالەبەر ئەوەی تۆ بویتـــە چیروکی دوێنێ ، فرمیسك بۆ کوچەکەت نارێژم ... بەڵکو چاوەڕێی ئەوەم ژیان ســـەر لەنوی بۆم پێ بکەنێت ..

پێت وتم : ئاسمان ئیش و ئازارمان لەبیر ئەباتـــەوە ... فرمیســـك ئەسڕێت و برین سارێژ ئەکات .. لەبەر ئەرە لەسەرمانە بۆ ئاسمان بڕوانین تا چاوی لیمان بێت ..

دەست بکەینەوە بۆ ژیان .. تا بەرەو پیرمان بێت .. دڵمان لـــەقین پاك بکەینەوە تافراوان بێت بۆ خۆشـــەویستی ! قین ڕوناکی لەدڵا ئەکوژێنیتەوە .. بەڵام چون قین لە دڵی منـــا جێی ئەبێتـــەوە دوای ئـــەوەی پڕت کرد لە خۆشەویستی ؟



هاوڕێم : کوچت کرد بەڵام ووشە شیرینەکانت لـــە دلمـــامانەوە .... تۆ فیرت کردم لەگەڵ کەسانی ترا دڵ نەرم بم، تۆش بویت بەکەسانی تر ...کەواتە لە سەرمە فێربم چـۆن لێت ئـــەبورم ، یادی هیچت نەکەمە وە خۆشەویستیت نـــەبێت ... وە دلنیـــابوم لێ‌بوردن و دڵ‌نەرمی تەمـــەن درێژ ئەکەن وەقین هەتا ڕوی جوانیش ئەشـــوێنێ ، فێرت کردم بەخشین چەند جوانە .. چـــەند بەرزە ببەخشین بەبێ چاوەڕێی بەرامبـــەر ! وە هەرچیەك لەدەستم هات پێـم بەخشیت .. هەستم بەخوشی و بەختیاری ئەکرد بەو بەخشینە .. بەختیـــارەکان بێ‌ئەندازە ئەبەخشن ... وەك خۆپەرستەکان نین ... هەر بەرن بەبێ دانەوە ....!

هاوڕێم :

داوای ئەوەت لێ‌ناکەمـــەوە پێم بەخشیویت .. چونکە من زۆرترم لەتۆ دەست کەوت ، لەرێی تۆوە مانای خۆشەـــە ویستی و بەخشـــینم زانی ، لەگـــەڵ تۆدا هەستم بـــەو بەختیارایە کـــرد بەدرێژایی ژیانم لێی بێ‌بـــەش بـوم ! هەست و بیرم لەگەڵ تۆدا بوە ، هەتا بیرکردنەوە لەتۆ ئەیکردمە خەو ... پەیمان بێت بە پێی ئامۆژگاریەکانت بڕۆم و سووربم لەسەر پاراستنی یادگارەکانت .. بەر لەوەی بت‌ناسم .... سەرنجی ژیانم لە گۆشەیەکی تاریکەوە ئەدا ... وەك هەڵاتو یەك لەژیان پەنام گرتبو ... بەڵام بەهوی تۆوە ... کـــە تۆم ناسی ... زەردەخـــەنەی کامەرانی لەروم نابێتەوە .

نووسینی :
**سوهام سالح**

## • وینـــە • دەست کردی
### هونەرمەند عطا قزاز



## غانـــدی و ئافرەت

تەنگ و چەڵـــەمەی هیچ وولاتیك بەتەواوی لەناو نابرێ بـــەهوی ئافرەتـــەوە نەبێت برسیتی و .نەخوشی و نەخوێندە‌ـ واری ئـــەتوانرێ نەهیلریت ، ئەگەر ئافرەتان بەبێ وەستان ئیشان کرد .

« غاندی »

# ئافرەتان

## لەکاروانی ژیانی میللەتەکەماندا



نوسینی :
**ڕووناك کویی**

ئاشـــکرایە کە ئافرەتان بەشیکن لـــە کۆمـــەل ، وە پێش‌کەوتن و گەیشتن بەم‌پایـــە بەرزەی شـــارستانیەت بـــە هاوکاری ئافرەت و پیـــاو هاتونەتەدی ، ئافرەتانیش شان بەشانی پیاوان لەگەڵ کاروانی پێش‌کـــەوتنی میللەتا بەرەو ئاسویەکی ڕووناك تر ڕێگایان بری وە .

بەم جورە ئەو ئەرکەی لـــە ئەستوی پیاوان بوە ، هەمـــان ئەرك لە ئەستوی ئافرەتانیش بوە کـــە بەمە سەلماوە ئافرەت بەردیکی پنەوی بناغەی بـــەرز بونەوەی وولاتە ، لەم ڕووە وە ئافرەتانی کورد درێغیـــان نەکردووە ، بەڵکو بـــە باوەری پولاینەوە شان بەشانی پیاوانی کورد چونەتە ناو جەرگـــەی مەیدانی هـــەوڵ و تەقەلادان بو پێش خستنی ژیانی کۆمەلایەتی کوردو بـــەرەو بەرزی چونی کاروانی تیکوشـــانی ، وە سەرنج دانی لاپەرەکانی میژوی ڕابوردوومان و ورد بونەوە یەك لە جوڵانەوەی تێکوشـــانی ئەمڕومان ئـــەم ڕاستیەمان بۆ ئەسلمێنی و .ناوی چـــەندان ئافرەتی مەزنی کوردمان لـــەم ڕوەوە بەرچاو ئەکەوێت .

ئەوەی ئەمەوێ لەم ووتارەدا دەستی بوبکیشم ، ئەو کـــەم تەرخەمیەیە کە ئافرەتی کورد لەڕوایەکی گرنگی پێش خستنی

بڕوانە لاپەرە ١٥

## جوانترین منداڵ

وا لەم ژمارە یەشا وێنـــەی سێ منداڵی تر بلاو ئەکەینەوە، وە لەژمارەکانی ترا ئـــەو وێنانەی تر بلاو ئەکەینـــەوە کەپێمان گەیشتون و چاوەرین وێنەی تریشمان بۆ بێرن .







١ ـ یادگار علی • ٢ ـ دلۆڤان عبدالحـــافظ ٣ ـ چنار عبدالحافظ المائی



پاشماوەی ژمارەی پیشو

بەشی دووەم

# روشنبیری گشتی

## مانای بەختیاری

عبدالله عباس

خوینەواری بەریز :

مروڤی بەختیار پی ئەگاتو پەروەردە ئەبیت چونکە کومەلایەتیە ، هەرچی بیەوی بەوردبنین وای جیبەجی ئەکات خزمەتو سود بگەیەنیت ، چاو ئەبریتە پاشەروژو هیوای بەرەو پیشەوە ، خەفەت ،ناخواتو دوش دانامینی چونکە بە دووربینیو بیسل کردنەوە گیروگرفتەکانی چارە سەر ئەکات ٠

بەلام ئەوانە بەختیار نین کە : لە تاریکیا ئەژین ، پی ناگەنو پەروەردە نابن ، چونکە بەخوپەرستی رازی ئەبن ، چاویان هەر لەتامو ئارەزو شکاندنە ، یان چاو ئەبرنە رابوردوو ئەگەر کەرەتیک شکان ٠٠ هەربیری لی ئەکەنەوە !

مروڤی بەختیار بەراستی بەویژدانەو بەهیوایە ٠٠٠ ئامانجو پاشە روژی هەیە بویە هەمیشە ورياو نەوستاوە، بەلام ئەوانە لەبەختیاری دورن وەستاون ، مونو روگرژن ، چاویان لەپاشە روژنیەو هیوا یەکیان دیاری نەکردوە بوی تیبکوشن ٠٠

بەختیار راست گویە ، راست خوی دەرئەخاتو رەوشتی بەرزە لەبەر روناکی پاکی دەرونیا ٠٠

بەلام ئەوە بەختیارینە کە بوغزاویەو مەکر بازەو دوو روو یان سی رووە ٠٠٠ بەختیار نیکوشەرەو ئازایە ، هەمیشە هەولی ئەوە ئەدات زیاتر بیری فراوان بیت ، زیاتر دەرونی پاک بیت ، چاو ئەبریتە بەرزی خویو خیزانەکەیو کومەلەکەی، باوەری بەویژدانی بەهیزە نالەقیت ٠٠

بەلام ئەوە بەختیارنیە ، تەمەل بیت ، گوی نەداتە فراوان بونی بیری ٠٠ یان بەرز بونەوەی خویو خیزانو کومەلەکەی ، باوەریکی ئاشکرای نیە ، هەروژە لەسەر پەتی ریاری ئەکات ٠

لەکوتایا ٠٠٠ نرخی بەختیاری ئەوەیە هەموو کات روخوشبین ، خومان رابینین بەوەی هەلەو خراپەی خەلکی ترمان لەبیر بیچیتەوە دلمان ئەونە فراوان بیت خراپەی زوو بیر بچیتەوە لەبەر پری لەچاکەو دلسوزی ٠٠ هەلە کردنی خوشمان نەمان ، روخینی ٠٠٠ باوەرمان چونە بو بەرزی خومان ، واش بین بو خەلکی ٠٠٠ ماوە نەدەین قینی کویرانە لەدلمانا جی بیتەوە ، هەربچوک ترین شت بەرامبەرمان داوی دا توندو شیتگیر ببین و دلمان پر کەین لەقین ٠٠ قین بونەوەو دل رەقی مانای ژیانە لە تاریکیا٠٠ مانای ئەوەشە کە خەلکی ئەکەین بەدوژمن لە خومان ، چونکە هیچ کەسی قین لەدلو بوغزاوی خوش ،ناویت ٠٠ بەلام ریز پیشان ئەدات بەرامبەر هەموو کەسیکی روخوشو دل نەرمو لەسەرخو ٠٠ کە لیبوردنی لە مامەلە کردنیا لەگەل کەسانی ترا کردوتە ئامانج ٠٠ با بەم جورە لە بەختیاری بگەینو هەولی ئەم جورە بەختیاریە بەین ٠٠٠

---

## سەلاحەددین هاڤینگەها بناڤ و دەنگ

ڤەنیسینا : قەسیم مزوری



سەلاحەددین ئیکە ژهاڤینگەهین بناڤو دەنگ کو جهەکی بلندو هەلکیشایو باهینو کوشتیاری‌یە ( سیاحی ) هەروەکی گەلەك جهین‌دی یین کوردستانا شرینا ، هاڤین بەهەشت ، پرئاڤین زەلالو دارین تاری سیبەرو وپەریو زەرین شەپال ٠

سەلاحەددین بخشەکە ( ناحیە ) ژبخشەکین ئاستانا ( لواء ) هەولیری ژلایی روژهەلاتی ڤە(٣٢)کم یادیرەژی دکەڤیتە روژئاڤایا شەقلاوە ژدیریا (١٨)کم ، ئانکویاد توخیبی ڤان هەردوو باژیرادایە ئوهەر هوسا یالسەربانی گرەکی بلندو پانو نزیکی رەخی جیایی سەفینی‌یە ، بایی‌سار کوژسەفینی تیتە خار وەدکەت کو مروڤ بیژیت سەلاحەددین پارچەکەژ زوازنین فەراشینی ٠

ئەگەر گەریدەك ( سائح ) بسەرکەڤیتە ویری ژهەولیری چاردە چەپان دی دەربازبیت ، دی بینیت کوسڤکە باژیرەکی باکژو ریكو پیكو هەمی ئاڤایین چوان هاتینە ئاڤاکرن ژوان ئاڤاییا ، میڤانخانا هاڤینگەهی کوژهەمی ئالا گولو گولازارو جیمەنن ٠ و لسەر رەخین جیاو بیستانا خیڤەتو مالین گەریدا لەناڤ میرغوزارا جانیی بلاڤ بوینە ٠

ژلایەکی دیڤە شەقامین راستو لەدەورو پشتین وی ئین هاتینە جاندن بداریت کاژیو تیهیرکاو سپینداران ، نەخاسمە لدەورو پشتین برکا مەلەڤانیا ٠

ئەڤ هاڤینگەهە گەلەکا ببزاڤە جونکی هەمي کنارین وی گوندن ژبەرڤی چەندی هەرا پرمروڤو کاروانی‌یي براستی سەلاحەددین هاڤینگەهەکا گەل خوشو شرینەو پتریا خوشبی ژبەرهندی کوهەمی رەنگین سەختمانگەها تیدا هەنە ٠

دیارە ، گول سەربنی خورابت دی ژرەنگی گولی‌بت ، سەلاحەددین ژی ژبەر کو پارچەکە ژکوردستانی دی هەر یا شەنگو شوخو شەپال بینت ٠

---

## بۆ بەرچاوی خوێندەواران

تکایە هەر نوسەریك ئەم خالانە رەچاونەکات ، نوسینەکەی بلاوناکریتەوە :

١ - لەسەریەك دیووی کاغەزەکە بنوسە ٠

٢ - ماوە لەنیوان ووشەکاندا بەجی بیلە ٠

٣ - تابتوانی بە نوسینیکی ریكوپیك بی ٠

institut kurde de paris

رۆژنامەکەمان لەژێر چاپا بو ئەم هەواڵەمان وەرگرت

## هەڵبژاردنی دەزگای دامەزرینەری یەکیتی نووسەرانی کورد

سکرتیری دەزگای دامەزرینەری یەکیتی نووسەرانی کورد ، بە ـ هاوکاری ـ راگەیاند کە ئەندامانی دەرگای دامەزرینەر روژی ٢٥ـ ٢ـ ٩٧٠ یەکەم کوبونەوەیان کرد پاش ریگادان بە یەکیتی • وە لەم کوبونەوەیەدا بە هەڵبژاردنیکی نهینی کارو فرمانی ئەم برایانەیان دیاری کرد :

١ ـ ماموستا جەمال بابان ـسەرۆك ـ •

٢ ـ دکتور ئیحسان فوئاد ـیاریدەدەری ـ سەرۆك ـ •

٣ ـ ماموستا کاکە مەم بوتانی ـسکرتیر ـ •

٤ ـ ماموستا حسین عارف ـمحاسب ـ •

وە لەم کوبونەوەیەدا هەندی برياری تريان داوە کە پەیوەندی هەیە بە وەرگرتنی ئەندامو ئیش کردنو خزمەتی راستەقینەی ئەدەبی نەتەوەکەمانەوە •

بەرەو ژیان



**بو ئاگاداری**

**لە لاپەرە (١٥) دووەم ستون ، حەوت دیری یەکەم لە پاشماوەی ووتارەکەی کاك حسین عارف تایبەت بە پاشماوەی تاقگەی ووشەیە ببورن •**

**پاشماوەی ( سەرکەوتن بۆ خەباتی ...**

ئوروپا بەناوی [ رێکخراوی شورشگیری پارتی تودەی ئێران لە دەرەوەی وڵات ] ، ئەم رێکخراوە باوەری وابوو کە پارتی تودە بە درێژایی دروست بونی نەیتوانی دەوری مێژویی خوی ببینیو بە ئەرکەکەی سەرشانی خۆی هەڵسێت ، وە هەر ئەو سیاسەتەش بۆتە هۆی سەرنەکەوتنی بزوتنەوەی نیشتمانی لە ئێرانا وە رووخانی حوکمی [ دکتور مصدق ] •

وە دوای روخانی حوکمی نیشتمانی مصدق لە ١٩٥٣ سەرکردەو کادرەکانی پارتی تودە دەربەدەر بوونو لە رووداوەکانی ووڵات دورکەوتنەوە •

رێکخراوی شورشگیری پارتی تودە ، کە دروست بووە ، باوەری وابوو مەیدانی خەباتو جەنگین ، وڵاتی ئێرانە ، وە ئەبێ هەموو ئەندامو کادرەکانیان بچنەوە ئەوێ وە تێکەلاو بە کومەڵانی خەلکی ئێران بن ، وە جەنگی گەلی درێژ خایەن بەرپابکەن دژی رژیمی کونەپەرستی رەزاشا ، وە لەم سالانەی دواییدا بە هەولو تەقەلای ئەم رێکخراوە لە ئێراندا بزوتنەوەی پەرەی سەندووەو بە خەباتی نوێی کومونیستی ئێران پەرەی سەندووەو بە خەباتی شورشگیرانەی رژیمی بوگەنی شای هیناوەتە لەرزین •

بزوتنەوەی نوێی کومونیستی ئێران پەیوەندی پتەوی بە کومەڵانی خەڵكو بزوتنەوەکانیانەوە هەیە ، بەتایبەتی بە بزوتنەوەی شورشگیرانەی چەکدارە شورشگیرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کوردستانی ئێراندا •

بیرواری ئەم بزوتنەوەیە ئەوەیەکە وڵاتی ئێران ووڵاتێکی [ نیمچە داگیرکراو ـ نیمچە دەرەبەگی یە ] وە پلەی شورشی دیموکراتی نوێیە ، بە سەرکردایەتی چینی کریکار ، وە ریبازی شورش پشت بەستنە بەکومەڵانی جوتیارانو دروست کردنی بنکەی شورشگیرانە لە لادێیەکاندا ، ئینجا ئابلوقەدانی شارەکانە ، بەپێی بیروباوەری هەڤال ماوتسی تونگ •

رژیمی شای ئێرانی نوکەرو بەکرێگیراو ، ئیستا لە هەموو کاتیکی تر زیاتر گەندەڵو بێهێزە، هەرگیز گیان دەرناکا لە دەست کومەڵانی خەلکی ئێران •

رژیمی شای کونەپەرستو بەسراو بە بەرژەوندی ئیمپریالیستەکانو ئیحتکاراتیان کە وڵاتی ئێران ئەروتێنێتەوە بویان ، کە جوتیاران ئەچەوسینیتەوەو بێبەشیان ئەکا لە ژیان ، کە مافە نەتەوایەتی یە رەواکانی میللەتی کورد ئەخاتە ژێر پێی بە سیاسەتی شوفینیانەی خۆی ، هەتاکو بێتو هەر چەند دامودەزگای کان یارمەتی بدەن ، روژی ئیمپریالیستەکانو سەهیونیەروخانو لەناو چونی نزیکتر ئەبێتەوە •

گەلانی ئێرانیش، بە فارسو کوردو ئازەرو کەمە نەتەوایەتی یەکانی شورشگیرانەترو ئازایانەتر رێگەی خەباتی چەکدار ئەگرنەبەرو درێژە بە خەباتی پیروزیان ئەدەن ... هەتا سەرکەوتن •

## بۆ ئاگاداری ژمارە (٩)

## لە پرۆژەکانی نەخشەی پێنچ ساڵیەوە

**( مناقسەی فراوان کردنی پروژەی ئاوی حمام علیل وە گەیاندنی ئاو بۆ گوندی قبر العبدو عریج لە محافظەزەی موصل ) •**

١ ـ بەم ئاگاداری یە مناقسەی فراوان کردنی پروژەی ئاوی حمام علیل و گەیاندنی ئاو بۆ گوندی قبر العبدو عریج لە محافەزەی موصل بلاوئەکەینەوە بەپێی ئەو مەرجانەی لەکاتی دەوامی رەسمیدا لەبەشی حساباتی بەریوەبەرایەتی پروژە گشتی یەکانا دەست ئەکەویت پاش شەهادەی ئەندامیتی بە ژووری بازرگانی بەغدا نیشان ئەدرێ بەرامبەر ـر ١٥ دینار ( پانزە دینار ) •

٢ ـ ئەوانەی بەشداری لەم مناقسەیەدا ئەکەن ئەبێ بەپێی ئامۆژگاریو مەرجەکان عەطائاتیان بدەن بە سکرتیری لیژنەی مبایعاتومناقسات لە دیوانی وەزارەت •

٣ ـ ئەمانەی خوارەوە لەگەل عەطائاتەکەدا ئەدرێت :ـ

أ ـ بارمتەی پیشەکی کە بریتی یە لە ـر ٢٥٠٠ دینار ( دوو هەزارو پێنچسەد دینار ) بە نقدی یان بە کەفالەتیکی مەصرفی کە بو ماوەی (٦) مانگ کاری پێ بکریت لەکاتی داخستنی مناقسەکەوە یاخود بە چەکیکی بروا پی کراو لەمصرفیکی ریگا پی دراو لە کوماری عیراقدا • وە ئەوعەطائاتە ئەخریتە پشت گوێ کە بارمتەی لەگەلدا نەبیت یا بە کەمو کوری و پیچەوانەوە پیشکەش بکرایت •

ب ـ نەخشەو کتەلوكوبیانو ئەو وینانەی پەیوەندیان بە عەطائاتەکەوە هەیە •

ج ـ ئەو وەصلەی مواصفاتو مەرجەکانی پێ کڕاوە •

د ـ شەهادەیەکی تازە لە بەریوەبەرایەتی ضریبەی دخلەوە یاخود وینەیەکی •

هـ ـ بەرنامەیەك دەربارەی کاتی ئیش کردنەکە •

و ـ لیستەیەك دەربارەی ئەو بەلین کارانەی بەشداربوو لەکاتی دانی عەطائەکەدا ئەیدات •

ز ـ لیستەیەك دەربارەی ئەو کارانەی بەلیندەر لەو چەشنە کردویەتی •

ح ـ وینەیەکی دانپیانراوی عقدی دامەزراندنی شەریکەوپەیرەوی ناوخوی ئەگەر بەشداربوو یاخود شەریکەکە( یاخود ئەو دامەزراوە بازرگانی یە لە کەسیك زیاتر بوو ) •

٤ ـ عەطائات هەتاسەعات (١٢)ی نیوەروی روژی شەممە ریکەوتی ٢٥ـ٤ـ١٩٧٠ وەر ئەگیریت یاخود روژی دوای ئەوەئەگەر روژی تەواو بوونی مناقسەکە بەر عطلەی رەسمی کەوت • وە بەشداربوو ئەتوانی روژی کردنەوەی عەطائات لەکاتی کردنەوەدرا ئامادەبیت •

٥ ـ هەموو بەلیندەریك بۆی هەیە لەم مناقسەیەدا بەشداربیت ئەگەر شەهادەی تصنیفی بەلیندەرانی هەیبت •

**گشتی یەکان**
**بەریوەبەری پروژە**

institut kurde de paris

# هاشمی لەجیاتی سەرەک بکر کۆنگرەی پیشەسازی کردەوە

ژمارە (٨)
هەینی
٦-٣-١٩٧٠
نرخی « ٢٠ » فلـس
سالی یەکەم

# هاوکاری
التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە
دەزگای گشتی چاپەمەنیو بلاوکردنەوە دەری ئەکا
تلفون : ٦٩٧٢١
لەجیاتی سەرنوسەر :
مونذر عریم

## ئەنجومەنی ناوەندی یەکیتی گشتی کریکاران چەند بریاریکی شۆرشگیرانەی داوە

# هیرشیکی سەرکەوتوی فیداکارەکانی بەرەی رزگاری عەرەب

institut kurde de paris

### کردنەوەی کۆنگرەی پیشەسازی



بەریز خالد مکی هاشمی وەزیری پیشەسازی لە رۆژی سێشەمەی ڕابوردوا لەجیاتی سەرەك کۆمار احمد حسن بکر کونگرەی حەوتەمی پیشەسازی لە ژیر دروشمی ( پیشەسازی لەپیناوی تیکوشان )دا کردەوە وە لە ئاهەنگی کردنەوەی کونگرەکەدا چەند وەزیریكو چەند بالویزیکی عەرەبو بۆگانە ئامادەبون ، لەگەل هەموو کاربەدەستانی وەزارەتی پیشە سازی .

وە بەریز وەزیری پیشەسازی ووتاریکی دا تیا داوای هەولدانی کرد بۆ رزگاری ئابورە نیشتمانیمان .

### هیرشی سەرکەوتوانەی فداکارە عەرەبەکان

قسەکەریکی سەربازی فەرماندەی تیکوشانی چەکداری فلسطین بلاوی کردەوە کە کۆمەلیکی هاوبەش لەهیزەکانی بەرەی میللیو بەرەی رزگاری عەرەب هیرشیان بردۆتە سەر دەبابەیەکی دوژمن لە سەربازگەیەکی نزیك ژیردەستەی « کفار روبین » ، وە لەئەنجامی ئەمەدا شەریکی بەهیز لەبەینی فداکارەکانو هیزەکانی دوژمنا قەوما کە لەکوتاییا دوژمن توشی زیانیکی گەورە بو .

## ریرەوی هاوکاری

بریارەکانی ئەنجومەنی ناوەندی یەکیەتی گشتی نیقابەکانی کریکارنو پشت گیری کردنی چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کوردمان ، سەرەرای ئەوەی هەلویستیکی شورشگیرانەو پیشکەوتووە ، هەروەها سوور بونیکی تری جەماوەری زەحمەتکیشی وولاتەکەمانە ، خاوەنی بەرژەوەندی راستەقینە لە چارەسەر کردنی هەموو گیروگرفتەکانی وولاتو پیشکەوتنی ، لەسەر ئەوەی مەسەلەی نەتەوایەتی کورد ئاشتیخوازانەو بەشیوەیەکی پیشکەوتوانە چارەسەر بکری کە دەستەبەری مافە نەتەوایەتییە رەواکانی میللەتی کوردمان بکات .

ئەم سووربوونەی گەلی عیراقمان بەگشتی، کە لە ریگای ریکخراوو نیقابەکانی دەری خستووە ئەوە رون ئەکاتەوە کە گەلی عیراق بەگشتی لەوەگەیشتووە مروفی کورد چەوساوەو وماف زەوت کراو وولات پارچە پارچە کراو بووە ، وە هوی سەرەکی ئیمپریالیزم و نوکەرەکانی بوون کە دوژمنی میللەتی عەرەبی براو هەموو میللەتانی سەر روی زەمینن ، وەئەم دوژمنە دورندە تاوانبارە توانیویەتی بەهوی سیاسەتە

بروانە ل ١٥

### بەرنامەیەکی یەکگرتوو

لەم روژانەدا سەروکی ئەنجومەنی نیشتمانی فەلەستینی لە عەمان رایگەیاندوە کە لیژنە تەنفیزی ریکخراوەی رزگاری فەلەستین دەستی کردوە بە ئامادەکردنی بەرنامەیەکی کاری فراوانی یەکگرتوو کەگشت ریکخراوەکان بگریتە خۆی .

هەروا سەروکی ئەنجومەنەکەدەری خست کە سەرکردایەتی یەکگرتووی هەموو ریکخراوەکانی فیداکار هەنگاویکی زلەو کردەوەیەکی پیروزە بو بەرز کردنەوەی ڕادەی تیکوشانی چەکدارانەی دژی دوژمنکاری سەهیونی .

● لە (١)ی ئەم مانگەدا نوینەریکی کریکارانی نەووت و مەعدەن بەرەو بولگاریا کەوتنە ری . بو ئامادە بوونیان لە دەوری روشنبیری ، کەدا لە صوفیا ئەبەستری لەسەر خوستنی یەکیەتی گشتی نەووتو کیمیا ...


### یەکیتی گشتی کریکاران پشت گیری چارەسەری بەئاشتی مەسەلەی کورد ئەکات .

### بەهیز کردنی هاوکاری لەگەل کریکارانی عەرەبو جیهان .

بەریز محمەد عایش سەروکی ئەنجومەنی ناوەندی گشتی نەقاباتی کریکاران لەگفتویەکا لەگەل ئاژانسی دەنگوباسی عیرقیدا ، ووتی ئەنجومەنی ناوەندی بروسکەیەکی رازیبوونی خوی بو سەرکردایەتی شورش نارد ، دەربارەی ئەو هەنگاوانەی بو بەرژەوەندی جەماوەری کورد نراون وە هەول دانی بو چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد بەشیوەیەکی دیمکراتیو ئاشتیانە .

هەروها نەخشەیەکی داناوە ئەگونجی لەگەل ئەرکە گرنگەکانی سەرشانی چلنی کریکارانی عیراقدا بو قوناغی داهاتوو ..

### عماش کرا بەسەرۆکی ئەنجومەنی بازرگانی



لە هەفتەی ڕابوردودا فەرمانیکی کۆماری دەرچو بەدانانی فرایق رکنی یەکەم صالح مهدی عماش ئەندامی ئەنجومەنی فەرماندەی شورشو وەزیری ناوخۆ بەسەرەکی ئەنجومەنی ریكخستنی بازرگانی ناوخۆو دەرەوە .

# شۆرشی ڕۆشن بیری لە چین دا



## دوو روانگەی روشن بیری

ووتمان هەر سیستەمێك فەلسەفەی تیوری خۆی هەیە، هەروەها میسالییەتەکانی کە پشت گیری ئەکەنو پاڵی پێوە ئەنێن بو ئەوەی بتوانێ جەماوەر لە دەورو پشتی خۆی کۆ بکاتەوە ، وە لە باسەکانی رابردودا هەردوو روانگەی سەرمایەداریو سوشیالیستی لە وێژەو هونەرو پەروەردەمان خستە بەرچاوی خوێنەری بەرێز لە چوار چێوەی مێژوییو واقعی ئاسان کراو بو ئەوەی جەنگی روشن بیری نێوان ئەو دوو رێچکەیە رون بێتەوە .

بەلام لە راستیدا ( تبریر ) کردنی شورشی روشن بیری بەو بەرچاو خستنە نزیكمان ناکاتەوە لە سروشتی زورانی فکری لەم چەرخەی ئێستامان بویە ئەبێ ئێمە لەروانگەی هەر لایەك لەمانە بگەین لە وێژەو هونەرو پەروەردە وە بزانین تاچرادەیەك پەیوەندیان بەسیاسەتەوە هەیە بو ئەوەی لە ئەنجاما لە مەبەستو ئانجامەکانی شورشی روشن بیری بگەین ، نزیك ترین رێگە بو ئەو تێگەیشتنەش ، شی کردنەوەو ناسینی ئەو دوو سیستەمەیە .

## کەوابو سوشیالیزم چی‌یە ؟

سوشیالیزم تووانەوەی چینەکانە لەناو کومەلێکا کە نرخی مروڤ بەقەدەر ئیشەکەیەتیو نرخی کارەکە بەقەدەر پێویستی‌یەتی .

لەهەر یەکێك بەپێی توانا و بو هەریەکێك بەپێی ئیش کردن هیچ مروڤێك مافی چاوساندنەوەو بەکارهێنانی کەسی تری نی‌یە لەپێناوی بەرژەوەندو سوودی تایبەتی خۆی ، هیچ کەسێکیش بوونو قازانجی تایبەتی جیاواز نی‌یە لە بوونو قازانجەکانی کومەل بەگشتی .

کامەرانی ، کامەرانی کومەلیش لەهی کەسەکانیەتی چونکە کومەلی کامەران ئەوەیە کە تاکە تاکەی خەلك کامەران بن ، وە موبەرراتو هۆیەکانی ئەشکەنجەو ئازار بەهۆی بەدبەختی هەندێکی تر تیا نەمابن .

بێ گومان بو دامەزراندنی ئەم کومەلە پێویستە هەموو ووزەو توانای مروڤایەتی بخریتەگەر لە بەرهەمهێنانو هەلتەکاندنی چونیەتی تێ گەیشتنی چینایەتی لە نرخی ئیش کردنو لەپێناوی زالبون بەسەر هەموو چینەکانو توانەوەیان کە ئەمە ئەو جورە چینەش ئەگرێتەوە کە لەسەر میسالیاتا ئەژیتو گرنگی ئەدا بە ( تخصص )و بە بەشێکی پیروز لە میسالییەتەکانی خۆی دائەنێ .

بێ گومان ئەو کومەلەی بە چەوساندنەوەی مروڤێك لەلایەن مروڤێکی کە رازی نەبێ ، هەرگیز بە چەوساندنەوەی بێگانەش رازی نابێ ، وە کومەلی سوشیالیستیش کومەلێك نی‌یە لە پولا دروست کرابێو هەروەکو ئالەت بێ ، بەلکو کومەلی فکرو فەلسەفەو بیرکردنەوەیە ، کومەلێکی واقعی‌یە ، میسالییەتەکانی خۆی لە کانگای واقعی ژیانو ئامانجە پیروزەکانی خۆی وەرگرێت .

کومەلەکانیش وەکو مروڤ، بەچەند دەورێکدا ئەروات ، منالی ... تافی هەرزەکاری، گەورەبون ، وەشورشی بەردەوام چارەسەرێکی خوپاراستنی هەمیشەیی ئەدات دژی پیربوون مردن ، وە هەروەکو کورپە پێویستی بە چاودێریو پاراستنی هەیە لەنەخوشیەکان هەروەها کومەلی سوشیالیستیش پێویستی بەو خۆپاراستنەی هەیە ، وەهەر وەکو مروڤی نەخوش ئەبێ قایل بێ بە ( تحکم ) کردنی دکتور کە شێوەیەکی دکتاتوریەت وەرئەگرێ، لەپێناوی پاراستنی تەندروستی خۆی ، ئەتوانین هەمان زاراوە،واتە دکتاتوریەت بەکاربێنن بو قوناغەکانی

نووسینی :
عبدالرحمن ابوقوس
وەرگێڕی : پ

پاراستنی سوشیالیزم .

بەلام واقع ئەوەمان بو دەرئەخات ، کە خۆ پاراستن سروشتێکی روت ( مجرد ) نیە لە کاریگەرەکانی دەرەوەی بویە مەسەلەی بەرگری کردنە لەبوونی خۆی ، نەوەك تەحکمو دیکتاتوریەت .

پاراستنی دەسکەوتەکانی سوشیالیستی لە دوژمنەکانی، هەمان شیکردنەوە ئەگرێتەوە کە بو خوپاراستنی مروڤ لە نەخوشیەکان ئەکرێ . وە دیکتاتوریەتی چینی کرێکاران وەکو دکتاتوریەتی دکتورەکەیەو ئەگەر دوژمنەکانی سوشیالیزم وازیان لەپیلانە فکریە گلاوەکانو جەنگی‌یان بهانیبایا ، هیچ پێویستێك بەهیچ جورە دکتاتوریەتێك نەئەما .

بەلام لەتوانای هیچ مروڤێك نی‌یە وە هەروەها هیچ سیستەمێك کە دەستەو ئەژنو بوەستێ بەرامبەر بە چەکە هەلتەکێنەرەکانی دوژمنانی .

هەرکەسێکیش داوای نەمانی دکتاتوریەتی چینی کرێکاران ئەکات ، ئەو کەسەیە کە داوا ئەکا مافی خۆ پاراستنەوەی مروڤ بەرامبەر دوژمنێکی چەکدار نەمێنی .

ئەمەیە سروشتی سیستەمی سوشیالیست .


بەلام بۆ وە چون سیستەمە سوشیالیستەکان هەل ئەقولێن؟

★ ★





institut kurde de paris



# هونەر

هونەر ژیانو کـــردەوەو خەباتو داهێنانە ، پیش کشت شتێك پەیامیكی نەمــرە بەرلـــەوەی وەستایـەتیو خۆهەلکیشـانو ســینگ دەرپەڕاندن بێ • ئەم چەرخـەی ئێمەش ، جەرخی ڕاپــەرینو بێدار بــوونەوەی و یژدانو مرۆڤایەتــی مرۆڤــە ، ووشیارییەکە کە میللەتانــی ناچار کردوە کە بەچاوێکــی فراوان ترو قوول ترو بەربن‌تر سرنج لە ژیان بدەنەوە و زیاتر وورد ببنــەوەو پتریشی لێ تێ‌بگەن ، بۆیە ئەو ڕاستییــە خۆی بەسەر هونەرمەنــدا ســەپاندوە .نا بەلکــو بەگەرمیو بەتوندی داوای لــێ ئەکرێ کە بەگـــۆرانیو ئاوازە کانی بە پەرەموجو تەلو کەوان پێنووسو تابلۆیەکانــی ، ڕەنگ ڕێژی گیروگرفتــی میللەتەکەی بێت ، لــە قوولو ناسکتـــرین شێـــوەیدا •ـ پەیغەمبەرێکی ڕاستەقینەی بــێ کە هەست بە پەیامەکەی بکات ڕادەی بەرزیو نزمی هـــەر هونەرمەندێیش تەنیا بەوە دەس نیشان ئەکرێ کە چەندو هەروا چۆن توانیویــــەتی پەنجــە بخاتــە ســـەر زامو ئازارو ئەشکەنجەو نەخۆشی یەکانــی کۆمەلەکــەی • خوورەوشتو زمان و کـــەلە پوورو میراتو شارستانی ، سۆزو ئـــاوات و بەرژەوەنـــدی و ئامانـــج و دوارۆژ گشتی‌یان بەتێکرایــی کەرستەی خاوی هونەرمـــەندە ـ هەر هونەرمەندێك ـ جـــا چ لەشێوەی دەنـــگ بێ یـا نووسینو کردەوە بێ ، ئەمانە بە جەمسەریانەوە ســەرچاوەی داهێنــــانن ، هیـــچ هونەرمەندێکیش ناتوانــــی نەمری‌ی خۆی مسۆگەر بکــات ئەگەر بەتەواوی لەم ڕاستی‌یـە سەری هەل نەدابێـــتو ئاوی زولالی ئەم کانیاوەی فڕنەکردبێ زۆر ئاشکـــراشە هـــەر بەرهەمێکیش کـــە موچرکــی گێیانی نەتەوەو کۆمەلی لەگەلا نەبێت وەك بلقی ســـەرئاوە وەك کەفەژیلـە بێ بەهایە ، تەنیاو بەس بۆ دەلاقەی عەنتیکە خانەکان ئەشێ •

## هاوکاری لەگەل : هونەرمەندانی عەرەبا





لەم دوایی‌یەدا هەندێ لــە هونەرمەندانی وولاتەکـــانی عەرەبی لە بەغدا ئامادەبوون و چەشنەها ئاهەنگی قەشەنگیان لەســـەر شانۆی سینەمای سمیرامیس پێشکەش کرد ، لەم هونەر مەندانەش صباحو محمد رشدی و احمد غانم و محمد سلمان و جاکلین مونرۆ ، پەیامنێری هاوکاری ئەمـــەی بەهەل زانیو لەگەل هونەرمەند محمدرشدی دوواو ئەمووتارەی لێ‌وەرگرت : ( دووجـــار گەیشتومەتە دیداری بەغدای ئازیز پێویستە لەسەر هونەر-مەندانی عـــەرەب وکورد روو بکەنە سرودی شۆرشـــگێری بەجورێ کە میللەتی پێ هــان بدەن و دوژمنانی پێ ڕاوینێن • پێویستە لەسەر هونەرمەندان کە بەریەرەکانی ئەو گورانی‌یە نەرم وشلو زەنانەیە بکـــەن کە لە گۆشەیەکی تەســـکی تاکەکـــەسی یەوە دەرئەچێ • گۆرانی بۆ گەل بلێین تا ڕوژی سەرکەوتن • بەخواســـتی یەزدان لەفەلەســـتینی ئازیزا ئەبێ سرودبلێین بۆ کـــاروانی رزگاری • لەم دوایی‌یە گوێم لەچـەند گورانی عیراقی‌بوو لـــەتەك چەندەها گورانی عەرەبی زۆر سەرسام بووم بەگورانی کوردی کەئاوازەکانی زۆر لـە ئاوازی گۆرانی هینـــدی ئەکاو زۆر خۆمالیو فولکلوری دیارن • سوپاسم بۆ هاوکاری ئازیز، .نیازخوازی سەرکـــەوتنو پێشکەوتنیمە لەکاری نیشتمانیا شان بەشانی براعەرەبەکانیان بۆ سەرخستنی فەلەستین و راونانی ئیستعمار •

# پیاوی گەل

نوسینی : ظاهر محمد



یەکەم جار بوو لە مۆسکۆ ، سیمفونی یانزە هەمینی بـــە ناوبانگ ( شوســتا کوفیچ ) پێشکەش کرا لــە ژێر ناوی ١٩٠٥ ، لــە کونسرڤاتواری مۆســـکۆ • دەنگو ئاوازی بەگەرمو جۆشی ئەم بەرهەمـە دلتەنگیو رقو کینەی خەلکـە ساوایلکەکانی دەرئەبڕی هەروا خەونو ئاواتو کامــەرانیو نیازو ئامانجیانی ئەدایە دەست دەردەنگی سەربەستیو ئازادی گوێ کەشکەشانی کـــەڕ کردبوو •

ئەوەی‌ئاشکرایە ئەم بلیمەتە هونەرمەندیکی‌میللی(یەکگرتووی شورەوی‌یە ) وەخوشەویست ترین مۆســیقارە لەناخو دلی هەموو مرۆڤێکی ئەم سەردەمە•

مۆسیقا سیمفونیەکـەی یا ( چوارچواریەکەی ـ رباعی ـ) کەپێك هاتوە لە چوار ئالــەت بەئاسانی لە لەندەنو پاریسو رۆمـــاو .نیویورك و پراگو پەکین ئەتوانرێ گوێ لێ‌بگیرێ•

( شوستا کوفیچ ) بەهێمنیو لەسەرخۆییو رەوشتی بەرزی ناسراوە ، بەجۆری لە ئاهەنگە-کانیا زۆر دلتەنگ ئەبێ ئەگەر هات و چەپلەی بۆ لێ‌درا •

پێش ماوەیەکی کەم ئوپیرایەکی کــورتی داناوە ، بـەناوی ( مۆسکۆ جبریموشکی و زور داهێنەرانەش لە ـ اخراج ـ دا سەرکەوتوە ، ئەم ئوپیرایە لـە تەواوکــەری ئوپیرای (خۆڤا-نشینا)یەکە ئەیەوێ هەردوکیان بکات بەفلیمێکی ســینەمایی دوای کورت کردنەوەی •

ئەم هونەروەرە بەهرەدارە ، ئەندامی ( لێژنــەی ئاشــتی سۆڤیاتی )و سەروکی (کومەلی سوڤیەتی ـ نەمساوی )یــە ، هەروا نوێنــەریشە لــــە ( ئەنجومەنی بەرزی یەکیـەتی ڕوسی ) •

( شوستا کوڤیچ ) رۆلـەی گەلو ڕابەری هونەرمەندانە لە نیشتمان پەروەری‌دا ، بەرەگو ئێسقانو گیانیەوە بەمیللەتە-کەی بەستراوە ، هونەرەکەشی لە جەرگەو واقعی گەلەکەیەوە هەلئەقولی وســەر دەرئــەدا ، بۆیــە وا بەبایەخ و بەنرخو بەرزی‌دیتە بەرچاو ••!

**تێبینی : لەژمارەی داهاتودا « گفتوگویەك لەگەل هونەرمەند ظاهر محمد بلاو ئەکەینەوە » •**

**[ لاپەرەی هونەر ]**

# دیەرەیەکی نەمرلەفولکلوری کوردی

**تابلۆیەکی فولکلور پێشکەشی هونەرمەندانی فولکلوری کورد بیت**

## گۆرانی تەنکێ

تەنك تــەنك تــەنكی
منـــدالی دل فینــکی
بـــەدەرزیلـەی لێ داوە
سوخمە لەســەر مەمکی
سەرباری هەموو غــەمان
تەنك بێنــە و ماچـەکی

●

هاتم لـــەلای بێتواتێ
دایکی لێ‌ینـا ســاواری
بەخوای ناوێرم بیخـــۆم
دەرمـــان ریوایم دەداتێ

●

هاتم لـــەلای بێخاری
دایکی لێ‌ینـا ســاوای
بەخوای ناوێرم بیخـــۆم
دەمداتێ ژەهری ماری

●

لەهەولێر بەرێ کەوتم
گەیشتمە شـــــەقلاوە
لــــە لۆفەی سورامەوە
یارەکــەم ڕاوەســـتاوە
بەدل سەلامم لێ‌کــرد
بەچاو ( علیك ) ی داوە

●



institut kurde de paris

# ئافرەت



# وێنەو هەواڵ



دکتورە سعاد خلیل اسماعیل وزیری خوێندنی بەرز لــە بنوسگەی ڕەسمی خویا چاوی کەوت بە ڕۆژنامە نوسـی لبنان دەولت علی وە چـاو پێکەوتنەکەی نیو سـەعاتی خایان ۰

●

## ووتە

### ئافرەتانی کوردو ڕۆژی ئافرەتی جیهانی



**خوشکی بەڕێز :**

**لەهەشتی ئـەم مانگەدا ،جەژنی ئافرەتانی جیهانە ۰۰۰ ئافرەت ، کـەنیوەی دووەمی کۆمەڵەو شایانی ئەوەیە ڕۆژیکی تایبەتی هەبێت ، تیا جـەژن بکرێتو بـەرزیو بـەرێزی ئافرەت بسەلێنت ۰۰۰**

گومان لەوە دانیە ، ئافرەتی کوردیش ، کـە بەشداریەکی مەزنو پرشانازی کردوە لـەخەباتی سـەختی نەتەوەی کوردداو شان بەشانی براکانی کەم تەرخەمی نەکردوە لە بەجێ هێنانی ئەرکی پیرۆزی سـەرشانی لەم ڕووەوە ، دیسـان خەباتی ئـەم ڕۆژگارە نوێشانی لەم ڕووەوە ، دیسان لە چاوکـراوە تر بوە و زیاترشارەزای پەیاکردوە و بـەم جورە ئاگاداری ژیانی گـەلانی دۆستو گەلانی تیکوشەربوەو کەم تەرخەمی نەکردوە لـەدەرخستنی هاوکاری و پشت گیریا بۆ خـەباتی ئافرەتانی جیهان ۰

**ئەمرۆش بەشـانازیە وەجەژنی ئافرەتانی جیهـان ، ئافرەتی کوردیش ئەگرێتەوەو بەم بۆنەیەوە خوشکانی کورد بانگ کراون بۆ زیاتر هەستکردن بە ئەرکی پیرۆزی سەرشانیان لەبەشداربونی ڕاستەوخوی خەباتی پرشانازی نەتەوەی کورد بۆ زیاتر بەرەوپێشـەوەچون ۰**

وەئەوەش لەیاد ناچێت کـەئافرەتی کورد لـەم ڕۆژە دا زیاتر پشـتگیری خـەباتی خوشکانی عەرەب بەکـەن بەگشتیو خەباتی ئافرەتی فەلەسـتین بەتایبەتی دژی ئیمپریالزمو سهیونی داگیرکەرودەنگ ئـەداتە پاڵ دەنگ ئافرەتانی جیهان بۆ نارەزای دەربرین بەرامبـەر دەست درێژی نارەوای ئەمریکـای گوناهبـار بۆ سەر گـەلی ڤیتنامی قارەمان و پیروزبایی خـەباتی بێوچانی ئافرەتانی ڤیتنام ئەکات ۰

# بانگەوازی ئافرەتانی ڤیتنام

یەکیتی ئافرەتانی ڤیتنـام نامەیەکی کراوەی ئاراستەی ئافرەتانی جیهان کردوە بـە بۆنەی نزیك بونـەوەی ڕۆژی ئافرەتانی جیهانەوە ، تیـا ئافرەتانی جیهان بانگ کراوە بۆ زیاد کـردنی یارمەتیو پشتگیریان بۆ گەلی ڤیتنام لە خەباتیـا دژی دەست درێژی ئەمریکا ، وە بۆ رزگـاری نیشتمانەکەیان ۰

وە نامەکە ئەلێ : حکومەتی ئەمریکا تائیسـتە نایـەوێت هێزەکانی لەڤیتنام بکێشێتەوە وە بەردەوامیشە لەدەست درێژی کردنی بۆسـەر ڕێزی ڤیتنامی دیمکراتیو کوسپیش ئەخاتە ڕێگای گفتوگوکـانی پاریس بۆ چارەسەری مەسەلەی ڤیتنام ۰

لەکوتایی ووتارەکەدا ئەڵێ لەگـەڵ لاساری دەزگا حکم ڕەواکانی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا ، تیکوشانی گـەلی ڤیتنام کـە لەلایەن هەموو ئافرەتانی پێش کـەوتن خوازی جیهانو هەموو گەلانەوە پێشـ گیری ئەکری هەر سەر ئەکەوێت



## ئاهەنگ بەبۆنەی ڕۆژی ئافرەتانەوە

مەڵبەنـدی ڕۆشـن بیری سوفیەت لە بەغدا بانگایشـی زۆر لە ڕیک خراوەکانـی ئافرەتانو کۆمەڵایـەتی عیراق کردوە بۆ ئامادەبون لـەو ئاهەنگەی مەڵبەندی ناو براو ئەیگیری بە بۆنـەی جـەژنی ئافرەتانی جیهـانەوە ۰۰۰ لەسەعات ٥ی ئێـوارەی دووشەمەی ٩ی مارتدا ۰۰۰

# ئافرەتانی وولاتە سۆشیالیستەکان



ئافرەتانی وولاتـە سوشیالستەکان سەرلـەنوێ یەکبونی خـەباتی خویـان لەپێناوی ئاشتیو دیمکراتیو پێشکـەوتندا سەلمانـدەوە ۰ ئەمەش لەو کۆبونەوە پێنج ڕوژیەی « ڤالنتینا تیریشکوفا » یەکەم کەشتیوانی ئافرەت « لە یەکیتی سوفیەت » بـە ووتاری کردیەوە ، تیا باسی تاقـی کردنەوەی ژیانیو خەباتـی ئافرەتـانی وولاتـە سوشیالستەکانی کرد ، وە لەم کۆبونەوەیەدا وەفدی ئافرەتانی هەموو وولاتە سوشیالستەکان ئامادەبون ، بێجگـە لـە نوێنەرانی ئافرەتانی وولاتانی تری جیهان ۰

وە « تیریشکوفا » سەرەکی لیژنەی ئافرەتانی سوفیـەت ئاشکرای کرد کـە ئافرەت دەوریکی گرنگو مەزن ئەبینێ لە خەباتی چینـایەتیدا دژی ئیمپریالزم وە لە هەمـوو جولانەوەیەکی پێش کەوتوانەدا، وە ئافرەتە کۆبووەکـان بریاریاندا یارمەتیدانی گـەلی ڤیتنام بکەنە پێویستی یەکەمی سەرشانیان لە گەڵ هاوکـاری گەلانی وولاتە عەرەبەکانا دژی دەست درێژیەکانی ئیسرائیل وە هاوکاری بۆ خەباتی هێزە پیشـکەوتووەکـان دژی کۆنەپەرستیو جـەنگ ۰

* *



● دیاری مستەفا



● ڕێبوار ڕەمەزان

جوانترین منداڵ

institutkurde de paris

# ٧ خۆرکی هەژار



طاهر صالح سعید

ئەو هەفتەیە سەرانسەر بارانو تەڕوو تووشی بوو ، بەڕادەیەکی وا ناچاری‌نەبووایە کێ بیری لـە چوونە دەرەوە ئەکردەوە • ئاشکرایە ڕۆژانی وا ڕێگەی ئیش و هەلپەی نان پەیداکردن لـە زۆر کەس ئەگرێتو لەگشت کارێ‌کیان ئەکات،زیاتر ئەوانەی خۆشیان نەبێت هیوای پەیداکـردنی نانێکیان نابێت •

مامەولای بۆیاخ چیو بـە سالاچوو و تێقوپاو و ڕەنگـ زەردی دەستی هـەژاری بۆ هەفتەیەکی دوورو درێژ ئەچوو باران بواری .نـەدابوو ئەوەی پێی بلێ‌یت فلسە سوورێك بە بۆیاخ چێتی پەیدای کات دیارە ئەمەش یەکجار پێوەی دیاری ئەداتو سەری دنیـای لێ ئەهێنێتەوە یەکو ئەیخاتە بیرو لێکدانەوەی ئەوەی مشـووری شتێك بخوات تابەهۆیەوە ئەو ماوەیەی پێ بەڕێ‌کات تا خوا دەروویەك ئەکاتەوە •

بۆ ئەو مەبەستە لـە نزیك مەقەلیە بچکۆلەکەوە چیچکـەی کردبوو ، چـاوی بڕی‌بووە پشکۆکانیو هەموو هەسـتو هۆشی ئاراسـتەیان کردبوو و لە گۆمی قوولی لێکدانـەوەدا بوو کە خێزانەکەی هێنایـەوە سەر خۆی بەوەی پێی ووت :

● کابرا تۆ چ سوودێك لە دانیشتن ئەبینی ، دەهەلسـە سەر پێ بۆ ئەوەندە لەش‌گرانی برۆ بەلکە ئەمە خوایە بە هەر کارێك بێت شتێك پەیاکەیتو بیدەی بە چەند نانێكو لەگەل خۆتا بیهێنی‌تەوە • خۆ ئێمـە برسێتی ئـەم هەفتەیە پـەلو پۆی شکانین •

بۆیە نەختێـك بێ‌دەنگ پاشان لەسەری ڕۆیشت‌کەزانی کابرای مێردی ئـەوەی پێی بلێ‌ی جوولە بۆی ناکات :

● بەزانی خوا تۆ وا بکەیت وا بزانم لە برسانا ئەمـان کووژی ••• مامەولا لەسەرخۆ ئاوڕێکی لێ‌دایەوە ، بەدووایدا هەناسـەیەکی ساردوو سـڕی هەلکێشاو ووتی :

● کچێ ئافرەت ئاخـر بۆ کوێ‌بچمو ڕووبکـەمە کوێو چی‌بکەم ؟ حەمـالی‌یە بەمن ناگرێو لـە هێزو توانای منانی‌یە ، ئێ قەرزیشە خەلکی بەمنی نادا بەوەی هـەژارمو پیاوی هـەژار جێی بڕوای خەلکی .نین • چی‌تر هـەیەو نەی‌کەم ؟ دە فەرموو ڕێگەیەکم بۆ دانێ •

بە دووای تاوێك بێ‌دەنگی‌دا لەسەری ڕۆیشت :

● بچم سوال بکەم ؟ بـە درێژایی ژیانم دەسم لەکەس‌پان نەکردووەتەوە • ئێستاش بەم ئاخری پیری‌یەوە ئەگەر مردووم پانی ناکەمەوە •

ئەمـەی ووتو بێ‌دەنگ بووەوەو چاوەکزە بێ‌تینەکانی بڕی‌یەوە ئەو چەند پزیسکە ئاگرەی لە مەقەلی‌یە کـەدا بەرەو مردن ئەچوون • کـە مابوونو بەچەشنی ژیانی ئەمان خێزانەکەی قسەکانی سەلماند بەوەی سـەرێکی بۆلەقانـدو پاشان هاتە قسە :

● نازانم بلێم‌چیو ڕووبکەمە کوێ ، قیروسیا لە خۆمان هەر چۆنێك بێت دان بەخۆمـانا ئەگـرین تا خوا دەروویـەك ئەکاتەوە ، ئەو دوو منالـە برسێتی کوشتنی دایکیان‌کوێر بێت •

بۆ کەمێـك بێ‌دەنگ بوون ئینجا بـە پەرۆشـەوە ڕووی وەرگێرا بەلای هەردوو منالەـ کەی داو دووای ئەوەی ئاهێکی دوورو درێژی‌هەلکیشا لەسەری ڕۆیشت :

● سەیری ڕوویان کـە دایکیان گیانی دەرچێت ئەلێی لەگۆڕ دەرت هێناون •
ئەمـەی ووتو بە لەشـێکی قورسەوە هەستاو بـەرەو دەرگاکە چوو ، سـەرێکی کێشایە دەرەوەو بەبێ ئارامی چاوەکانی بڕی‌یە ئاسـمانو لەبەر خۆیەوە یەك دوو بۆلەی بۆکرد و سەری هێنـایەوە ژوورەوەو دەرگاکـەی توند جووت کردەوە وەکو بلێ :

● خوای گـەورە بەزەیی‌ـ یەکت بە هەزاران هـەژار وکلۆلی وەك ئێمەدا بێتەوە و بەسـیەتی دەروویەکمان لێ‌بکەرەوە •

پاش ئەمە بە لەشێکی خاوو خلیچکەوە هـاتو لـە‌نزیك مەقەلی‌یە ساردو سڕەکـەوە چیچکەیەکی بۆکردو کـەوتە چاوگێڕان بە ژوورەکـەدا وەك بە دووای شتێکدا بگەڕێ کـە لەپڕ بە دەنگێکی بەرزەوە هاتە قسەو ووتی :

● هەستە پێ پیاوەکـە هەستە ئەوەندە لەش‌گران مەبە هەستە ئەو بـەڕە شڕەت بۆ بپیچمەوە بیخە بن دەسـتو بیبەرە بازار بەلکە ئەمە خوایە ئالمو ساتمی کەیتو بەگورجی بیدەی بەشتێك وبیهێ‌نیتەوە تا دنیا تاریك نەبووە •

بۆ ساتێك وەستا ، پاشان بەردەوام بوو لەسەر قسـەـ کردن :

● ئێمە وا پالی لی‌بدەینەوە ئەبێ چاوەڕێ‌ی مەرگ بکەین•
مامەولا چاوەکانی بەسـەر سامی‌یەوە تێ‌بڕی‌و کـەوتە سەربادان بێ ئەوەی هیـچ ووتەیەك لەدەمی بێتە دەرەوە •
ئەم بێ دەنگی‌و نەبزوانەی ئەو دەماری خێزانەکەی گـرژ کرد بۆیە قیژانی بەسەریا :

● ئەری ئەوە من لەگەل‌تۆم نی‌یە ؟ بۆ ڕاست نابیتـەوە ؟ ئاخر هەر لـە ئەووەلەوە وا لەش‌گران بوویتو .نەت‌توانی **ئیشێك بکەیت لە ئیش بچێت** تا ڕوژمان گەیی بەم ڕۆژە •
مامەولاکە تێ‌گەیی خێزانەکەی سوورە لەسەر قسەکان نەختێك زیاتر لە مەقەلی‌یە سـاردو سڕەکە نزیك بووەوەو بـە پەنجـە قلیشاوو ڕەشـ داگەڕاوەکانی کەوتە تێکدانـی خۆلەمێشەکەو ووتی :

● کچێ ئافرەت ئەمـە تـۆ ئەقلت لەکوێ‌یە ؟ گریمان وامن ئەو بەڕە شڕەشـم بردە بازار چی‌ئەکا • خەلکی پارە ئـەدا بەوە ؟ دووای یەك دوو جـار نەرمە کۆکە لەسەری ڕۆیشتەوە:
● وا ووتمان کردیشی ئەی ئەم سێو چووار مانگـە ساردو سۆلەیە چی بکەین ؟ لە سەر زەوی‌یە رووتەکە بکەوین؟ وەلّلا هەر ئەمەمان کەم بوو •



لەوە ئەچوو خێزانەکەی قسەکانی ئەوی بەلاوە راست بێ ، بۆیە لەوە زیاتر لەو رووەوە لەسەری نەرۆیشت ئەوەندە ،نەبێت کە لە شێوەی پاڕانەوەدا پێی ووت :

● کە ئەوەش ناکەیت دەهەستە بچۆ مشووری قەرز و قۆلەیەك بخو . هەزار ئەناسیتو یەکجار ئەوەندە دەستە و ستان نیت . زۆر هەن کە بۆیاخیان بۆ ئەکەیت روو لە هەرکامیان بنییتو حاڵەکەیان تێ گەینی بە دەنگتەوەیەنو دڵێکیان پێت ئەسووتێ و ئەوەندەت هەر ئەدەنی لەم رۆژە رەشی یە رزگارت کەن . مامەوڵا بەدووای نەختێك بیرکردنەوەدا لەسەر خۆ دەمی هەڵهێنایەوەو ووتی :

● کچی ئافرەت ئەمە تۆ ئەڵێی چی؟ کێ قەرز ئەدا بەمنو کەی من خەڵك ئەناسم . کابرایەك یەتو قاچی دائەنێو من پێڵاوەکانی بۆ بۆیاخ ئەکەمو لێی ئەدا ئەرووا چووزانم کێیە ؟ بۆ ئەو هەر بێزی یەت سەیری منیش بکات ؟ ئەو منو پێڵاوەکانی بەیەك چاو سەیر ئەکاتو بگرە ئەو زیاتر .

بۆ تۆزێك بێدەنگ بوو پاشان دەستی پێ کردەوە :

● رەنگە لای تۆ وابیت ئەو بەوچاوە سەیری من بکات کە بەشەرێك بم وەك ئەو کچێ تۆلێرە دانیشتووی ئاگات لەچی یە . خوا بەوسەرەوی ئاگادارە هەموو ساتێکم مردنێ کە کە ئەفەنی یەکی لووت بەرزو خۆپەرست بە فیزێ کەوە یەتو قاچی دائەنێو بەقسە وورم ئەکات ئەمەچی یە دەست ئەبات بیست فلسم ئەداتێ :

● مەیشۆ تازەیە ، تایدی لێمەدە ئەقلیشێ ، رۆنێ زۆر لێ بدە باگەڵاسی یەکەی باش نەرم کاتەوە .

ئەمە حاڵی منە رۆژ تائێوارە، کەچی خوا لێی بەزیاد بێ هێشتا هەر لەبرسا سکمان دێشێ .

بەدووای بێدەنگ بوونی ئەودا ژنەکەی سەرێکی بەرز کردەوەو بەدەم هەناسەیەکی ساردەوە دەمی هەڵهیینایەوەو ووتی :

● هەموو شتێك ئەزانم ، پێم ناڵێ ییت ئێستا چی بکەین ؟ هەروا دەستە وستان دانیشین ؟

مامەوڵا زۆر لەسەر خۆ وەرامی دایەوە :

● منیش تیا ماوم نازانم

# هەژاری هەژار

طاهر صالح سعيد

بلێم چی .

ئەمەی ووت و بێدەنگ بوو پاشان بە هەردوولەپی دەستی دەمو چاوی داپوشیو کەوتە گۆمی بیر کردنەوەوە کە خێزانەکەی هێنایەوە هۆش خۆیو پێی ووت :

● پیاوەکە قسە لەگەڵ برسێتی یا ناکرێ . دەرێکەم بە با هانا بەرمە بەر ماڵە دەولەمەندەکەی ئەو سەری شەقامەکە و حاڵەکەیان تێ گەینم ، بەڵکە ئەمە خوایە دڵیان پێمان بسووتێو یارمەتی یەکمان بدەن . خۆم ئەپچێمەوە کێ ئەمناسێ،مامەولا بەبیستنی ئەو قسەیە راپەڕیو بەگورجی دەستی لەسەر دەم و چاوی لاداو بەگرژی یەکەوە پێی ووت :

● کچێ ئەقلت‌بی کەی دەولەمەند ئاگای لە فەقیر بووە واچووشی لەوە بەوالاوەکە دەست ئەنێت‌بە رووتەوەو پێت ئەڵێ ( خوابت داتێ ) شتێکی‌کەت دەسگیر نابێت . تۆ ئەو دڵ رەقانە وائەناسی ؟

دووای نەختێك بیرکردنەوە لەسەری رویشت :

● ئینجا ئەگەر ئەوان دڵیان بەفەقیر بسووتایە بۆ ئەمە حاڵمان ئەبوو .

قسەکانی مامەوڵا خێزانەکەی بێ دەنگ‌کرد ، بۆیە ئیتر لەو بارەیەوەکەم و زۆر نەدووا ئەوەندە ئەبیت کە بە جووتە لەگەڵ بیر کردنەوەی خۆیاندا خەریك بوون . تامامەوڵا پەردەی ئەو بێ دەنگی یەی دڕی بەوەی لەسەر خۆ ووتی :

● هێشتا بڵێت ئەچمە ماڵێك لەو ماڵە فەقیرانەی خوارخۆمانەوە و داوای شتێ یارمەتی یان لێ ئەکەم باشترە تاخوا دەروویەك ئەکاتەوە . چونکە هەر هەژار دەردی هەژار ئەزانێ .

هەرکە مامەوڵا لە قسەکەی بووەوە ئیتر خێزانەکەی گورج راپەڕیو دەستی دایە سۆلە شرەکانیو کردنی بەسەر پێیەوەو عەبا پیناوی یەکەی لە خۆیەوە ئاڵاندو بەگورجی ملی دەرگای حەوشەی گرت . بێ ئەوەی چاوەڕوانی ئەوەبێت بزانی پیاوەکەی رێگەی ئەدا یاناىدا لێ‌ی‌دا رۆیشت .

بەدووای‌تێپەر بوونی ئەوەدا ئیتر مامەوڵاش سەری خستە سەر ئەژنۆیو کەوتە بیری ئەوەی :

بلێی هەروا بەدەستی بەتاڵ نەیەتەدوواوە ؟ یان بلێی ئەوەندەیان هەبێت شتێکی لێ‌بدەن بەو ؟ یان دنیاکەی وایە کێ ئەڵێ لەئاستی ئەودا دەستیان توونە ناقوچێننو ناڵێن :

● بەخوا ئەم چەند رۆژە ئێمەش حاڵمان حاڵی ئێوە بووە . چونکە ناشکوری نەبێ هەژاری ئێستاش وەك جاران نەماونو بەرەنگی دەولەمەندەکان چاویان برسیو گیرفانیان قوول بووە . بەدەیان لەم خەیاڵانە ئەمسەرو و ئەوسەریان بو بەمێشکی ماندوویا کە لەزرمەی دەرگای حەوشە هاتەوەهۆش‌خۆی بەزوویی‌خۆی زیتو ووریا کردەوەو چاوەکانی بڕی یە دەرگای ژوورەکە تا بەزوویی بزانێ هەروا بەدەستی بەتاڵ گەرایەوەو ئیتر چنگی تیژی مەرگ دووا بڕیاری سپاردن بەخاکی دان . یان لەسایەی یارمەتی ئەو هەژارانەی ماڵو گوزەرانیان وەك لەمانە رزگاریان بوو . خێزانەکەی وەك ڕاوی‌نێی بە توونەدی خۆی‌دا بەدەرگاکەداو کردی‌یەوە و خۆی کرد بەژووردا‌و بەدووای زرمەیەکی تووندا‌دا دای خستەوە . هەر هەنگاوێکی کرد بوو بە دوو هەنگاو ، هەنسکە برکێی پێ کەوتبوو عەباکەی کە ئاوی لێ ئەچۆڕا لە سووچێ کەوە فڕێ‌ی‌دا . ئەو پریاسکە یەی بە قایمی نووساندبووی بەسەر دڵی‌یەوە جیای نەکردەوە تا هەردوو منداڵەکەی بەهێواشی لە خەو ڕاپەڕان . ئەوکاتە دای ناو گرێ‌کەی کردەوەو هەموویان دەوریان‌داو وەك هار کەوتنە پەلاماردانی کە ئاهێ‌کیان پیا هاتەوەو سکیان تێر بوو ئەو چوار چڵە دارەشی کە لەتەك خۆی‌دا هێنابوونی و لەبەر هەیوانەکەدا فڕێ‌ی دابوون هێنانی و خستیە مەقەڵی‌یە کەوەو ئاگرێکی پیوەنان زۆری پێ نەچوو نێڵەی بەرز بووەوەو ئەوەندەی نەخایان ژوور تاوی سەند . ئەو شەوە تادرەنگ بە قسەو باس شەوگاریان بەسەر برد تا لە دووایی‌دا دەستیان کردە ملی خەوێکی خۆش .

کەبەیانی لە خەو راپەرین چی‌یان بی‌نی ! دیان ئەو ربەیانی‌یە لەهەموو بەیانی رۆژەکانی ئەو هەفتەیەی پێشوو جیاواز ترە ، ئەم بەیانی خۆری جوان لەئاسمانێکی ساماڵدا هەڵاتووە و بەتیشکە زێزینەکەی هەموو گۆشەیەکی رووناك کردووەتەوە .

مامەوڵا کەئەوەی دی راپەڕیو بەگورجی دەستی دایە سنووقی بۆیاخەکەی و لەماڵ دەرپەڕی بە روویەکی گەشو بڕوایەکی بەهێزەوە تا بەرەنجی شانو ئارەقی ناوچەوان بەرهەڵستی هێزی بێ‌بەزەیی برسێتی بکات .

بۆ ئەو مەبەستە ملی ئەنا تا گەیشتە بەردەمی گازینۆ گەورەکەی ناوەراستی شار . ئیتر لەوێ سنووقەکەی داناو مشتەریەکانی چوار دەوریان‌داو سەریان قاڵ کرد .



بۆ
بەرچاوی
خوێندەواران

تکایە هەر نوسەرێك ئەم خالانە رەچاونەکات ، نوسینەکەی بلاوناکرێتەوە :
١ ــ لەسەریەك دیووی کاغەزەکە بنوسە .
٢ ــ ماوە لەنێوان ووشەکاندا بەجێ بێلە .
٣ ــ تابتوانێ بە نوسینێکی رێکوپێك بێ .

## زیر گوڵ

دیوانا برایی شراین صالح علی گلی ، ڤان روژا هاتە بازاری تورو تیکبەستا براستی هەولو تەقەللایەکا باشە هیڤیدارین سەرکەفتی بیتو خویندەوارین هیژا سوودو قازانجی لی وەربگرن ، ئەم گەلە سوپاسی وی دکەین سەر هندی کو دانەیەك ژدیوانا خو پیشکیش مە کرێیە .

هاوکاری

ناونیشانی هاوکاری

بەغدا ــ وەزیریە

،نزیکی پردی ئاسینن

دامەزراوی گشتی ڕۆژنامەگەریو چاپەمەنی .

دەزگای چاپەمەنیو بلاوکراوەی کوردی .

ڕۆژنامەی « هاوکاری »

« التضامن »

institut kurde de paris



## دیمەنی کوردستان



سلیمانی
شـاری
هەڵمەتو
قوربانی

## لە باخی هونەرەوە

هاورێ‌کەی بیرو باوەڕم
لە دەربڕینی ڕای نوێ‌دا
وای حەز ئەکرد شت دەربڕم
لەوەی « کورد » بڕوات بـە
« کوێ » دا
بۆی باس کردم ئەم دەمەی کورد
بە پاشاگەردانی ناو برد
پرسیاری کرد
ئاخۆ کاروانی خەباتمان
هەتا « کوێ » برد ؟
نەك من ، بەلکو ...
دەنگی مێژوو
بیروباوەڕی پیشکەوتوو
ووتی : ئەبێ ...
شورشگێرانی پیشکەوتووی
کورد یەك بگرێ
کوردایەتی ..
ئالای بیری نوێ هەڵ بگرێ
چینی زەحمەت کیش‌و هەژار
وا بجەنگی .. هەنگاو بنێ
کە ئەم خاکی کوردستانە
رزگار ببێ
یەکگرتوو بێ
لە ستەمو چەوساندنەوەی
نەتەوەیی چینایەتی
رەش ، بە دوور بێ

خەزان

# گۆرانی جەنگاوەرەکان



### لە وێژەی بێگانە

**هونراوەی « سانەهایی »**
**وەرگێرانی : عەین**

خاکە کەیان داگیر کردین و
خستیانە ژیر بیلەکـانی
خویانەوە ..
مالە کانیان ویران کردین‌و
لە جیگایا بنکەی سـەربازیان
دامەزراند .. گریان دالەمـان
نادت .. پارانـەوەش دەرگای
رزگاری ناکاتەوە .
تفەنگ‌و بومبامان نەکردوتـە
ریگامان بو ژیان ..
هەرگیز دوستی جەنـگ
نەبوین بەلام هاتنە سەرمان ..
سەرتاپایان چەك‌بوو ...
ئایا خومان بەین بەدەست
بەندایەتیەوە ؟! هەرگیز ..
لیمان گەرین با راپـەرین ،
تفەنگ‌و چەقو بەدەستەوە ..
باخاك‌و روبارو بازارەکانمان
بپاریزین . داگـیر کـەران
– درندەن – .
بەلام – نرخی خوین تەنیا
خوینە –
ئەوانەی دەست دریژیـان
کردینە سەر . چەکیان بـەرو
دا بەرز ئەکـەینەوە . دەرایان
ئەکەین ..
هەروەك چەند سال لەمەو
بەر دوستەکانیانمان بـەو
دەردە برد .
شەو لە دوای شەو .
خاکمان ئەکەویتە لەرزین
گەل ئامادەیە بو هیرش .
چاوی جەنگاوەرەکان لـە
تاریکیەوە ئەدرەو شیتەوە ..
سەرنجی ئاسـمانو
ئەستیرەکان ئەدەن ..
بەرەو پیشەوە ئەرون ..
سروودی ئازادی ئەلین ..
بو خاکی خوشەویستمان
کە « خوین‌و ئیسکمانە »

## بیرێکی ڕاگوزاری

کـاروان بـەرەو ڕووناکـی
ئەڕوات ..
بەرەو ئەو شوێنەی رۆژی لێ
هەڵدێ ..
ئەوەی لـەو « کـاروان »ە
دواکەوت ..
بەر نەفرین کەوت ...
ئەوەی ئاوڕدانەوە لـەدوێنێی
تاریك ... لـە سبەینێی
گرانتری دواخست ..
بە بەندایەتی ڕازی بو ...
ڕوڕەشی هەتا هەتا بو ...

★ ★

کاروان ...
بەرەو ئەو شوێنە ئەڕوات ..
ژیان‌و ڕووناکی لێ‌یە ..
کاروان ئەڕوات ..
هەرچەن ڕێگا گرانەو پڕ لـە
مەترسی ..
بەلام چونکە فەرزە بگەینەجێ .
ئەبێت دووا نەکەوین ...
بێ‌گوێ دانە مەترسی ...
بـەلام ئـەوەی هـەر خوی
خوش‌ویست ..
ترسا « گوڕان » کاری‌تێ کات .
ئەوەی « کۆن خەڵەتاندی !! »
جێما ، دواکەوت ...
بەر نەفرینی « ژیان‌و ئازادی»
کەوت ..

بەهرە

## لە هەر باخێ گوڵێك

خالد زامدار

وەکو دانراوەو – راستەوخۆ
جێی بۆتەوە – لـەسروشت‌و
راستیا –
بۆ « ژیان‌و ئینسان » تەمەن
کورت بێ و درێژ –
سێ پەیرەوی گەورەو سێ
بەشی ، بەهێزو بەتین‌هەیە .
بۆ ئاسودەی و بەختیـاری
( ئازایـەتی . زیرەکی .
دەوڵەمەندی ) .

**١ – ئازایەتی :–**

ئازاترین مرۆڤ لەژیانا ئەو
کەسەیە کـە بەسەر ئارەزیا
زاڵەو مل کـەچی ئەو جۆرە
نەهاتانـە نابێ کەلـەکاتی
تەنگانەو چاوچنۆکیدا فەرمان
رەوای دڵو مێشکیەتی .

**٢ – زیرەکی :–**

زیرەك ترین مرۆڤ لەژیانا
ئەو کەسەیە کە لەچاك چاك‌و
لەخراپ وەرئەگرێ

**٣ – دەوڵە مەندی :–**

دەوڵەمـەند ترین مرۆڤ
لەژیانا ئەوکەسەیە ئەوئیش و
کاری رۆژانەیەی هەیەتی ئـەو
پول‌و پارەیەی دەستی ئەکەوێ
پێی رازی بێت . بە مەسە
نەك سـامانداریکی – بێ
سەرو بەر کە لە شـارێکی
گەورەدا بەناوبانگ بـەلام
لەگـەڵ هەناسەی بێ‌نان‌و
بێ‌دەرەتانانا ئەڵێ :
« کەی ئەمە ژیانە ئێمەی تیاین»

## پەند

**ئەوی بەسەر ئەمو ئـەوا**
**زاڵ بی پی‌ی ئەلین هیزدارە ،**
**بەلام ئەوەی بەسەر خویـا**
**زاڵ‌بی هیز دار ترە .**
**« پەندیکی چینی »**

institut kurde de paris

لە بۆنەی جەژنی رزگاری کوردستان
لە وەرگرتنی حوکمی ذاتی پیرۆزبایی بۆ لە و
هاوری یەی ئەی خۆشنیشتمانەوەم هاوکاریە


ژمارە ٩

هەینی

١٤-٣-١٩٧٠

نرخی « ٢٠ » فلسە

سالی یەکەم


# هاوکاری


ڕوژنامەیەکی هەفتانەی گشتی یە

دەزگای گشتی چاپەمەنیو بلاوکردنەوە دەری ئەکا
تلفون : ٦٩٧٢١

لەجیاتی سەرنوسەر :
سەربەست بامەرنی


التضامن

# میری شۆڕش دان ئەنێ بە ئۆتۆنۆمی کوردستان

## جەماوەری کورد و عەرەب تاشەوێکی درەنگ ڕژابوونە شەقامەکان

## سەرەك بەكرئەلی : لاپەڕەیەكی نوێ لە مێژووی وولاتەكەمان دەستی پێ كرد

## سەرەك بەكرئەلی : بەبێ بتەوكردنی برایەتی كورد و عەرەب دەستەبەری سەركەوتن ناكرێ

## دەسكاری دەستور بەو شێوەیەی كە دەستەبەری مافی نەتەوایەتی گەلی كورد ئەكات



تەنیا هۆی یەکەمی بەرپا بوونی شورشەکەی (١٧)ی تەمووز کە دەرربرینی بیزاری سەرپای جەماهیری عەرەبی بوو بەرامبەر هۆیەکانو ئەوانەی بوونە هۆی نوشستیەکەی حوزەیران ، وە لە راو خواستی میللی ناو عیراقەوە بوو بۆ گوناهبارکردنی حوکمی پیشوی کونەپەرستو تاکرەوی بەوەی دەوریکی هەلاتنو راکردنی بینی لەو کارەساتە نەتەوەییو نیشتمانی یەدا ، کە چارکردنی سەرەتایەکی پیویست بوو لەبەر دەم هەموو هەولیکی راستەقینەدا کە بیەویت وزەوتوانای ناو عیراق یەك بخاتو بەبی چەندووچون بیخاتە کارەوە ، بەتایبەتی بیخاتە هیلەکانی پیشەوەی جەنگی چارەنووسی نەتەوەی عەرەبی یەوە •

لەبەر ئەمە ، شورش لەیەکەم روژی بەرپابوونی یەوە ئەوەی خستە پیش چاوی خوی کە پیویستە یەکیتی نیشتمانی ی گەلی عیراقی بهینریتە دی بەبی ئەوەی گوی بدریتە رەگەز یا زمان یا ئایین یا رووی کومەلایەتی • وە بەدی هینانی هەموو مەرجیکی پیویستی - سیاسیو کومەلایەتیو ئابوری - کە بناغەکانی ئەم یەکیتی یە پیویستی پێ هەیە بۆ ئەوەی عیراق بەهەموو تواناو وزەیەکیەوە بتوانیت بەرەو جەنگی چارەنووسی نەتەوەیی بروات •• ئەو جەنگەی بەلای شورشەوە بریتی یە لەو پەرەی گیرمەوکیشەی میژوویی نیوان ئیمپریالیزمو سەهیونیزمو چاوی تەماع برینیان لە نیشتمانی عەرەبی لەلایەکەوە لە نیوان بەرژەوەندی رزگاریو پیشکەوتنی نەتەوەی عەرەبو خەباتی لەپیناوی ئامانجە پیشکەوتوە مروڤایەتی یەکانیا لەلایەکی ترەوە •

سەرەرای ئەو پاشماوە زورو گرێدارە ئالوزانەی ، شورش لەکاتی بەرپا بوونی یەوە تووشی بوو •• سەرەرای ئەمەش بە بروایەکی بەتینەوە لە رویشتنا بەردەوام بوو لەپیناوی رزگاربوونی عیراق لە پاشماوەی جێ بێ کانی ئیستعمارو بەکری گیراویو گیژاوی سیاسیو کومەلایەتی •• وە لە هەولدانیا بۆ بەجێ هینانی هەموو مەرجە پیویستی یەکانی بنیاتنانی عیراقیکی نوی کە بەراستی یەکسانیو ماوەدان بە هاوولاتیەکان تیایا بەدی بیت ••• وە ئاسویەکی نوێ لەبەردەم هەموو جەماهیری گەلدا بکاتەوە ، لەماوەی نواندنی کاری تیکرایی نیشتمانی دلسوزانەدا بۆ یەکیتی خاکی نیشتمانو یەکیتی گەلەکەیو ئامانجە سەرەکی یە مەزنەکانی لە - یەکیتی نەتەوەییو ئازادیو ئیشتراکی یەت - دا •

چارە سەرکردنی مەسەلەی کوردی لە عیراقـدا لە پیشەوەی ئەو گیروگرفتە نیشتمانی یانە بوو کە هاتنە بەردەم شورش بەتایبەتی بێ توانایی دەمەکانی پیشو لە تیگەیشتنیا ••• بەلکو نەبوونی ئارەزوویەکی راستەقینە لە چارکردنیا دانانی چاریکی راست بۆی ••• ئەمەو ئەو ئیستغلالەی لە لایەن ئیستعمارو بەکری گیراوەکانی یەوە بەرامبەری کیـرا ، بوونە هۆی ئەوەی زیاتر ئالوزتربێو بەو جورەی لێ بیت کە گیروگرفتیکی ئەوتویە لەوە ئەچیت هەرگیز چار نەکریت ، بەتایبەتی پاش ئەوەی ئەوە چەند سالیکە تونەتیژی نواندنی شەر جیگەی گفتوگوی دیموکراتیو برایانەی مەوزوعی گرتەوە کە رووەکانی گیروگرفتی نیشتمانی پیویستی پێی هەبوو ، وە لە دووتوییدا مافی رەوای بەشیکی لە گەلی عیراقی تیـدا ئەبینرا •

شورش لە یەکەم روژیەوە هەولی چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتە نیشتمانی یەیدا بە کیانیکی پڕ لە لێ پرسراوییو بەوپەری بروا بوونەوە بە بیرو باوەرەکانی دیموکراسیەتی شورشگیرانە •

بروانە ل ٢

ری رەوی
هاوکاری

بەرەو ژیانیکی نوێ •••

بەیانەکەی حکومەتی نیشتمانی ، دەربارەی چارە سەرکردنی مەسەلەی کورد هەر هەنگاویکی پیشکەوتوانە نەبوو لە سەر ریگای

بروانە لاپەرە ١٥

insititut kurde de paris

## هەواڵەکانی ناوخۆ

## لە بیروباوەڕی پێشکەوتوانەی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی

بــــەلام لە سـیـستەمی‌دیموکراسی میللی‌هەروەکو پارتی باوەری پێیەتی ، حوکم بەشێکەلەمیللەت نەوەك سەرووی ئەو، وە تەفاعولی لەگــەڵ جەماوەردەستبەری مانەوەی ئـەکات ، هەروەهـا دەستبەی جێ‌بەجێ‌کردنی یاسـایەکانی ، هەندێ جار ناچار ئەبێ کوتەك بەکاربێنی بەتایبەتی لەقوناغەکـانی سەرەتایی شورش ، بەتایبەتی‌بەرامبەر دوژمنەکانی شـورش لەپێناوی ڕامالین‌و نەهێشتنیان‌وخۆی بەوە نابەستێتەوە کـە بەرەی میللی دزوست‌کا چونکەخوی ئاداتەکەیەتی لەشورشی کومەلایەتی ، وە چونکە ئـەم‌بەرانە پێش هـاتنی بوحوکم هەرهەبوون •

ئەم تی‌گەیشتنەی ڕوداوەـکـــان حوکم ئەبەستێتەوە بەجەماوەری میللەت ،نەك لــە ڕێگــای ترس‌و بەکارهێنانی هێز بەلکو لەڕێگەی بەلگــەهێنانی ڕوژانە کــە حوکم بەشێکی لەجیابونەوە ناهـوتی‌میللەتە •

واتە حوکمی میللەت خویەتی‌وەهی هیچ تاقم‌و کەسـێکی تایبەتی نی‌یە ، هــەرچەندەپارتی‌ڕابەری‌و بەڕێووەبەرایەتی ئەکات •

لەهــەروە گــەورەترین‌کوسپ‌و تەگەرە کەدێنە ڕێگەی هەرچی کــەم‌وکوری حوکمی پێکهاتنی‌جهازی‌بەڕێووەبەرایەتی حوکمەکەی پێشووە ، کــەحوکمی شورشگیر ، چونیـەتی پێشوو هەیبووە ، کـــۆی‌کردووتەوە • وەهەرچەندە ئەم جیهازە زور عەناسری چـاك‌وپاکی تێداهەیە ، بەلام ئـەم بەشانەشی بەستراون بـــەبەرژەوەندەکانی سیسـتەمی پێشوو ، وەبەستراون بەکومەلی‌کون‌و پەیووەندیەکانی ، وەتازە ناتوانێ خۆی‌رزگارکا نەلەرووی بەرژەوەندەوەو نەلــەرووی بیرکردنەوەوە •

بویە حوکمی شورش‌ناتوانێ‌پشت ببەستێتەوە بـەم جورە جیهازە بو جێ‌بەجێ کـردنی‌مەبەستەکانی خۆی ، بویـە ناچارە چارەسەری ئـــەم‌گیروگرفتـەبکات لـــەدوو ڕێگەوە : ـ

یەکەمیان ، خورزگارکردنەـوەیە لـەو عەناسرانەی کــە ئاشکرا بەسراون بەسیستەمی‌کون‌و نوکەری ئەون دووەمیان دامەزاندنی عەناسری شورش‌ـگێرلەو شوێنانە بەمەرجێ کــە توانای بەڕێوەبردنی ئیشەکەیان‌هەبێ •

لەراستیدا ئەوەناکرێ بــەجارێك هەموو عەناسرە چەپەل‌و نوکەرەکان‌رامــالی‌و عەناسری‌شورشگێر لەشوێنی ئـەوان دانێ‌ی ، چونکــە نەهـەمووعەناسرە خراپەکان ئەناسیت وەکەناسیت ناتوانی بـەهرەوتوانای بەکار نەهێنێ جونکـە ئەو عەناسرە شورشگێرانـەت‌نی‌ە بتوانن ئـــەو هەمونیش وکارانە بەڕێوەبەرن •

# بەڕێز صدام حسین

## لە مەسەلەی کوردنە دوێت

## عێراق بەرەو قوناغیکی نوی ئەروات



عیراق ئـەمرو پێ‌ئەنیتـــە پلەیەکی نوێ‌وە لە گوشەکردنی نەتەوایەتی‌و ئابوری‌و کومەلاـ یەتی ••• پلەی سـەردەمیکی نوی لە برایی دیموکراتیانـەی پتەو لەنێوان هەردوو ،نەتەوەی عەرەب‌و کوردا •

ئەمرو بەشێوەیەکی تـەواو کوتایی هات بەشەری نێـوان‌عەرەب‌و کورد لــە ژورووی ولاتدا ،دوای ئەوەی بەدرێژایی‌دەساڵ لە تەقینەوەدا بوو •

سیادەتی صدام حســـین‌جێ‌گری سەروکی ئەنجومـەنی‌سەرکردایەتی‌شورش‌و جێ‌گری سکرتیری سەرکردایەتی قوتری‌حزبی بەعسی عەرەبی سوشیاـلیست ، لـــە ووتەیەکا بـو ئاژانسی دەنگو باسی عیراقی ،بلاوی کـردەوە کـــە برایی‌ڕاستەقینە لەنێوان هــەردوو نەتەوەی عەرەب‌و کوردا ئەمروگەڕاوەتەوە دوای ئەوەی هەموو ئەو مەسـەلانە جارەسەرکران کـــە پەیوەندیان بە ژورووی‌عیراقەوە هەبو ، هەروەهـــاسیادەتی بلاوی‌کردەوە کە ئەم چارە سەرکردنە شەرەوستاـندنیکی کاتی ،نی‌یە وەك جاران‌بەلکو جارەسەرێکی بنـەرەتی‌و سیاسی‌و دەستوری تەواوە ،کەبرایەتی نێوان کوردو عـەرەب‌مسوگەر ئەکات هەتا هەتایە •

هەروەها باوەری پتـــەوی‌خوی دەربری لەوەدا کە ئەمەدووا ساتی نائاسایی‌یە لــە پەیوەندی عەرەب‌و کورد •

سیادەتی صدام حســـین چارەسەرکردنی مەســـەلەی‌کوردی بە هەنگاویکی هاوتـاو هاوشان دانا لەگەڵ شورشـی‌تەموزا بەتەواوی ، لــەرووی‌دووا ڕوژی مێژوویی‌یەوە •

---

## ئاگاداری ژمارە (٢)ی وەزارەتی کاروباری سەروو دەربارەی موناقەسەی بنیات‌نانی بەشی ناوخۆیی کچان لەسلێمانی

وەزارەتی کاروباری سەروو قۆنترات چیەکان ئاگـــادارئەکاتەوە ئەوانەی کە خاوەنی توأناو شارەزاین و هەلگـــری‌باوەرنامەی ـ زریبەی دخل‌ـی‌ئەمساڵەن و ناویان لە ژووری بازرگانی تۆمار کراوە و لـــەلایەن لیژنەی دابەش کـردنی‌قونترات چیـــانەوە دابەش کراون ، بۆ بەشداری کردن لەوموناقەسە نهینی‌یەی ژمارە (٢)ســـالی ١٩٧٠ی تایبەت بـە بنیـات‌نانی بەشـــی ناوخۆیی‌کچانەوە بەفراوانی ( ٢٠٠ )چارپایە لە سلێمانی • ئەتوانن جەمسەری ئەو مەرجانەی کـەدەربارەی بەلێن‌و نەخشەکـانەلە محاســـبی بەریوەبەرایەتی ئاوەدان کردنەوەی ســەرووی‌گشتی ـکەکەوتۆتە ئەپارتمانی‌انحصار شـەقامی جمهوری ـ دەستیان کـــەوێ دوای دانی( ١٠ ) دینــــار کـە قابلی‌گەڕاندنەوەی نی‌یە •

بەخشسەکان ئەدرێتە دەست‌سکرتیری لیژنـەی کردنەوەی‌بەخشش لە دیوانی وەزارەتی کارروباری سەروو کاك رفیــق‌رحومی لە بەرگێکی مورکراوی‌نیشــــانـە دراو بـۆ ناوی موناقەسەکە پیش‌سەعات یەکی‌ڕوژی ١٢ـ٣ـ٩٠ ، بەمەرجێك‌بەسترابێ بەتأميناتی سەرەتایی کە ٥٪ی هەمو بەخششەکەیەکە بەکاش ئەدرێ بەمحاسـبی‌وەزارەت یا بەکـــەفالەیـەکی بانقی‌یەوەکە لەیەك لەبانقەکانی‌عـیراقی یـــەوە دەرچووبێ ،هەروا تەنیاو بەس‌ئەو چەکانەی کـــە پەسند کراون ، ئەبێ‌ئەوەش بزانرێ کە ئەم وزارەتەهیچ پەیوەند نیە بەوەی کــە نزم ترین بەخشش یا هـــەربەخششێکی تر قبول بکات •هەموو ئەو بەخشانەی کــە مەرجـەگانی بەلێنی تێدا نەبێ‌ئەخرێتە پشت گوێ • بۆ زیادەزانیاری ئەتوانری مراجعـــەی شعبەی هونەری بەریوەبەرایەتی ئاوەدان کردنەوەی ســەرووی‌گشتی بکرێ •

**عبدالله خضير**

institut kurde de paris

## وێنەو هەواڵ







## دیدەنی بویانەو شادی هەموو میللەت

# نەتەوەکان و هەسارەکانی نەتەوایەتی

**نووسینی : ئیینا مودرجنسکایا**

**گۆڕینی لە عەرەبی یەوە : جلال میرزا کریم**

ئیمپریالی یەکان هەولیکی بی‌وچانیان‌دا بۆ پەكخستنی رەورەوەی پێشکەوتنی کومەلایەتی ، بەلام لەبەر ئەوەی ناتوانن چاو لەو سەرکەوتنە مەزنانە بنوقینن کە گەلان لەخەباتیانا بۆ سەربەخویی نیشتمانی‌و مافی چارەنووسی سیاسیدا بەدی ئەهینن ، لەبەر ئەمە ئایدیولوژیە ئیمپریالی‌یەکان ئەکەونە ئەوەی لەگەل زروفا بن‌و بەپێی باری هەمە چەشنە بجولینەوە ... کە زۆرتر لەمسێ لایەوە خۆیان ئەنوێنن :ـ

١ ـ بۆئەوەی پەردەیەك بە ئاوداماانی‌میژووی تالان‌کردنیانا بکیشن ، ئەیانەویت بەوە قایلمان بکەن کە ئەوئیشانەی بەدرێژایی سەدەکانی پێشو کردویانە بریتی بووە لەکاری باش‌وچاك بۆگەلان وەئامادە کردنیان بووە بۆ سەربەخۆ بوون ، وە وایان داوەتە قەلەم واشیان داوە بەگوێدا کە گوایە « حوکمی ئوتونومی تەنیا ئامانجی راستەقینەیانە» کە بیدەن بەگەلان !.

٢ ـ ئایدیولوژیە ئیمپریالی کان هەمیشە خەریکی ئەوەن رووی بزوتنەوەی رزگاری خواستی نیشمانی بشێوێنن بەوەی سەراپا بیگۆرن بە بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی پەتی ، ئەمەش بو ئەوەی ببیتە دەستەبەرەی نزیك بوونەوەیان لەدەستەو تاقمەکانی سەر بە ئیمپریالیەت لەناو بورژوازی نیشتمانی ئەو ولاتانەی وان لەریگەی پێشکەوتنا .

٣ ـ ئیمپریالی‌یەت‌و ئایدلو-لوژیەکانی سەربەم ، لەگەل ئەوەشداداوان‌بەبی‌لایەنی دەولەتە تازەو سەربەخۆکانا ئەنین وازیش ناهینن لەو هیرش‌و پیلانانە دژی سەربەخویی ئەم وولاتانەی‌ئەکەن، بەلکو لەهەموو رێگایەکەوە ماوەی پێشکەوتن‌و هەولی پەك خستنی خەباتی ئەوگەلانە ئەدەن کە لەژیر دەسەلاتی داگیرکەراندان‌و هەولی بەدەست هینانی سەربەخویی خویانیانە .

ئاخۆ سەربارەت بەمە ئەو ریگە ئایدیولوژیانە کامانەبن کە بۆ ئەم نیازە پشتی پێ‌ئەبەستن ؟ وەلامی ئەمە بریتی‌یە لەوەی : دەستەو دایەرە حوکمرانەکانی ناو دەولەتە ئیمپریالی‌یەکان لەم سالانەی دوواییدا کەوتنە هەولیکی ئیجگار فراوانەوە بۆ ئەوەی میژووی ئیمپریالیزم بەپیچەوانەی خویەوە نیشان بدات ، ئەمەش چەند شیوەیەکی جوراو جۆری وەرگرت . بۆنمونە : زانا بورژوازیەکان بی‌ووچان خەریکن ئەوە بچەسپینن ئەگەر بیگانە نەچوایە ناو ولاتەکانی ئاسیاو ئەفریقیاوە ، هیچ کاتیك شارستانی‌یەت لەبەردەم ئەم ولاتانەدا نەئەکرایەوە . جگە لەوەی هەندیك لەوانە لەگریژە چوونی رژیمی ئیمپریالزم بەوە ئەدەنە قەلەم کەتەنیا ئارەزوویەکە ئیمپریالزم نیشانی ئەدات لەدەرچوون لەوولاتانەو ئەوەش بلاو ئەکەنەوە کە گوایە هەولیکی زوریان داوە بۆ تیگەیاندنی دانیشتوانی ئەو ولاتانەو ئامادە کردنیان بۆ ئەوەی خویان بەرن بەریوەوەو سەرپەرشتی کاروباری خویان بکەن .

روودواوە میژویی یەکان هەموو ئەم بروبیانوانەی بەدروخستوتەوە بەوەی لە ئەنجامی‌گوڕانی تای تەرازووی هیزەکان ئیمپریالزم لەزۆر لای گیتی‌دا بەزۆری چەك دەرپەرینران یاخود ناچارکران ئەو وولاتانە بەجێ بهیلن پیش ئەوەی بەزور دەرپەرینرین . گەلانی ئەندنوسیاو ڤیتنامی ژوروو جەزائیر .. بەزوری چەك‌و پاش جەنگیکی دریژی خویناوی ئازادی‌یان وەدەست هینا . بەلام هیندو بورماو سیلان بەبێ ئەوەی پەنا بەرنەبەر چەك سەربەخویی‌یان بەدەست هینا ، بەلام پاش ئەوەی بزووتنەوەی رزگاری خوازی نیشتمانی لەم ولاتانە دا بووبوە ئەوهیزە مەزن‌و پتەوەی کە داگیرکەران بخاتە بەردەم دووکارەوە : یان ئەبێ سەربەخویی سیاسی‌یان پێ‌بدەن بەئومیدی ئەوەی پاریزگاری هەندی سوودی ئابوریان بکەن یان ئەبێ بەرەنگاری تەقینەوەی بیزاری‌ی میللی ئەم گەلانە بکەن .

ماویەتی

بەڕاوکی هاوکاری

Institut kurde de paris
کوردی

# ئافـــرەت



## ووتە

هەڵەیە ئافرەت بەگشتی ، وەکەی بانوی ماڵ بەتایبەتی وای لیك باتەوە کە هەوڵدانی بۆ فیربونو تیگەیشتن بەدەست گیربونی کاریك یان شوکردن کوتایی دێت ...

چونکە ئافرەت ، ئەگەر لە ڕابوردوا شتێ فیربوبێت ، پیویستە بۆ پاشە ڕۆژ زیاتر فیربێت ، ئەمەش بەپێی ئەرکە گرنگەکانی ژیانی خویو کۆمەڵایەتی ...

دوای شوکردن ، لە سەر ئافرەت پیویستە ماڵیکی بەختیار پێك بهێنێ ، وەمناڵەکانی لەسەر ڕێگاو شوێنی ڕاست پەروەردە بکات ، ئەم شتانەش بەر لە چونە ناو ژیانی پێك هێنیانی خیزانەوە، نەزانراوە ، لەبەر ئەوە لەسەر ئافرەتە بەردەوام بێت لە خۆڕاهێنان بۆ فیربونی زیاتر، وەبیری خوی زیاتر ڕۆشن بکات هەتا ئافرەتیکی روشن بیرو وریاو تێگەیشتو بێت لەروی کاروباری ناوماڵو ژیانی خیزنیو کۆمەڵایەتیەوە ..

لەمانەو لەوانە هەموو گرنگ تر ڕاست نیە ئافرەت، وەبەتایبەتی لەم ڕۆژگارەدا دوربێت لە ڕوداوەکانی وولاتو گەلەکەی ، لەبەرئەوە ، ئافرەت ڕاست نیە سڵ بکاتەوە لە بەشداربونی ڕاستەوخوی ئەم ڕوە گرنگەی ژیانی گەلیش کە ئەو بەشیکی گرنگی ئەرکی پیش خستنی کەوتۆتە ئەستۆ .



### بەلاتەوە سەیر نەبێت

« جالینا » و « ئیرنیا »دووئافرەتی سوڤیەتین بەیەك سك لە دایك بون ، بەمنداڵی هەردووکیان توشی یەك جۆرە نەخوشی ئەبون، وەهەردووکیان لەیەك ڕۆژا شویان کردو لەیەك ماڵدا دانیشتن ، دوای ئەوە هەردووکیان دوومنداڵیان بوە لەیەك ڕۆژاو لەیەك ئەچن. ئایا بەلاتەوە سەیرە ؟!

## دەنگ و باسی ئافرەت

● ئافرەتانی وولاتی شیلی لە شاری « سانتیاگو »ی پایتەخت خۆپیشان دانیکی توندیان ریك خست بۆ نارەزایی دەربرین بەرامبەر گران بونی خواردنی منداڵ ، وەلەم خۆپیشاندانە دا .نوێنەرانی کۆمەڵە ئافرەتەکانو ئافرەتانی پارتی کۆمونیستی شیلیو پارتی سوشیالستو جوڵانەوەی یەکگرتوی میللی بەشداریان کردبو .

● یەکیتی گشتی ئافرەتانی « کوبا » دەست کەوتەکانی خوی لەماوەی نۆساڵی دامەزراندیا بەرچاو خستوە ، ئەویش لەو ئاهەنگە مەزنەی بەم بۆنەیەوە گیراوە، ئەوەی شایانی باسە ملیونیكو سەدو سی ئەندام ئافرەت لەم [illegible] یەکیتیەدا کارئەکەن ، وە یەکیتی ناوبراو لەماوەی ئەم نوساڵەدا خەباتیکی مەزنی کردوە بۆ بەشداری ئافرەت لەبەرهەم هێناندا .

● یەکیتی ئافرەتانی جیهان بەیانیکی بڵاو کردەوە هاوکاری تەواوی دەربریوە بۆ خەباتی گەلی ڤیتنام ، ئەم بەیانەش نارەزایەکە بۆ ئەو ووتارەی سەرەکی ئەمریکا « نیکسون » دابوی وەتیا سەلماندبوی کە دەست دریژی بۆ سەر گەلی ڤیتنام بەردەوام ئەبێت ، وە یەکیتی ئافرەتانی جیهان پشت گیری داواکاری ئافرەتانی ئەمریکاو هەموو هیزە ئاشتی خوازەکانی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکای کردوە کە داوایان کردوە بەدوای هێنانی شەری ڤیتنامو هەوڵدان بۆ جی گیر کردنی ئاشتی بەبێ بەندو مەرج .

## ئاموژگاری بو پەروەردە کردنی منداڵ

خوشکی بەرێز :
لەسەر هەموو دایکێ پیویستە بە ئارامو لەسەرخۆ بێت لەگەڵ منداڵەکانی ، وە ئەم جورە ئارام گرتنو لەسەر خۆیەی ئێمە مەبەستمانە ، دوورە لەمەسەلەی زۆر بەدەمەوەدانی منداڵو .نازدانیزیاد لەپیویست وە مل کەچ کردن بۆ هەموو داواو خواستیك کە منداڵەکانمان ئەیکەن ، نەء ، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە ، دایك لەسەریەتی تورەو توندو تیژ نەبێت لەگەڵ منداڵەکەیا ، بەم جورە ئەتوانێ وای پەروەردە کات دواروژ ئەندامیکی وریاو باشی لێ دەرچێت .

لەبەر ڕوناکی ئەم ڕاستیەدا ئاموژگاری بێت بۆ هەمو دایکیك ، لەسەرخۆ لەگەڵ منداڵەکانی بجولێتەوە، وەبزانی چون ئاواتو ئارەزویان ئەهێنێتەدی، ڕای نەهێنی بەوەی ترسنوك بێتو نەوێری بجولێتەوە .

لیدانو تورەیی بەرامبەر بەکار بهێنرێت ، چونکە ئەم کارە ، ئەبێتە هوی شکاندنەوەی منداڵو بەناتەواوی پەروەردە ئەبێتو لە پاشەڕۆژا زیانیکی گەورە ئەدات لەو منداڵە ... دورنیە قین بەرامبەر ماڵو دایكو باوكو خەڵکی پەیا نەکات کەواتە لەسەرمانە ، لەسەر ئەو ڕێگاو شوێنە جگەرگوشەکانمان پەروەردە کەین کە لە هەموو ڕویەکەوە سود ئەبەخشێ .



### پاشماوەی ( بیریکی راگوزاری )

● جا چار ..

ـ چار « هەلکیشانی هەمووخراپیەك لە بنەرەتەوە » «قسە هەزارەو دووانی بەکارە » بە« دەمە چیت لی کەمە » زیاتر راستیمان لی روون ئەبیتوریگای ئاسان ئەگرین « کە راکردنە لەراستی » وە « راستی گرانەو » « ترسنوك خوی لی گیل ئەکات ! » .

ـ کەواتە شورشیك لە« رەوشتا » بەلی چونکە کار بەمشیوە یە بروات « رەوشت توزی بەربایە ! » .

**بەهرە**

## جوانترین منداڵ



● بەرهەم نوری ئەحمەد ●




● بەناز فوءاد ●



● سیپەل نوری بامرنی ●

institut kurde de paris



# هونەر

## ووتوو یژیك لەگەڵ خوشنوس و نیگارکێش «کریم دیار» دا

**ووتو یژیك لەگـــەڵ خۆشنوس و نیگارکیش کـاك ( کریم دیار ) دا •**

پ١ - ئایا ئەتوانی کورتەیەك لەمێژووی ژیانی هونەریت باس بکەی ؟

و - لە منالیمەوە هونـــەر بەهرە بووە لەلام ، هــەوڵ و تەقــەلایەکی زۆرم دارە بۆ



پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئەم بەهرەیە ، لەبەغداد پەیوەندیەکی بەتینم لەگەڵ هونەرمەندانا هەبوە ، کاتی گەرامەوە هەولێر نوسینگەیەکی خۆشنوسی و نیگارکێشیم کردەوە، بۆ ئەوەی لەم کونجەوە بتوانم بەئەرکی




سەرشان هەڵسم •

پ٢ - ئایا چیت بەدەستەوەیە ؟

و - دەمێکە لەدوو تابلۆی گەورەدا ئیش ئەکەم کەتائێستا تەواوم نەکردوە هەرکاتیکیش کەکوتاییم پێهێنا بەشانازییەوە بڵاوی ئەکەمەوە•

پ٣ - تائێستا لەچ پیشانگایەك بەشداریت کردوە ؟

و - نەء •• بەلام ئیستا وا لەگـــەڵ هەندی هونەمەندانی هەولێر خەریکین کەپیشانگایەکی هونەری لەناوشاردا بکەینـەوە



- بەتایبـــەتی - وهونەری کوردی بەگشتی ؟

زۆریش لەسەر ئەم ئامانجـــە پیرۆزە سوورین •

پ٤ - ئەو بەرهامانەی کەتا ئێستا خستوتە ناوەوە ؟

و - تائێستا زۆر بەرهەمم لەتابلۆی کومەلایەتی و دیمەنەکانی کوردستان پێشکەش کردوە ، هەروا چەند تابلۆم بۆ دەرەوەی وولات ناردوە وەك : ( کچـان دەچنـــە ریواســـان ) وە ( دارشکێن ) وە ( سەرچنار ) وە ( چیای قەندیل ) هــەروا ( درویّنەی کوردی ) •

پ٥ - بزوتنەوەی هونـەر لەشارەکەتا چۆنت دێتە بەرچاو

و - بەراستی هونەرمەندانی شار کەمتەرخەمییان نەکردوە لەو ئەرکەی کەلەسەرشانیانە، هەریەك بەپێی توانا ، میللەتی کوردیش حەقی ئەوەی هــەیە کە بەشانازییەوە بلێ : خاوەن هونەرم • بـەلام ئەوەی جێی داخە تائێستا هونەرو هونەرمەندان لای ئێمە تەقدیر ناکرێ وجێی بۆ تەرخان ناکـرێ و هان نادرێ • دوا ووشەم بۆ هونەرمەندانیش ئەوەیە کــە ( هەرچەند لەهونەردا بالا بیت هێشتا نەگەیشتویتە هیچ ! )

⊙

## لـەم لاو لـەو لا

### بوسینەما

بێ‌گومـــان هەموو ئەزانین کەســـینەماو تەلـەفزیون ، داهێنانیکی تازەو بەکەلکی ئەم سەردەمەن و دەورێکی گـەورە ئەبینن ، ئەگەر بەباشی بەکار بهینرین ، بۆ چاوکـردنەوەی میللەت و بەرزکردنەوەی رادەی زانیاری کۆمەل • لەبەر ئەوە ئەبێنین لە وولاتە ســـەرمایەدارەکان لە روژئاوا و لەوولاتە دواکەوتوەکانا ئەسپی چەپەلی خۆیان لــــەم مەیدانـەدا - هەتاتوانیوە - تاو داوە بۆ ئەوەی هەمو روالەتێکی چاکەو خێر کەلەم دووشتە بەنرخەدا هەن بکەن بە ژێرەوەو پریان کردوون لەشتی هیچ و بووچ و زیان بەخش لە سینەماکانمان‌دا کەبوون بەبازارێکی داخراو بۆ فلیمی روژئاوایی بە شـەوو بەرۆژ ژهرە بلاو ئەکرێتـەوەو ئەفرۆشریت بە میللەت ، لـە لایەکەوەفلیمی جاسووسی کردن لەلایەکی ترەوە دزی و کوشتن ، لەلایەکی تریشەوە داوێن‌پیسی بێجگە لەبلاوکردنەوەی گیـانی دووبەرەکی لەبەینی‌نەتەوەکان و رەگەزەکانی دنیـــا و هێرش بردنە ســـەر اشتراکیەت و جوولانەوەی رزگاری وشۆرشگیری جیهان • بەداخەوە ئەلێم کەبەشێکی‌زۆری سینەماکانمان خەریکی بلاوکردنەوەی ئـەم جورە فلیمانەن ، مەگەر جارجار - بەرێکەوت - فلیمێکی ولاتە اشتراکیـــەکان یان فلیمێکی روژئاوایی باش بهێنن و ئیشی پی‌بکەن •• ئێمە لیرە بەدەگمەن فلیمیکی ئەو ولاتانە ئەبێنین لە سینەماکان ، ئـەو فلیمانەش یان‌کۆنن یان زۆریان لێ‌پچریوە خوش ئەوەیە کەلـــەم ماوەی دوایی‌دا فلیمـــی بەناوبانگـی ( شەروئاشتی ) لیون‌تۆلستوی کەفلیمێکی سوڤیاتی‌یە وەکـو ئەیان ووت حکومەت قەدەغەی کردوە کـــە لەسلیمانی ئیش بکات !•• هەروەها فلیمـــی ( جیڤارا ) ش هەمان قسەیان لێ ئەکرد !•• ئەمە لەجیـــاتی ئەوەی کە حکومـــەتی ئـەم سەردەمە تازەیەمان ، بایەخ بدات بەو جورە فلیمانە زیاتر لەهی‌تر !•• حکومـــەت ئەبێ خۆی هانی ئەوە بدات کــە ئەو جورە فلیمانە ئیش پێ‌بکرێت ، بێجگە لەوەش پەیمانی رەسمی وریکەوتنی فراوان پێك بهێنێ لەگەڵ دەزگاکانی ســـینەماو تەلەفزیون لە وولاتە اشتراکیەکاندا بۆئەوەی فلیمە تازەکانیانمان سال‌بەسال بۆبنێرن وهاوکاری الەگەڵ دەزگـــا نیشتمانیەکانی عیراقدا بکـەن بۆ بەرزکردنـــەوەی رادەی سینەما وتەلەفزیون وبەرهـەم هێنانی‌فلیمی باش و پێشکەوتوو لەعیراق خویدا وبەهەردو زمانی عەرەبی وکوردی •• لەهەمـان کاتدا پێویستە زەریبـــەی زۆروگران بخرێتە سەر ئـــەو فلیمانەی کەلە روژئاواوە دێنە عیرق وزیان بەخشـن وەکـــو ئـەو فلیمانەی کەلە ســـەرەوە باسمان کردن •



**تەلەفزیۆن :**

لیرەدا پێویســـــتە ئەوەش بنوسـرێ کــــەدەربـارەی تەلەفزیونی کەرکووکە • کــە پێویستە ئەم تەلەفزیونە رادەی بەرز بکرێتـەوە لەلایەکەوە ، لەلایەکی تریشەوە پێویســـتە بـەشی‌زۆری بەرنامـــەکانی بەزمانی‌کوردی بێت‌وەبوئەمەش پێویستە دەزگاکانی حکومـەت یارمەتی‌بدەن وپرۆژەیەك دابنێن لەسلیمانی و کەرکووك و هەولێر بۆئەوەی‌رادەی هونەرو زانیاری وئەدەبی کوردی پێش‌بخـەن ، تاکوو ببێتە بناغە بۆ بەرنامـە کوردیەکـــان لە تەلـەفزیۆنی کەرکووکدا •

**هۆگر گۆران**

( لقی کۆمـــەڵێ هونەروو یژەی کوردی - لە بەغدا )

داوا لەگشـــت برادەران ئەکەین کـــە خاوەن بەهرەو توانای هونەریین وەك ئەمانەی خوارەوە :

١ - مۆسیقا •
٢ - هونەرەکانی تەشکیلی•
٣ - هونەرەکانی شانۆگەری
٤ - هەلپەرکێی کوردی •
٥ - گۆرانی کوردی•
٦ - نوسین لەگشت‌بابەتەوە ( شیعر - چیرۆك - پەخشان )

کەوابێن و ناوی خۆیان تۆمار بکەن ، بۆ بەشدار بوونیان لەم لقە بەزوترین کات لەدانیشگەی هونەرە جووانەکان لای برادەر کاك - عەتا قەزاز - ، دوای ئەوەی کە پەیرەو و پرۆگرامی ناوخۆیی ئـەبێنێ ، جـــا ئەمێنێتە سەر خواست و ئارەزووی خۆی •

**لقی هونەرو وێژەی کوردی**
**- بەغدا -**
**لێژنەی بەرێوەبەر**

# هونەر

## چاو پێکەوتنێك لەگەڵ هونەرمەند جردیس عزالدین



پ١ ـ ئایا چ چیژوزەوقێكو مەبەستێك بوو ، بوە هۆی دەست داڵنت بەهونەری مۆسیقا ؟

و ـ ئەوەی لەبیرما بێ من هەر لەمنالییەوەهەستو سۆزم بۆ ئاواز دسازو مۆسیقا لارنەبوەوە ، خۆشترین کاتیشم ئەو کاتە بوو کە گویم لە پارچەیەك موسیقا ئەبوو، دیارە دەورو پشت و برادەر هونەرمەندەکانی کۆلانەکەمان دەورێکی باشیان دیت لەپەرەسەندنو پێشکەوتنما لەم بارەیەوە •

پ٢ ـ کامە هونەرمەندی کوردیو عەرەبیت بەدڵە ، وەبۆچی ؟

و ـ لەهونەرمەندانی کورد مامۆستا شەماڵ صائب کەیەکەم سازندە بوو شێوەیەکی نوێی بۆ مۆسیقای کوردیمان هینایەکایەوە وئاوازی کوردی پیشخست ، هەروا مامۆستا علی مەردان و طاهر توفیقو خوالی خۆش بوو کاویس ئاغا هەموو گورانی بێژانی فولکلۆری کوردی •

پ٣ ـ ئایا چ کەرستەی خاوی فولکلۆریمان هەیە کەببێ بەسەرچاوەی بەرهەمیموسیقای پێشکەوتوو ؟ وەچۆن ؟

و ـ هیچ گومان لەوەدا نەماوە کەمیللەتی ئیمەی کوردیش لەووی سامانی فولکلوری‌یەوە زور زور دەولەمەندە و حەقی شانازیشی بەم سامانەوە هەیە ، هەزارەها دەقی لاوكو حەیرانو بەیت ولاژەو سیاچە فانەو هورەی جافیمان هەیە کەتائێستا ئیشی لەناو نەکراوە ، جا هونەرمەندانو رۆشنبیری و شیری حەلاڵی خۆان ••!

پ٤ ـ تائیستا لە هیچ ئاهەنگ وزەماوەندێکشی ناوشارو دەرەوەی بەشداریت کردوە ؟ وەئەو گورانی وئاوازانەی کەپێشکەشت کردون چی‌یە ؟

و ـ لەهەندێ ئاهەنگی ناوشارا بەشداریم کردوە ، دووئاوازم هەیە ( نسرینی ـ عبدالله دلسۆز ) (لەچیم توراوی ـ هیوا سید احمد ) نیازبارمم ئەو قاوغەیەی کە تائێستا کروشکەم لەناوی بەستبوو بشکێنم ولەدورە پەرێزی دوورکەمەوە و لەگەڵ ببرا هونەرمەندە جگەرسۆزەکان بێمەمەیدانی کارەوە •

پ٥ ـ ئایا هیچ پرۆژەی هونەریت بەدەستەوەیە ؟

و ـ تائێستا دوو ئاوازی نوێ لەبەردەستمایە ، یەکێکیان لە شیعری عثمان شاری‌یە ، دوەمیان دوو قولیەکەی کاك فوءاد سید محمدە • جگە لەمە ئێستا واخەرێکی دامەزراندنی تیپێکی موسێقام ـ لەگەڵ براکانما ـ بۆخزمەتی هونەری سەرفیرازی کوردی •

## دەنگ و باسی هونەر

× لە ١٦ی ئەم مانگەدا هونەرمەند اکرم سعید ،ـ پیشانگای تایبەت بەخۆی ، لەهۆڵی قوتابخانەی ناوەندیی کچانی سلێمانی ئەکاتەوە •

× لەم رۆژانەدا ولەژێر چاودێری دەزیری روشنبیریو راگەیاندن منالاتی قوتابخانەی موسیقا کەسەر بەم وەزارەتەوەیە بەگێرانی یەکەم ئاهەنگی موسیقایان لەسەر شانۆی هۆلی خولد هەڵساون •

× لەحەفتەی رابردودا پیشانگای نوتوگرافی هینی وێنەگری سلوڤاکی ( مارتن مارتینگ ) کرایەوە ، کە کامسیرەی ئەم هونەرمەندە بلیمەتە گرتویەتی دەربارەی گشت کونجەکانی ژیان ، لە وولاتی چیکوسلۆڤاکیادا •

× لە ١١ـ٣ـ١٩٧٠ ئەم مانگەدا چیرۆکی ( گیچ ) لەسەر شونۆی سانەوی کوران لە سلێمانی پێشکەش ئەکرێ •

× لەپێشبرکەی ئەم ساڵەدا ، وینەی دەسکردی منالاتی ٦٠ وولات کەگوڤاری شانکارشی‌یە هیندستانی پێی هەڵئەستێ ، پێشاندرا ئەوەی شایانی باسە کچە قوتابی‌یەکی سوڤیاتی ـ ١٥ ساڵ ـ بەرزترین خەلاتی لەم پێشبرکەیە بەرکەوتووە •

× مەرجەکەی تاکە حەوێز ـ تەمسیرییەکەی ئیزگەیی‌یە ، بەم نزیکانە لەلایەن قوتابیانی هونەرەوە پێشکەش کرا کە لەنووسینی کاك طلعت سامان بو •

× بریاروایە کە فیلمی ـ سەدویەك شەو لەبەغدا ـ دا کە هونەرمەند قاسم سعدی دەری هێناوەو سەرپەرشتی‌ی کردوە ـ لەچیکوسلوڤاکی‌یادا ـ لەم دوایی‌یە لەپیشاندانێکی تایبەتیا لە ـ بەغدا ـ پیشان بدرێ •

× لەم دوایی‌یەدا لەسەر شانۆی ستانپلاڤیسکی ونمیرۆ دا فشینکۆدا ـ لە موسکو ـ باڵێ یەکی تازە کەبەنازناوی ـ ستراوسیانا ـ یە ئیش کردنی تێدا هاتە ئەنجام •

× بەم زووانە یاسای ئەنجومەنی مۆسیقای نیشتمانی دەرئەچی دوای ئەوەی کە وەزیری رۆشنبیریو راگەیاندن بریاری لەسەرئەدا • ئەوەی راستی‌بێ لەمەدا ئەوەیە کەئەم یاسایە زۆرەها کاروباری موسیقی وفولکلۆری وەدەست ئەخات ، کەئێستا تەنیا خەون وپرۆژەیەکە لەلای هونەر مەندو پسێوران •

× ئێستا وینەگری جیهانی ( سەباستیان‌ماتا ) کەزۆر لەرەخنەگران شان بەشانی هونەرمەندی مەکسیکی ( سکۆراس )ی دائەنێن وبەجێگری ( بێکاسو)ی ئەدەنە پێنووس سەر لەقاهیرەئەدا • ئەم هونەرمەندە لەشیلی لە دایك‌بوە ، کەلچەری هونەری لەلای شاعیری ی سوریالیزمی فەرەنسزی ( ئەندرێ پریتۆن) وەرگرتوە • لە ( کوبا ) دا « هاونیشتمانی سەربەرزی » پێدراوە ، لەبەر ئەو هەڵوێستە مەردانانەی کە پێی هەڵساوە بۆ مرۆڤایەتی‌وئاشتی‌و شۆرش لەگشت کونجی جیهانا •



## تریفە

لەرێکەوتی ٦ـ٣ـ١٩٧٠ژمارە ( ٣ ) پەخشنامەی‌سەردیواری ( تریفە ) ناو دەرچوو •

ئەوەی شایانی شانازی‌ودلگوشادی‌یە، ئەم پەخشنامەیەدەستەیەك لەقوتابیانی بەشی کوردی ـ دانیشگەی ئاداب دەری ئەکەن • چەشنەهاووتارو شیعرو چیرۆكوفولکلۆر ورۆشنبیری کوردی تیا بەدی‌ئەکرێ •

هیوادارین ( تریفە ) هەوڵ‌ئەقەلایەك وپرۆژەیەك بی‌بۆئەوەی‌ببێ بەگۆڤار یارۆژنامەیەك ولەم بەشەوە سەرهەڵبداتو هەموو ئەو پێنووس‌وبەهرەو توانا گەنجانە لەدەوری خۆی کۆ بکاتەوە •




institut kurde de paris

چیروکی ژمارە

# ریبوار و ریگا

صدرالدین عارف



تیشکی خـور لەپشت شاخەکـەی بەردەممانەوە دەرکەوتو رەنگیکی زور دلگیري دا بەسەر بەفری لوتکـەو قەدپالی شـاخەکانی دەورو پشتمانا • قوراوی ریگاکـە بەتەواوی بیزاری کردبـووم • هەر چەندم ئەکرد نەم ئەتوانی بگەمە حەمە غەریبی هاوریم ، کە بە هەنگاوی بەهیمنی‌یـەوە ئەرویی •

هاوریکەم ، خوی لەقوراوی ریگـاکە لاداو کویرەری‌یەکی زیخاوی ، کە بەرەو شاخەکەی بەردەممان ئەرویی ، گرتەبەر • ئنجا ، پاش ئەوەی کەنزیـک پارچە شاخیکی زل بـووەوە ، ئاوریکی دواوەی‌داو ، بانـگی کردم •

زور مانـدوو بـووم • جگەرەکەی دەستم‌فری‌دا • ئەمە چوارەم جگەرەیە کـە لەنیوەی کەمتری بکیشم‌و فری‌ی دەم • لەبەر هیلاکی لەشم وەلامـی هاوریکەم نەداوە • چاوم هـەر لەقوراوەکەی بەرپیم بوو • وام بەبیراهات کە ئەگەر ئـەم بەشەی ریـگاکە تەواوبی پاشماوەی گەشـتەکەمان زور سووك‌و ئاسان ئەبیت • کەلی‌ی نزیك بوومەوە ، هاوریـکەم ووتی :

« لیرەدا جگەرە خوریـك دائەنیشین ، بو ئەوەی توزیـك بحەسیینەوە» • وەلامم نەداوە• بەتەواوی شەرم دای‌گرتبووم • ئەم زانی ئەم حەسانەوەیەی لەبەر منە چونکە ئەمە یەکـەم جارمە کەشەوو روژیك بەسەر پیوەبم • پرسیم :

« زورمان ماوە بگەینـە گوندەکە ؟ »

هاوریکەم چاوی بریبووە ئەو جگەرەیـەی ئەیپیچایەوەو ، تفەنگەکەشی نابووە باوەشی • ووتی :

« دوو سەعاتە ری‌ي‌ماوە » •

جگەرەکەی پیچایەوەو،زمانیکی بەدریژایی جگەرەکەدا هینـاو بەچەرخەکەی دایگیرساند پاش بی دەنگی‌یەکی کورت ووتی : ئیشەکەی چی‌یەو هـەولی

پاش حەسانەوەیەکی کورت

« ئەم ریگا بەقورگـیراوە بـەرازی لی دەرناچی ، زور ماندووی کردین » •

ئەمزانی بـەشی دوایی قسەکەی دلدانەوەیەکە بو مـن لەتەنیشت هاوریکەمەوە ، بەبی دەنگی ، دانیشتم • هەستم بەوەکرد کە دەمارەکانی رانـم بەتەواوی توند بوون ، خورپەی دلیشم لە جاران خیراتربوو • شیوەی باوکم هاتەوە بـەر چاوم • باوکم کیسەتووتنەکەی هەر بەدەستەوە بوو ، بەپشت نەبەستراوی ، هەتا کادانەکەی پشت مالمان کەوتەشـوینم هەولیکی زوری دا بوئـەوەی نەکەومە شوین حەمە غەریب • بەگویرەی قسەکانی بـاوکم ، حەمە غەریب لەپانزە سالی‌یەوە کەوتوتە ویل‌بوون‌و دەربـە دەری • « بو ماوەی پانزە سال کەس نەی ئەزانی لەکـوی گیرساوەتەوە ، یەکی ئـەیوت مردووە • یەکیکی‌تر ئـەیوت چووە بویەکی لەشارە گەورەکان بو ئیش‌کردن • هەریەکـە قسەیەکی ئەکرد • روژیکیان ، من‌و سوفي عەلي ، لەسیبەری دارتووەکەی بەردەم مزگـەوت دانیشتبووین ، جـگەرەمان ئەکیشاو باسی دنیامان ئەکرد، لەناکاو ، لاویکی بالا بـەرزی تیك سمراو رووی‌لیمان کردوو بەگـەرمی دەنگ‌و باسی گوزەرانی‌ی ئیمەو زوربـەی خـەلکی گوندەکـەمان گەرانەوەی حەمـە غەریب رووداویکی گەورەبـوو لەگوندەکەمانا • ئـەم لاوە خوین‌گەرمە ، بەزمانی پاراوو ، بەقسـەی سـەیرو سەرسوورینەری ، بیرواری بیروورای خەلکی گوندەکەمانی بەتەواوی شلەژاندبوو • چەند جاریك لەگەل مەلا سـەعیدا کەوتە مشت‌ومر • ئەوی جی‌ی سەر سوورمانە ، تائیستـا لەهیچ گوندیك نەیتوانیـوە ئوقرە بـگریت ئیشـیکی بەدەستەوەیە ئەگەر تەواوبی ، وەکوو خوی ئەلی ، ئیتـر بەتەواوی جوری ژیـان‌و رابواردنی ئەگورری ، بـەلام تائیستا بەکـەسی نەووتووە

کە گەشتەکەمان بەم‌جـورە چی‌ئەدا • » وادیار بوو باوکم گەلی‌شتی تری ئەزانی ، بـەلام نـەی ئەویست دەریان‌بخا پیویستیش نەبوو • زوربـەی ئەوشـتانەم لەخەلـکی گوندەکەمانەوە بیسـتبوو • ئەمزانی هاوریکەم تائیستا ملی بو زور لانـاوە بوچـارە سەرکردنی ئیش‌و کاری خوی • ئەمزانی ئەم‌جارەش هەر بـو ئەو مەبەستە هاتووە ، لەبـەر ئەوە زور بەپەروشەوە هاوری یەتیم کرد ، بو ئەوەی شـتیك دەربارەی تەنـگ‌و چەلەمەکەی بزانم •

دیسانەوە کەوتینە رویشـتن ، ئەوەندە پیرم لـە ئەنجامی گەشتەکەمان کردبـووەوە ، میشکم بەتەواوی قور بـوو بوو • ئەم پیاوە پیرە کی‌یـە کە بەلینی چـارە سەرکردنی مەسەلەکەی پی‌داوە ؟ هـەر چەندبـیرم ئەکـردەوە نەئەگەیشتمە هیچ ئەنجامیك •

کە گەیشتینە گوندەکـە چیشتەنگاویکی درەنگ بوو • چونکە لەدەمیکەوە بـیرم لەئەنجامي ئەم گەشـتەم ئـەکردەوە ، بـەتـەواوی شلەژابووم ، بەلام بەهیچ هیچ جوریك چاوەروانی‌ئەوە نەبووم

کوتایی بیت : ئەوکابرایـەی کەبەشوینیا ئەگەراین سی چوار روژ لەوپیش مردبوو ـ کەسیش نەی ئەزانی بون‌و لەبەرچی !

کەسەیریکی هاوریکەم کـرد بەتەواوی سەرسام بـووم ، چونکە بەهیچ جوریك هەسـتی بەناکامی نەئەکرد ، بەلـکو بەپیچەوانەوە سـیبەری زەردەخەنەیەك بەسەر لیوی‌یەوە دیاربوو • بی ئەوەی خـوی تیك‌دا ، دەستی گرتـم‌و لەگوندەکەی دەرکردم ، ئنجا بەندرمی‌یەکەوە ووتی •

« وادیارە ئەبی لەسەرەتاوە دەسی پی‌بکەینەوە ! » •

## روون کردنەوەیەك

ساجد ئاوارە

کاك ( احمد سـید علي ) لەژمارە (٧)ی هاوکاری بەریزدا لەسـەر نووسینەکـەم ( سەرەتایەك ، دەربارەی کورتە چیروك ) چەند گلەیی‌یـەکی کردبو ، بو روون کردنەوەی :

١ ـ بەلی ئەو نووسینەم بو ( پیشەکی ) چیروکەکانی کاك ( احمد سید علی )م نووسـی وابزانم سالیك زیاترە •••!

٢ ـ لەپیش دووسی مانگ پتر تریش کاك ( احمد )م لەلای سینەمای سـیروان دی ، وە وابزانم هەندی لەقسەکانی خوی لەبیرچوەتەوە کە ووتی ( رەقابە دەفتەرەکەی بو مورنەکـردم‌و نووسینەکانیش سـەری تیاچووە ) بەلام پـیروزبایی لی‌ئەکەم کە بە ( چپە )کـەیا دەرکەوت دەفتەرەکە ماوە ••!

٣ ـ نووسینی پیشەکی‌یەکە لام مابووو ووتم ئەگەر دەفتەرکە چاپ نەکری بوچی بفـەوتی هەندی دەست‌کاریم کردو بـو ( هاو کاری )م نارد بوسوودی گشتی بلاوبکریتەوە ، بەبی هیچ نیازیکی خراپ

٤ ـ هـەر نووسـینیك لەگوفاردا وەیا لەروژنامـەدا بلاوکرایەوە ، مانای ئەوەنی‌یـە مافی بلاوکردنەوەی جاریـکی تری بفەوتی ••!

٥ ـ هیوا دارم کاك ( احمد ) ئەوە لەدلی خویا بسریتەوە کـە وابزانی من پیم ناخوش‌بـوو ئەم ( سەرەتایە ) لە کتیبەکەی ئەودا بنووسری بویـە وام کردووە تا رزگارم بیت ••!

من هیوای گەورەم بـەکاك ( احمد )ە چونکە لاویکی ژیری لی‌هاتووی خاوەن هەسـت‌و تیبینی ووردە ، وە ئامادەم لـە هەموو کاتیکا بەپی‌ی توانا لەمە باشتر یاریدەی بدەم چونکـە لای‌من پەئەندامیکی کـوردی بەنرخ دراوەتە قەلەم •

زور سوپاسی هەلسورینەران‌و روژنامەی ( هاوکاری ) ئەکـەم کەبەم دەمە تەقی‌ی برایانـە ، هەندی جی‌ی نووسـینمان لی‌تەنی ••!

institut kurde de paris

# شۆڕشی ڕۆشن بیری لەچین دا



**شورشی روشن بیری لەچیندا**

بەلام بووە چون سیستەمە سوشیالیستەکان هەل‌ئەقولێن؟ رون کردنەوەی ئەمە ئاسان ئەبێ ئەگەر سروشتی سیستەمی سەرمایەداری شی‌کەینەوە ، کەوابو سەرمایەداری چی‌یە ؟

سەرمایەداری ئەوسیستەمەیە کەلەسەر زەبروزەنگی سەرمایە بەرامبەر کرێکاران پێك هاتووە ئەمیش لە رێککەی دەست گرتن بەسەر کەرەستەی بەرهەم هێنان ، دوواجار هەل‌لووشینی روژانەیان لە رێگەی بازرگانی‌و قازانجی‌نارەواوە وەبەو قەدەرەی سەرمایە نیشوونما ئەکات ، ئەوەندە دەرەفەتی راورووت کردنی خەلکی زیباترو فراوانتر ئەبێت . بەواتەیەکی تر دەرفەتی زیندوی سەرمایە لە دەست‌سەپاندنە بەسەر توانای کرینی ( القدرة الشرائیة ) میللەتان‌و دزینی بەرهەمەکانیانە .

سەرمایەداری بەسێ قوناغی مێژویی تێ‌پەریووە ، یەکەمیان قوناغی داهاتن‌و ئیستثماری ناوخویی ، دووهەمیان قوناغی نشوونما کردن‌و فراوان بون‌و ئیستثمار کردنی سامانی سروشتی‌و کەرەستەی خاوی پێویست بوپیشەسازی ، سێهەمیان قوناغی پەرەسەندن‌و داگیرکردنی وولاتان‌و بەشداری کردن لەگەشەدن بەتوانای کرینی میللەتان تانەو پلەیەی کە بەردەوامی فروشتنی بەرهەمەکانی زامن ئەکات‌و بەس .

لەم سێ قوناغە دەوری ئیستعمار لەپشت‌گیری کردنی سەرمایەداری ئاشکرا ئەبێت بەتایبەتی لە دەوری دوهەم‌و سێهەمی سەرمایەداری کە گەشەی‌دا بەهەندێ پارچەی هەژار لە رووی کەرەستەی خاوو پێشی‌خستن لەسەر حسابی هەندێ پارچەی‌تر کە دەولەمەندبو بەکەرەستەی‌خاو . پاش ئەم پلەیەر پاش ئەوەی بازرگانی بەو پەری سەربەستی کە هەیبو نەیتوانی هەرزنترین نرخ بو بەرهەم هێنانی سەمایەداری زامن‌کات ، ئیستعمار خوێ تێ هەلقورتاند بو ئەوەی میللەتان بەزەبری‌زور ناچارکات سامانی خۆیان بخەنە ژێر دەست بەسەرا گرتنی سەرمایەداری جیهانی ، هەروەها هەموو توانای مروڤایەتی خستەکار لە رێگەی سەپاندنی سیستەمی بێگاری لە هەموو ئەو شوێنانەی کە دەولەمەندن بەکەرستەی خاو .

ئیتر بەم‌شێوەیە چەوساندنەوە چەسپا تاوەکو میللەتانی چەوساوەو راورووت کراو بەرەبەرە هەستیان بەمەترسیەکانی مانەی سەرمایەداریان کرد ، کە ئیستعمار پشت‌گیری ئەکات ، وەبەرەبەرە دەستی‌یان کرد بەمومارەسەی مافی خویان لەبەرپا کردنی‌شورش لەپێناوی رزگاری سیاسی‌و ئابوری .

لەمەوە گێرمەوکێشە دەستی پێ‌کرد کەسەرنجام ئیستعماری نوێ دروست بو ، ئەم ئیستعمارە نوێیە توانی روخساری رزگاری سیاسی بشێوێنی لەرێگەی دامەزراندنی نوکەرەکانی خۆی ، وەلەجیاتی ئەوەی راستەو خوحوکم کات، حوکمی دایە دەست کونەپەرستەکانی نوکەربوی بەرێووەبەرن‌و بەرژەوەندەکانی بپارێزن ، نەك‌هەر ئەمە بەلکو رزگاری ئابوریشی شیواند ،

بروانە ل ١٥

نووسینی :

عبدالرحمن ابوقوس

وەرگێری : پ



## وەرزش وەرزش وەرزش وەرزش وەرزش



**هەوالی وەزرش لە جیهاندا**

● لە دەورەی شەشەمی گەمەکانی ساحەو مەیان لە هولە داخراوەکان کە لە ئەلمانیای دیموکراسی کرا ، کچە ئەلمانی‌یەکە [ کارییف بلیزر ] ژمارەیەکی قیاسی جیهانی نوێی تومار کرد لە راکردن بەسەر تەگەرەکانا بو ماوەی ( ٥٥ ) م کە بەحەوت سانی‌یەو پێنجێکی سانیە بری‌یەوە .

● ئیسماعیل شافعی پالەوانی تنسی عەرەبی سەرکەوت بەسەر پالەوانی ئوستراليا ٦ بە ٣ وە ٦ بە ٣ لەو گەمەیەی کە لە لەندەن کرا ، بەمە ئیسماعیل بو بەپالەوانی جیهان هەروەها خەلاتێکی وەرکرد کە دە هەزار پاوەن بو ، ئەوی شایەنی باسە ئەمە دووەم جارە ئیسماعیل لەپالەوانی ئوستراليا ئەباتەوە جارەکەی پێشوولە ئەمریکا لێی بردیەوە .

● هەلبژاردەی ئیتالیای توپی پێ لەگەل هەلبژاردەی مەکسیك یەك بەیەك دەرچو لەو گەمەیەی کە لەسەر یارگەی مکسیکوی وەرزش کرا ، کە زیاتر لە (٥٠) هەزار سەیرکەر هاتبوون بو بینینی .


● بریاردرا لەسەر ئەوگەمانەی کە لە دەورەی دوستایەتی نێوان ك . ع . ی‌و یەکیەتی سوڤیەت برێتی بن‌لە توپی پێ‌و نیشان‌و بوکسێن‌و شەرەشیرو یاری گەشتی هاژوتن .

**چی ئەزانی دەربارەی یاشین گەورەترین پاریزەری گۆل**

لە ٢٢-١٠-١٩٢٩ یاشین لە دایك بووە وە لەناو مالێکی کرێکارانە پەروەردەبووە ، باوکی ئیڤان یاشین بووەو دایکی ئەلکسەندەرا بووە،وەکو هەموو منالانی‌تر تەمەنی بردە سەر ، بەلام جەنگی جیهانی نەیهێشت خوێندنی تەواوکات، بویە لەتەمنی ( ١٢ ) سالی‌دا بو بەکرێکار لە کارگەیکا . لەو سالانە ئارەزووی یاری کردنی توپی پی لای یاشین دروست بوو پەرەی سەند بویەکەم جار بوبە پارێزەری گولی کارگەکەوە لەوێوە بو تیپی دیناموی بەناوبانگ پاش دووسال لە مەشق کردنێکی زور زەحمەت ئەوەبو لە سالی ١٩٥٤ بوبە ئەندامێکی تیپی دینامو . لەم سالە یاشین یەکەم سەرکەوتنی بەدی هێنا کە یانەکەی بو بەپالەوانی دەوی لەیەکێتی سوڤیتدا ، پاش ئەمە بوبە پارێزەری گۆلی تیپی هەلبژیراوی سوڤیەتی ، سەرەنجام یاشین هەلبژیررا بەچاکترین پارێزەری گول لەجیهانا .

وەهەرچەندە یاشین لەوکەسە هەرە بەناوبانگانەیە لەجیهانی وەرزشدا وەکو بیلیەو بوبی شارلتون بەلام سەرەرای ئەمە نمونەی مروڤی پاك‌و ساکارە وەباوکێکی خوشەویستی هەردوو کچەکەیەتی [ ئیریناو ئیلینا ] .

لە سالی ١٩٦٧ یاشین هەلبژیررا بەنوێنەری موسکوو ئێستا لە قوتابخانەی بەرزی حزب ئەخوێنێت . چکە لە گەمەی توپێن یاشین زور راوی ماسی‌ی پێ‌ی خوشەو لەم سەفەرەی دووایی بو ئەلمانیای دیموکراسی چەند ماسیێکی گرتبوو پێشکەش ئەوکچانەی کردن کەهاتبونە لای بەبونەی هاتنی بوئەلمانیای دیموکراسی .



institutkurde de paris



## دیمەنی کوردستان



قەلا میژوویەکەی شاری هەولیری شیرین

## لە باخی دوژمنەوە

لە بیریکی شیواوەوە
لەهەستیکی دوڕاوەوە
لە زەلکاوی مەرگی هوشا
لە دەفتەری گەورەی بوشا
باسی کوردو ڕیی کورد کرا
وا ناو برا
« کورد تووشی دەردی گرانی
بی ئامانی
شیرپەنجەی کوشندە بووە »
« هەتا مابی
بە هیچ نابی »
« تاکو ئەمری ... هەر
نووستووە »

●

ئەی میژووی کورد
بیرە گفتار
ئەی پالەی کورد
بیرە ڕەفتار
بام لە ئیوە
لەوەی ئیستاش وان بە ڕیوە
لە بیری تازەی پیشکەوتوو
بیری زیندوو
ئاگری دوزەخی خوش کەین
ئەوەی شورش وەها گوش کەین
(شیرپەنجەکەی) کورد ئاوەدان
هەموو خاکی کوردمان یەکخات

خەزن



شاعیری ئەلمانی : هیلمون برایسلر ، وەرگیرانی : « عەین »

هەن کە ئەلین ...
لەوشوینەی کە قینی لی‌یە ..
جیی خوشەویستی تیانیە ..
بەلام دلنیاین ، خوشەویستەکەم
لەو کاتەوەی ، یەکمان خوش
ئەوی ...
قینمان بەرامبەر سزای ڕەش‌و
نارەوای زیاتر بووە ..

●

هەن کە ئەلین ..
ئەوەی خوشەویستی لەدلایە
لەچەك نزیك نابیتەوە ..
بەلام بەتەواوی دلنیاین
خوشەویستەکەم
لەو کاتەوەی ، یەکمان خوش
ئەوی ..
دەستم لەسەر پیلکەی
تفەنگەکەمە ..
کە ئاراستەیە بەرووی تورەیی‌و
نارەوایا .. توندتر بووە ...

●

هەن کە ئەلین ..
ئەوەی لەجەرگەی تیکوشاندایە
ناپەرژیتە سەر
خوشەویستی ..
بەلام دلنیاین خوشەویستەکەم
لەو کاتەوەی یەکمان خوش‌ئەوی
هەستمان بەپیویستی خوئامادە
کردن‌کرد بو تیکوشان ..
دژی مردنی ڕەش‌و نارەوا .
بەهیزترو بەهیزتر بوە .

## بیریکی ڕاگوزاری

**ورینە !!**
**بەلی ورینە !!**

● کی پاکە ؟
– چون پاکیەك !؟
● پاکی لە هەموو ڕوویەکەوە ! لەخورەوشتا لە بیروباوەڕا ، لەڕوشتن لەسەر ڕیی ڕاست ! لەگەل خوی‌و خیزانی‌و کومەل‌و نیشتمانەکەیا
– پرسیاریکی گرانە !
● بەلی گرانە ، بەلام لەم ڕوژەدا لە هەرکەسیکی بکەی سنگ دەر ئەپەڕینی‌و ئەلی « من » ..!
– دروزن ئەوکەسەیە باسی خوی ئەکات !
● بەلام هەندی وائەزانن « دەمە چیت لی‌کەمە خراپەو تاوانی کردوە بەرامبەر هەموو **شتی تو ئەیگری‌و شایانی ڕیزە** نەك تاوان کردن بەرامبەری ، بەلام کە یەتە سەر لی‌کولینەوەو ڕوبەڕووبون « نەبای دیوە و نەبوران !! بەلی « دەمە چیت لی کەمە ! »
– باوەڕیشیان پی‌ئەکری ! لەگەل ئاشکرایی ناراستیشیا .
● ئەمە بەچی‌لیك ئەدەیتەوە !
– ئیمە لەیەکتری ئەترسین ! بەجوریکی تر « هەموومان لەڕاستی ئەترسیین!» هەموومان « خراپەمان » هەیە ، من ناویرم بەتو بلیم « بەری چاوت کلی پیوەیە » نەوەك تو « لەکل زیاتر بەچاوی منەوە بدوزیتەوە ! » .
● بەلام ئازایەتی‌و ڕاستی !؟
– بەهەموومان قسەی لەسەرئەکەین‌و هەمووشمان ، ژیر پیمان ناوە ! » .

بەهرە

بروانە ل : ٥

## لە هەر باخی گولیك

## گولیك لەڤیتنام

**[ یاداشت لە بەندیخانەوە ]**

ئەمە ناونیشانی کومەلی هونراوەن کە ژمارەیان ئەگاتە سەد ، لەم‌دوایەدا لەشاری «هانوی» بەزمانی فەرەنسی‌چاپ کرا ، وەبەرهەمی سەرەکی ڤیتنامی کوچ‌کردو « هوشی منە » یە ، کە لەماوەی گواستنەوەیا بو ١٨ بەندیخانە لە ناوچەی « کوانگ » لە چین سالی ١٩٤٢ بو ١٩٤٥ نووسیویەتی .


ئەوەی شایانی گیرانەوەیە سەرەکی کوچ کردوی ڤیتنام ئەیزانی یاساولەکانی ئەو بەندیخانانە لەدەستەو دایەرەی « شان کای شك »ن خویندن‌و نووسین‌بەزمانی ڤیتنامی ئەزانن جا ئەیزانی ئەگەر هونراوەکانی بەردەستیان بکەویت ئەیبەن ، لەبەرئەوە هەمووی بەزمانی کونی چین ئەنووسیەوە ، کاتی « هوشی منە » گەڕایەوە بو ڤیتنام‌و دەستی کردە خەباتی ڕزگاری وولاتەکەی ئەم کومەلە هونراوەیەکە « ئەدیبی فرنسی « بورداریل » باسی کردەوە بەوەی : وینەی سروشتە لەسەر ئاوریشم » وون بوو بوون ، بەلام دوای چەند سالیك کابرایەکی لاوی دوزیەوە وە لەهانوی دایەوە بەسەرەکی کوچ‌کردو ، ئەم هونراوانە



نوسەری ڤیتنام « ڤان گویان » وەریگیراونەتە سەزمانی فەرەنسی .

Institut kurde de paris

کوردو عەرەب شادی خویان دەرئە برن بەبونەی ریکەوتنی ئاشتی یەوە



Institut kurde de paris

# هاوكاری

التضامن

روژنامەیەكی هەفتانەی گشـــــتی‌یە

دەزگای گشتی چاپەمەنی‌و بلاوكردنـەوە دەری ئەكـا

تلفون : ٦٩٧٢١

ژمارە (١٠) | ساڵی (١) | شەممە | ٢١ مارت ١٩٧٠ | نوخی (٢٠) فلسە


## نەورۆز




## ری رەوی هاوكاری

كونەپەرستی چاو قوچـاو
لە جەژنی گەل بۆ ئەترسی ؟!
لەگەڵ دزی كۆشك و دراو
بۆ ناتەوێ جەژنی برسی ؟

**

بۆ ناتەوێ گیـانی چلكن
جەژنی پاكی نەورۆزی من ؟
نەورۆزئەكەم ، نەورۆزئەكەم
نەورۆزێكی بەسـۆز ئەكەم

**

جەژنی گەلی پیرۆز ئەكـەم
ئاهەنگی نەورۆز قۆز ئەكەم
وەك كوردێكی دڵسوز ئەكەم
نەورۆزئەكەم ، نەورۆزئەكەم

**

ئەگەر لاپەڕەكانی مێژووی كۆنی نەتەوەی كورد دەور بكەینەوە ئازایەتی‌و نەبەردی ڕۆڵەكانی‌و دڵسـوزیان بەرامبـەر بە خەڵكی تری دۆستو نزیكیان تێ‌ئەگەین •

نموونـەیەكیش لـەو دڵسـۆزی‌و ئازایەتی‌یەی ڕۆڵانی نەتەوەكەمان «كاوە»ی ئاسنگەرو زەحمەتكێشە كە چەند هەزار ساڵ لەمەوپێش بە هاوكاری دەستەیە پیاوی مەردو بەجـەرگ ڕاپەڕی‌و نارەواترین داستانی زوڵمو گوناەو تاوانی هەڵگێرایەوەو « زوحـاكی » خوێن مژی ڕۆڵانی میللەتی كوردو ئێرانی تـەفرو تونا كـردو ئاڵای ئازاد بوونی مرۆڤە زەحمەت كێشەكانی هەڵكردو ژیانی خۆش‌و بێ‌ترس‌و خۆفی بۆ دامەزراندن • هـەر بۆیەش ئەو ڕۆژە پیرۆزە كەڕێەوتی یەكەم ڕۆژی وەرزی بەهارە تا هـەتا هـەتایە جـەژنی سـەربەستی‌و شـادومانی میللەتەكەمان‌و هاوسێكانمانە وە هەر بۆیە ئەو ئازایەتی‌و ڕاپەڕینـەش بـەردەوام هاندەری میللەتەكەمان بووە بۆ خـەبات گێڕاندن‌و كۆڵ نەدان لەپێناوی سەرفرازی‌و خۆشی ڕۆڵانی نەتەوەكـەمان لەهـەر سەردەمێكدا ، بۆ نموونەش هەر ئەم هاندانە كاری كردۆتە سەر زەحمەت كێش‌و دڵسۆزانی سەربەرزی

بـڕوانـە ل ٣

# بروسکەی پیرۆزبایی
# لە کۆمەڵانی گەلی کوردەوە

بە ناوی ئەندامەکانو هەڵبژێراوەکانی کۆمەڵانی جوتیارانی زوڵم لێکراوی قەزاکانی مەخمورو مەرکەزی هەولێر - دەشتی هەولێر - پیرۆزبایی لە ئێوەو خۆمانو ڕۆڵەکانی گەلی عیراقمان دەکەین کەوا جەژنی ئاشتی هاتە دی بەو بەیاننامە مێژوویی یە گرنگەی کە چارەسەری مەسەلەی گەلەمانی کردو مافە ڕەواکانمانی پەسەند کردووە هەتا حوکمی زاتیش لە چووار چێوەی کۆماری عیراقدا •

گفتی پارتی دیموکراتی کوردستانیشمان بە پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکیو فەرمان ڕەوایەتی نیشتمانی کە لە بروسکەکەی خەباتگێڕ مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتەکەماندا هاتووە کە هاریکاری دەکات بۆ جێبەجێ کردنی بەندەکانی بەیاننامە مێژوویی کەی ١١ی آذار، ڕاستترین نموونەی هەستو سۆزی کۆمەڵەکانی گەلەکەمانە پەلەش کردن لەچەسپاندنی بەیاننامەکە پایەو شوێنی عێراق لە جەنگی چارەنووسی عەرەبدا بەهێز دەکاتو دەرفەتیش لە کیس دەرەبەکانو بەکرێ بەگیراوو کۆنەپەرستەکان دەدات، ئەوانەی کە شەیدای گێڕانەوەی ئەو کارەساتە ناخۆشانەن کە بەدرێژایی نۆ ساڵ ئەم وولاتە پیرۆزە توشی بوو بوو •

با بژی برایەتی هەتا هەتای نێوان هەردوو گەلی عەرەبو کورد بۆ پاراستنی سەربەخۆیی نیشتمان •

لیژنەی ناوخۆی جوتیاران - پارتی دیموکراتی کوردستان -
لیژنەی ناوخۆی جوتیاران - ناوچەی هەولێر •

ئەی پاڵەوانە ئازادی خواهەکانی شۆڕش •
بە بۆنەی جەژنی ئاشتیو جەژنی نەورۆزی پیرۆزەوە، جووانترین پیرۆزبایی لە ئێوەو هەموو هێزە چەکدارەکانمان، لە سوپاو پولیسو نێرووەکانی پێشمەرگە دەکەین •

بژی خەباتی هەردوو گەلی عەرەبو کوردو کەمایەتی یەکانی تر • بژی پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی • بژی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرکردایەتی بارزانی • بژی ئاشتی جیهان •

بژی هەردوو تاقە پاڵەوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مهیب البکر و بارزانی •

لە جیاتی کەسو کاری شەهید مصطفی محمد لە تیرەی ڕۆژبەیانی • جلال مصطفی گەرەکی شورجە - کەرکوك •

---

بەیاننامە مێژوویی یە مەزنەکەتان بۆ چارەسەکردنی مەسەلەی کورد بە ئاشتی، دڵی پڕ کردین لە خۆشیو بەشارەت • ئەمە لێدانێکی بەرجەگانەیە لە دوژمنانی هەردوو گەلی عەرەبو کورد • پرۆن بۆ پێشەوەو خواسارتان بخان •

بژی برایەتی عەرەبو کورد بەسەرکردایەتی احمد حسن البکر و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانیش مستەفا بارزانی •

لەجیاتی هەموو تیرەی
شیروانی
سدیق طاهر • احمد توفیق

---

## پیروزبایی کریکارانو کار بەدەستانی چاپخانەی « الجمهورية »

بەرێز سەرەك کومار احمد حسن بکری تیکوشەر •

بەریزان ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش •

ئەو هەنگاوە پێشکەوتویەتی ناتان لە پێدانی مافی نەتەوایەتیو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق بریتی بوو لە دەربڕینی هیواو خواستنی جەماهیری زەحمەت کیشانی کورد کە خاوەنی راستەقینەی سوودی چەسپ بوونی هەمیشەیی و راستە •

بۆ پێشەوە و بەرەو هەنگاونانی پیشکەوتوانەی تر کە بنچینەی برایەتی کوردو عەرەبی پێ بەهێزتر ئەبێ • ئەو برایەتی یەی ئیمپریالیزمو سەهیونیەکانی لەسەر وردو خاش ئەبێ •

کریکاران :
١ - فاروق آدم بیداوید •
٢ - جلال آدم بیداوید •
٣ - قاسم حسین •
٤ - بطرس اسحاق •
٥ - مسعود محمد •
٦ - یوسف سولا •

---

## پاشماوەی ( ڕێ ڕەی )

میللەتەکەمان تا زیا لە نۆ ساڵ قوربانی بدەنو ماڵو گیان ببەخشن بە نەورۆزێکی تر کە سەرفرازیو بەدی هاتنی ئاواتو ئامانجی هەموو کۆمەڵانی نەتەوەکەمانە بەبێ جیاوازی • سا وا ئەم جەژنە پیرۆزەش لەڕۆژی ١١ ڕەشەمەدا هاتە سەر لاپەڕەی مێژووی کۆنو تازەمانو نەك هەر گەلی کوردمانی پێشادو شوکر بوو بەڵکو تێکڕا هەموو میللەتی عەرەبی براو هەموو ئاشتی خوازانو دڵسۆزی مرۆڤایەتیش وەکو گوڵی بەهار گەشانەوەو جەژنیشیان بوو بەجەژنیان • جا ئەگەر ئێمە لە یاد کردنەوەی جەژنی نەتەوەیی مانین، با ئەوە لە ناخی دڵو دەروونماندا نەخش بکەین کە جەژنی نەورۆزی ئەم ساڵمان بوو بەدوو جەژنی مەزن • جەژنی نەورۆزو جەژنی ئاشتیو سەربەرزیو برایەتیو هاتنەوە ڕێز بۆ دامەزراندنەوەو ئاوەدان کردنەوەی کوردستانی

شیرینو عیراقی هەڵدوو گەلی عەرەبو کورد •

زۆریش پێویستە لەم دوو جەژنەماندا گەلێك باسی گرنگ بهێنینەوە بیرمان ئەویش ئەوەیە جەژنی تازەمان بەخوێنی ئاڵو گەشی هەزرەها مەردی کورد، وە بەخێرخوازیو دڵسۆزی هەردوو پارتی پێشڕەو پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکیو پارتی دیموکراتی کوردستان هاتۆتەدی سا ئەم جەژنەو نەورۆزمان لە هەموو کوردیکی سەربەرزو عەرەبێکی براو بەشەرەف پیرۆز بێ وە لەڕێزی پێشەوە لە کاکە احمد حسن البکری سەرەك کۆماری دڵسۆزی هەردوو میللەتی عەرەبو کورد دەلە ڕۆڵەی دڵسۆزی میللەتەکەمان کاکە مستەفای بەرزانی •

---

## گیانی سەعدی

گیانی سەعدی کومەلە شیعریکی شاعیری بەناوبانگی روژهەلات - سەعدی شیرازی - کە لەلایەن مامۆستا - علی باپیر - ە وە کراوە بەکوردی کەوتە بازارەوە •

## شورشی هونراوە

شورشی هونراوە لێکولینەوە یەکی ئەدەبی یە دەربارەی هونەری شیعر کەلەلایەن کاك احمد سالارەوە ئامادە کراوە بەم زووانە ئەکەویتە بازارەوە •

## نەوروزو بەهار

کومەڵە هەلبەستیکی خالە حەبیب علی میرانی یە بەم زوانە دەر ئەچیت •

---

بەیاننامە مێژوویی یەکتان کە باوەڕی بە حوکمی زاتی گەلی کورد هێنا چاك ترین لێدانە لە ئیستعمارو سەهیۆنی یەتی تاوەنبار •

بژی برایەتی هەتا هەتای کوردو عەرەب •

دەستەی مامۆستایانی قوتابخانەی سەرەتایی «رباغ» کویسنجق • غریب مصطفی • مجید صابر فتاح صابر • محمد علی مصطفی • ابراهیم فتح الله • ظاهر بکر •

---

بەیاننامە مێژوویی یەکەتان کە حوکمی زاتی گەلی کوردی ئاشکرا کرد لێدانێکی گەورەیە لە ئیستعمارو سەهیۆنی یەتی تاوەنبار •

بژی برایەتی کوردو عەرەب هەتا هەتایە •

دەستەی مامۆستایانی متوسطەی کویسنجق • اسماعیل حمد • علی کنعان • ابراهیم مصطفی • میخائیل ایۆ محمد علی مراد • نوئیل اسطیفان • محمد بهجت • غازی عبدالکریم محمود سعید رضا •



institut kurde de paris



نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز
نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز
نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز

مەبەس لە وتەی نەورۆز • سالی نۆ • تازە ، یان خۆشی مژدەو کارەساتی ،نۆیە •

جا : ـ

هەرچەند بەپێی نووسینی هەندیك لە نووسەرەکانی ڕۆژ هەلات ئەم ڕۆژە بەدرایی پێهاتنی زستانو خۆشی‌رزگاری لە سەرماو سۆلەو زوقموو سەهوڵ بەندانی‌رۆژ نی سەختی زستانە ، بەهاتنی بەهار، ژیانەوەی زور لەگیاندارو درەختوو گژو گیا :ـ

بەلام :ـ

ئەوەی راستی بێت ، بەپێی داستانە کۆنەکانی ینەچەو باوو باپیرمان ، نەورۆز ئەو ڕۆژەیە کە گەلی ئری لەزالی وە زەلالەتی : بیراسب – زوحاك : رزگاریان بوە :ـ

جا :ـ

ئەوەی بیستروە بوە بەزانین • ئەوەی زانراوە بوە بە پیشە ، ئیمەیش هەر لەو باوو باپیرانەمانەوە ئەم روژە بەڕۆژێکی پیروزی لە ناوبردنی زالێکی لە ناوبەری هەژران زانراوەو لەو روژەدا مژدەی خۆشی ، شای ، گەشتوو سەیران بلاو کرایەوەو بوو بەپیشە :ـ هەر لەبیرەوەری خۆما ئەوەی کەبینیومە وائەزانم لە سال ٦٠ کەمتر نەبێت روژی ،نەورۆز ئەبوو بەجەژنی گشتی وروژی بەزمو ئاهەنگ• شەوی نەورۆز بەناوی پیروزیوە دوو پەنجەی کوڕ وەدەستوپێی کچۆلە لەخەنە ئەگیرا • بەرگی جوان جوان لەبەر ئەکرا • کار ئامایی سەیرانی سەرچنارو داری شێخەباز پێك ئەهینرا • بەشەقەی‌دەهولو زوڕناو چەپلە ڕێزان ڕوو بەدەشت سلیمانی چۆل ئەبوو :ـ

ئەم روژە ، چۆن دروست ئەبوو • چۆن ڕائەبویررا ؟!

هەر لە سپیدەی روژا قوتابیانی قوتابخانەکانو مزگەوتەکان ئەکەوتنە رێك خستنو وتار نووسینەوە بەرەنگی سەوزو سوورو ئالووالا • بێگومان بەزمانی فارسی ئەکەوتنە ویژەو ووتار نووسینەوە وەکوو :ـ

**نەورۆز شد نەورۆز شد**
**نەورۆزی ما ایمروز شد**
**بابەبدی نەو رۆزیەم**

**تا بەرخوری از روزیەم**

وا ئەزانم پیویست ناکات بەکوردی دووبارەی بکەمەوە :

پارەی پێویستی سەیران کۆ ئەکرایەوە • دانا ئاینیەکانی مزگەوتەکان مامۆستای قوتابخانەکان بەخۆیانو قوتابیانەوەو ( ٣ بەشی‌شار ) بەسواریو پیادەی بەبەزموو رەزمەوە ملی‌ڕێگایان ئەگرتو ئەگەیشتنە سەیران گاهەدن• لەوجیگا سەوزو ئاودارانە کەلە وینەی بەهەشت ئەدرەوشایەوە کۆمەل دانایانی ئاینی بەمێزەرە سپیە جوانەکەیانو روە پڕ خۆشیەکەیانەوەو کوڕ گەلو لاوان بەکەسووکاریانەوە بە هەلپەڕکێ ورەش بەلەكو دەهولو زورنا، سوارچاکانیش بەرمبازیوغارغارێن ، تاکاتی نیوە ڕۆژە ڕائەبویررا • پاش حەسانەوەیەکی کەم ، خواردن

**نووسینی • احمد خواجە**

بەهەڕەمەیی وگشتی بەتێکەلی‌و خۆشیەوە ئەخوراو دووبارە ئاهەنگی بەزم دائەمەزرایەوە • بە کەوشەکو : قەلەمەردانە ، بابی‌بابی‌و زۆر یاری خۆمانە •

پێك هینانو وزربەی سوارەو قوتابی‌و خواردەمەنی لەلایەن خواجە افندیو ، قوتابخانەکەیەوە دروست ئەبوو • وە چوونو هاتنەوەیش نەژێر فەرماندەو یاسای خویدا بەرێوە ئەبرا •

ئەوجا :

بو ئەوەی ئەم جەژنەو ئەم روژە پیرۆزە بەتەواوی ساخ ببێتەوە کە جەژنیکی پیروزو بەرێزی گەلی ئاریوە وینەیەکی دلێرانەی کورد پێشان ئەدات لەسەر نووسینی مێژو ،نووسەکان راستیەکەی ئەخەینەڕوو :

**١ – آرثر کریستنسن : ئەلیت:**

ئالاکەی کاوە ، ئالای دەولەت بوو • ئەو ڕۆژەی کاوە شۆرشی کرد • کەولەکەی ( پێش‌گر ) کرد بەسەری رمەکەیەوە « بیراسب – زوحاك »ی کوشت ، ئەو کەولە بوو بەئالای دەولەت وە ( أفریدون کرابەشاه ) •

**٢ – طبری : ئەلیت :ـ**

ئالاکەی کسرا لەپیستی پلنگ بوو • کە کەولەکەی کاوە یە ( ٨ گەزپانو ١٢ گەز درێژبو ) •

**٣ – یلمعی ئەلیت :ـ**

ئیرانیەکان بەهۆی ئەم ئالایەوە کە بەزێڕو گەوهەر رزابووە لە هەموو جەنگیکدا سەرکەوتوو بوون •

**٤ – مسعودی : ئەلیت :ـ**

وەکوو طبری ئەلیت ، ئەو ئالایە بەیاقوتو گەوهەرو زێڕ رزانرا بۆوە •

**٥ – خوارەزمی : ئەلیت :ـ**

ئەو ئالایە لەپیستی ورچیان شێربوە کە شاهەکان بەزێڕو گەوهەرو ئەلماس رازانیویانەوە•

**ثعالبي : ئەلیت :ـ**

ئەو ئالایە ( کەولەکەی‌کاوە) یان زور بەلاوە پیرۆز وبەرێز بوو • بورازاننەوەی بەشتی‌گران بەها لەرقەبەریدا بوون• لە روژانی جەنگدا هەمیشە پێشداری فەرماندە بەناوبانگو مەزنو گەورەکان بوو •

**٦ – مطهر طاهر القدسی ئەلیت:**

ئالاکە لەپێستی نرخدار رازانیو یانەوە •

لەپیستی بزن یان شێربوو•

**٧ – فردەوسی، وردی ئەکاتەوەو ئەلیت :ـ**

ئالاکەی کاوە لەگەل تاج ، نیشانەی شاهی‌بوو • لە جەنگدا لەژێر چاودیری پینج پیاوی بەرێزی ( مەوبد )دا لەپیش شاهوە هەل ئەگیر • وەلە تەنیشتیەوە ئەچەقینرا • بەلام لەکاتی جەنگدا ئەدریە دەست‌ئازاترو دلیرترو نەترس:

لەبابەت شاه (فەریدون)ەوە فردەوسی ئەلیت :

**فارسی :**

توبشناس کژ مرز ایران زمین – مکی قرد بەنام او ئاتەبین زتخم کیان‌بودو بیدار بوو – خردمندوگرد وبی‌ئازار بوو کەتەهمورسی کورد بوو نژاد – پدر بر پدر همیداشت یاد •

فەریدون کوری ئاتەبین نەوەی تەهمورسی پیشدار یەوکوردن ئەم‌باسە لەنووسراوە چاپ ،نەکراوە کەماندا ( کی‌یەکورد ) نووسراوە هیوادارین بەچاپکراوی بیخوێننەوە •

**بەکوردویەکە :**

نۆبناسە لەکیشوەری‌ئێران: مەردیك هەبوو بەناوی‌ئاتەبین

لەتۆدی کەیانی‌و بەئاگابوو: پیاو چاکو ئازاو بێ‌ئازار بوو

تەهمورسی کورد کەباپیری بوو : لەباوکو باپیریەوە وایادکرابوو •

**٨ – ابن خلدون : ئەلیت :ـ**

ئەم ئالایە بەجادووگەری نەخش کرابوو ژمیرەی ئەستیرەکانی پیشان‌ئەدا •

ئەمەبوو مەبەس‌روونکەرەوی باسی ئالاو کەولەکەی کاوە کەشانازی گەلی ئاریوە بەتایبەتی گەلی کوردە ئەم جەژنە رەنگە نیزیکەی دە دوانزە هەزار سال لەمەوپیش مەروایەتی ئەم گەلی کوردەیە • بێت‌کە جەژنێکی پیروزی دلیریو

**تیشکی هونەر**

لە بلاو کراوەکانی تیپی نواندو موسیقای سلیمانی « تیشکی هونەر » کەوتە بازارەوە ، بە بەرگیکی رەنگین‌و ڕازاوەوە، بێ‌گومان هەنکاویکی مەزنە لەڕێی خزمەتی هونەرو ویژەی کوردیەوە کەلەلایەن ئەم تیپەوەنراوە •

لە تیشکی هونەردا :

١ – چالاکی هونەر لەریزی قوتابیان •

٢ – دەرهینان – احمد دەنگ گەورە •

٣ – فولکلۆری نیگاری کوردی – عومەر عەلی ئەمین •

٤ – ستانسلافسکی‌و رەوشتەکانی شانو – حەسەن تەنیا •

ئەمانەو گەلی نوسراوی جوانی تر ئەخوینیتەوە •

نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز

چەکووشی مەلاس لە دەستی زبرا
چیروکی هیزی ئەو برسیانەیە
لەش ئەتویننەوە لەناو ئاگرا
« کاوە »م نموونەی ئەو داستانەیە •

****

کاوەی سەردەستەی چەوساوەی میژووم
ئەو بانگەی کەدای لەلووتکەی بەرزا
بۆنەوەی کوردی ئەمرۆو داهاتووم
دەنگ ئەداتەوە لەگەل« نەورۆزا »

****

ڕەش‌و ڕووتی کورد ئارەقی رەنجیان
کردە سەر زەوی تینوی ولاتم
ئەوسا دروێنەی سەختی تی‌کوشان
بوو بە خەرمانی بەرهەمی مارتم •

**شێرکۆ بێ‌کەس**

نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز
نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز
نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز

institut kurde de paris

# هەمەڕەنگ

نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز

ئامادەكردنی علی نقشبندی

## نوی ڕۆژ

ابەلكی گەنەكێت هەیـــن پسیار د كەن ئان دێ لێ گەرن كا ئەڤ روژە چ یە و بوچـــی كورد ڤێ روژێ د كەنە جـەژن و هندەك د بێژن كو ـەڤـــە جەژنا ( عەجەما) یە ما مـــە شولە پێ یە هندەكێت دی دێ بێژن كورد چ روژێت جـەژنێ نینن ئەڤ روژە یا ئاگر پەریسا بە ! ما مە چ شول پێ یە ئەم بوسولمانین • بیستو ئێكـــێ ئاداریٚ روژا ئێكێ بە ژ روژێت بهارێ لناف كوردستان • دەمێ گوهورینا دژواریا ( بایـە ) و سەرێ گەرماتیا ( ئـاڤێ‌یە ) و كەل بوونا (عەردی‌یە) لناف هەمی جهێت كوردا • گەلـەك چێروك و چیڤانوك ێت پێ‌هاتینە گوتن ، بەلێ یا ژ هەمیا بەلاڤ تر چێروكا گێوی بە د گـــەل ئەژدەهای بیستو ئێكێ ئاداریٚ دەمێ كولیلكو گیا شین بونی بە لبەطەن و بەیارا دەمـــێ بشگفتن و یەڤینا بەگێت دار و بارا یە دەمێ دل خوش بێ و سیران گەها یە مـــروڤ و حەیوانەن دەیر و طەیرال دێ تێر خوون و دێ دەركەڤـن ژ كون و مەوطەنێت خو دێ ڤەستا جهێت گەرم و بگیا و دكـــاك د كەن • لبەر لێڤێت ئاڤـــا لناف تەراش و عەردێت راست دێ بینی كوچەری و ڕەڤەندی كو كەیفا وان یا هاتی چنكو بەر بەركێ بهارێ یە و دێ بدلێ خو گەرێنی و دێ خوش نڤن ، دێ خوش بینی دوكێلا ئاگریت وان یا قلوز بوو یـــە بەر عەسمانا بچیك و تـــولاز یێ خو پسەر ڤە تاڤێین بكەنی و یاری ڤە ، و هندەكێت دی پێ نانی و پێژن سێهل بدەست نە كەفتیە پێ هەڤیرێ خـــــو لسەر بەری تكەن و یێ نانێ خو پحەلانی ڤەددەن ، چیكتینا پیك و زورنابی پێ پسەر چیا ڤە دچیت • دەنگێ سترانێـــت بێری و شڤانا ێت تژی منهال و گەلیا دبن •

سەرێ بهارێ لناف هەمـــی ملەتێ كوردا روژەكا دیارە ، مالا پاڤژ دكەن ژ قریــــــژا زڤستانی جەریفكی لكاشخانكا ددەن تووز و دوكێلا ژێـــــت وەرینن ، نڤینی و رایێخستنێ دا تقوتن ژ بیهن و بووێـــــت زڤستانێ ، زڤستانا كـــوردا گەلەكا درێژە یا پزەحمەتــــە بو كرێ‌كار و رێنج بەرا • بهار یا خوشە چنكو پاشـــي وێ هاڤینە ، دبێژن لجهێ(شەمدینا) ئێك هەبو ناڤێ وی كیوو بـــو ئەوی خەلكێ وی جهێ خـــلاس كرن ژ نەخوش پێ • دبێژن هەمی روژەكێ د ڤیا ســــەرێ ئێكی ژێ كر با بـــــو وی ئەژدەهای ، دیارە كێوو بــــێ ژوان عاقل تر بو دبێژن رابو وچەكوچێ خو هەلگرت جوتیار و كرێ‌كارا دا دیف و ئەژدەهار كوشت ، ئەگەر وە بیت دبێژن ئەڤە ٢٠٠ سالا پێشی بونـــا (عیسای )یە • ماوەكی ملەتێ (مصرێ) حەتا بەرێ ماوەكـی هەر سال ژنـــەك بو ( نیلی ) تاڤیتە تێ دا دا سل نە بیت ، دیارە ئەڤ هزرە دسەرێ گەلەك ملەتا دا بو لچاخێت پێشیێ هەچكو مە گـــوە لێت بیت ژ گوتنێت پیرە ژنا كو دونیـــــا یا لسەر پشتا گا ماسی هەكە، خو وەرگێریت دێ دونیا یێ سەرێك و بنێك كەت هەكـــو خو دلڤینیت دێ بیتە (بیڤـــە لەرز زەلزەلە ) پا هەكە وەبیت ما مروڤی حەق نینە ئێكی ژ هزارا بدەتە گاماسی دا خـــۆ نەوەرگێریت دا هەمی پێكڤە نە خەندقن • ئان وەختێ پیرهەڤیا و پیریت سیحرا دكەن ئـــــان دەرمانا دئینت ژ چینو ماچینا، كافرێ بلنگەكی كو یێ گیایێت پشتا سیمەرخێ یێ گیایـــــت دەرما ناتینیت وەختێ مە كولێدبیت سەركرینك و دێوو یێت هەین، ئان وەكی هەیق د غەیریت مە لسهلێ ددا و تڤەنگ دهاڤیتنی دا حویت بترسیت و هەیڤێ بەردەت ، ئو گەلە شولیت دی ژ ڤی رەنگی كو عەقلێ نوهـــو ئان وەكی هەیف د غەیریت مە گەل .نەرێژن بشەڤێ دا ئەجنا نەسوژی و شەیتانی عاجز نە كەن ••• بەلێ ئەڤێت هەین راستە شەیتان ئەو هزرێـــت خرابن كو یێت بو دلێ مروڤی چێدبن ئو كریارا شولێــــت كونەهە ، ئە جناژی مـــــروڤ نابینیتن حەتا كو «دین» نەبیت بەلێ خوزی من زانی با هەكو مروڤ دین دبیت پاشی دبینیت ئان مروڤ دبینیت پاشی دین دبیت ••• رجادكەم هەكـــە ئێك ژ خاندەڤارا بزانیـــت بو من بنڤێسیت •

## نەورۆز ئەڤەیە



ئەی كوردسـتان سەر هەلینـــە
مزكینی لتـــــە هـــــات بهار
تـــە پیروز بیت هزار جـــــارا
مژدەكـــــان بو تە دیـــار
رێبـــــە رێ مـــە ( مصطەفایە )
ئەم سەربەست بوین و رزگار

★ ★ ★

ئـــەو بهارا هنـــــدا گولخان
بێهنـــــا وێ كەفتـــی وەلاتـــی
روژەكا سەربەست و ئـــازا
ئەڤـــرو یا بو مـــــە هـــەلاتی
هەیڤەكـــــا شینكاتی خـــــازا
ازازی بو یە بڤی خـــەلاتی

★ ★ ★

وبێن چیا دێ بێژنـــــە دەشـــتا
وەرگـــرن هـــوین ئاشــیتێ
هەلگرین پێكڤـــە چرایـــــا
رون بكەن ڤێ راســـــتیێ
شـــادی هاتن بگازیـــا ئەم
دەم بــــدەم مـــاین لهیڤی‌یێ

★ ★ ★

هیڤی ماینـــــە بو ڤی مافـــی
كـــو رێبـــەر بـــو بارزانی
تە كرن رێزگـــار هەمی كـــورد
بخەنجـــەرا ســـپی كـــەرمـــانی
ئـــەی شـــڤانێ هەمی ژارا
توو ســـەروكێ هەمیـــانی
دەنگێ شـــێرو نیچـــیر ڤانـــا
روون ببون ئەڤـــرو وەطـــەن
قـــەت چ گریـــا هوین نە هێلن
ابهەڤبـــەری پێكڤـــە ڤەكـــەن
چی نەیارێ ملـــەتێ كـــورد
سیخورێ ژدیـــڤ ڤە نە كەن

★ ★ ★

سیسـنا ئاشتی گولـــێ بـــو
هەمیا پێكڤـــە كو هـــەوار
سنبلا بیهنـــێ برەشـــینن
بـــوو كوردستانـــا رزگـــار
دڤێت نەمینن قەت چ دژمـــن
دێ مـــرن هەردو نەیـــار

★ ✻ ★

بجملـــە پوور و كەو و سیسكا
كوردستانـــا خـــەملاندی
شنیڤە بـــون چەنـــد رەزكو چیمەن
ئەو رەزێ نە بو مە چانـــدی
ئەی سەروكێ كوردســـتانێ
تە ئەڤ دەرسا بوو مە خانـــدی

★ ✻ ★

بارزانی بســـەر داریـــــا تـــە
خوشی هات بو پیر و جانا
ئەم هەمی بـــوو ملەتێ كورد
دێ چینین حەودێـــت رحانـــا
هەلكێشـــن رهێت نـــەیـــاری
ابرینن ڤـــان ئێشو ژانـــا

★ ✻ ★

چیا هەمیـــا دەنگ ڤـــەدا
گـــوت مصطەفا بارزانیـــە
بومە كـــوردا وی ژادل كرا
پێشـــەوایێ پارتیـــە
ژی درێژ بی ئـــەی ســـەروك
مە ژ خـــودێ ئـــەو هیڤیـــە

★ ✻ ★

عبدالباقي البروادي

نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز

# هەڵبژاردەی نەورۆز

• نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز •
• نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز
• نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز

## داســـتان

### عبدالله عباس

نەتەوەی کورد .
زۆریان لی کرد .
مل کەچ بکات ..
درۆین کرد .
ووتیان وامرد ..!
نە : ووتیان نیە ..
هەر نەبوە ..
کورد ؟!
ئەم ناوە لە هیچ شـــــوینی
نەنوسراوە ..
لەوەش زیاتر .
ووتیان کورد !
درندەیە !
بێ‌ئاینە !
چاکەی‌نیە !
بەم برو بیانوانەوە .
تا توانیان .
کوشتیان .
بریان .
ویرانیان بەرپاکرد !
ئاگرو ئاسنیان بەسەرمانا
باران .
بەلام ڕاستی ..
چاوەکانی هەر کوێر نەبو ..
کورد ..
لەناو گەرداوی درودا .
نەتوایەوە ..
کورد .. گوم نەبوو ..

روژی ..
زور زوو .. بەر لەئیستە ..
« باوری ڕووناك .. »
« کردەوەی چاك .. »
«رەوشتی پاك .. »
لە بەرزی شاخیکەوە ..
لە بەرزای شاخیکەوە ..
لە خاکیکا « ناوی لی نـــرا
کوردستان » .
سەری دەر کرد ..
بو بە ڕووناکی ریگامان ..
تاریکی ریی رون کردەوە ..
لەو روژە وە ..
« کوردایەتی »
لەدایك بو ..
لەو روژەوە خومان ناسی ..!
ریگامان گرت ..
«کوردایەتی» زێچکەی شکان..
مەشخەلی « نەوروزی کاوە » ..
تاریکی ڕووناك‌کردەوە !
کەوتینە ری ..

ووتیان :
« کوردایەتی » مانای‌نیە .
خەیالیکە دروست کراوە .
کورد !؟ هەرنەبوە ..
ئەی باوەرو شورش‌و راپەرینی
لەکوێ‌بوە ؟!
مردن ..!
بەندیخانە !
بومبا باران !
کوشتن ، برین !
بەرەو ری ئەم کردە بەوە وە !
هەلوێستەیەك !
بابپرسین !
ئەنجام چی‌بو ؟!

ئایا کورد مرد ؟
ملیونی بەیەکجار کوژران
هەزاران شوین ویران کران ..
ســەدان لەســەر ســیدارە
ریزکران ..
لە شاریکا ..
لەیەك روژا ..
نەما بــەرگی رەشی ماتـــەم
لەبەرنەکا !
ساوا لەناو بیشکەدا ..
نەوتو بەنزینی پیاکرا ..
ئەمە کرا .. ئەوە کرا ..
بەلام « کورد » هەرما ..
« بەهارو نەوروزو ژیـــنو
خەباتی » لی نەبرا ..
ئەی کوردی مەرد .
هەموو ئەوەی بوم باس کردی
هەموو بوەو رویان داوە
هەندیکی وا لەبەر چاوە
ئەوانی‌تر .
لە لاپەرەکانی میژوی
کونی ئەم گەلە نوسراوە ..

ئەمرو ..
لەدووای هەموو ئـەو ڕووداوە
کورد هەرماوە ..
لەوەش زیاتر ..
ئەمرو هەنگاو نانی نەتـــەوەی
کورد ..
جیایە لەوانەی کەرابورد
تی‌گەیشتین ..
ئەگەر شانازیمان
بە رابووردووی روشتوەوە
بو ئەوەبیت کەوا بومان
نەك ئەمان بیت ..
بیی هەموومان لەقوراوی
نەگبەتیادا ئەچەقیت ..
ئەمرو کورد
پی‌گەشتوە ..
وریاو ..
بەهەست ..
تی‌گەشتوە ..
بەلێ : مەلێن دواکەوتوین
مەلین لەسەرەتای ڕێدابن
دلنیابن .
لەگەل ئـــەو هەموو ڕوداوەی
بەسەرمان هاتو بەسەرمـــان
یەت .
دلنیابە
چاك ئەزانێ !
بەرەو کام ئاسو مل ئەنی ..



رۆژا کو دەبوویە عیـدی نەوروز
تەعظیمی ژبـــو دەما دل ئەفروز
صەحراو چەفەن دەکرنـــەمەسکەن
بەیداو دەمەن دەکرنـــەمەسکەن
بەیداو دەمەن دەکرنـــەگولشەن
دەورا فەلەکی بەختـــی‌فەیروز
دیسان کود نەما ژنـــوو نەنەوروز

**ئەحمەدی خانی**

یادی تۆ نەورۆزی ڕزدی‌ژیان
یادی هەلسانی هەرزان رەنجبەران
کردەوەی «کاوە»ی دێر قارەمان
بێ‌گومان ئیسپات ئەکا بۆ میللەتان
شۆڕشی خوێنیە بەس
بۆ گەلان فەریا دەرس .

**دڵـــزار**

**نەورۆز گولاڵـەی نایـەسەر پەرچەم**
**نێرگسی ڕشتە دەشت‌و کەنار چەم**
**لەگەڵ توانەوەی سەهولاچرۆ**
**تیایا توایـەوە پرشنگی‌ئاسۆ**
**ئەم ڕۆژە تەنیا بۆ بەهارنیـــە**
**هەر جەژنی گوڵ‌و لالـەزار نیە**
**یادی ڕۆژێکە کـــوردی‌قارەمان**
**قەلا سەختەکەی دوشمنی‌ڕمان**
**کورد دلێرانە خۆی ئەدا بە کوشت**
**بۆ ئازادی‌بوو خوێناوی ئەڕشت**

**کامەران**

## بەهاری ژینـــی
## ئـــازادی
## « دایکی ڤیان »

**ئەوا بەهاری نازەنین**
**بەهاری ئازادی شیرین**
**نەورۆزی کامەرانی ژین**
**هاتنەوە دەم بە پێکەنین**
**ئاوازی بە ســــۆزی‌شمشاڵ**
**ڕووی ئاسۆی نازەنینـــی ئاڵ**
**گولاڵەی دەم کەژو قـــەدپاڵ**
**ئەبزوێنن هەست‌و خەیاڵ**
**ئەی بولبولی جوانی ناوگوڵ**
**بفرە لـــەم چڵ بۆ ئـەوچڵ**
**بە دەنگت بسرەوێنە دڵ**
**زوحاك هیوای بردە ژێـرگڵ**
**لـــەم ڕۆژە بوو پڵنگی‌کورد**
**کاوەی ئازای بە دەست‌و برد**
**هەڵمەتی بۆ سەر زوحاك‌برد**
**تۆوی زۆرداری لـــەناوبرد**

### نەورۆزو .. چاوەڕوانی !

**ئەحمەد تاقانە**

دوژمنانی گــەل وەرن ئەمجارە مەرگی ئێوەیە .. داری مێژووتان بــەرێکی تاڵ‌و کرچی پێوەیــە ! دوێنێ خوێنی ڕەنجبەرو جووتیار ئەبوو بۆتان بەمەی ڕەوڕەوەی ڕۆژگار ئەسووڕێ ، ئەوەیە ئەمڕۆ وەیە ئەوتەلارەی وابناغەی لاشەبوو ڕووخا .. نەما .. جێگەتان ژێرپێیە ، گۆڕتان ژێر گڵی ئەو شیوەیە ئاگری نەورۆزی هۆزم بەندە ئەمڕۆ شادە گــەل باوەڕم خۆراکە بۆ ژینی بڵێسەی .. میوەیە !! خۆری چینی ڕووت‌و برسی واهـــەلات‌و دەرپەڕی چاخی مەرگی سیخوڕی بێ‌بەینەتی بــەد شێوەیە خاوەنی خاك‌و زەوی جووتیارو بالـــەو رەنجبەرن مەشکەژەن ئەمڕۆ بەنرخەو شاگوڵی ئـــەم کێوەیە جەژنی نەورۆزی ژیانی نوێیە ، گـــەل ئازادەیە چاوە ڕێی مژدەی بەهارو هەڵمەتی ئەو دێوەیە

institut kurde de paris

نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز
نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز
نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز

## ئاگری نەورۆز

کوردستان بەهەشــتی زەمین
جێی تیكۆشـانو ڕاپــەرین
مەڵبــەنی كـاوەی قارەمـان
كــوردستان ، كــوردستان
ئەی نەتەوەی كوردی دلێر
ڕۆڵەی نەبەردو بێچوەشــێر
هەستە هەستان دەرمانەبــۆ
دەردو ئازاری جــەستەی تۆ
كــوردستان ، كــوردستان
وانە نەورۆز جــەژنی كەلــە
ئاســۆ ڕازا وەی دەم‌كەلــە
با نەورۆزو بەهــاری كورد
پێ‌گــەینین بەدەســتو بــرد
كــوردستان ، كــوردستان

**محمد صالح دیلان**

ڕۆژی نەورۆز جەژنی سەربەستیو خەباتی میللەتە
وەك نیشانەی لابەری كۆستی هەزاری میللەتە
جەژنی نەورۆز خوێنی دڵمان تێكەڵاوی بەستەتە
ڕێیە بۆ سەربەستی بڕوا دیارە سەختو زەحمەتە
لاپەڕەی مێژووی وڵاتمان میللەتی جوڵانەوە
یادی •• سورو گەش دیارە بە ڕووی لاانەوە

**كاكــە شوان**

ئاگری نەورۆز بە دارو چیلكـــە با نەكرێتەوە
با نە ناو جەرگەی دڵی گەنجا گڕی بەرزبێتــەوە
جەژنی ئەم ساڵمان تروسكەی ماوە گەر نەكوژێتەوە
جەژنی ئەم ساڵمان تروسكەی ماوە گەر نەكوژێتەوەو
لاوی كوردستان لە بەزمایە بە هــۆی نەورۆزەوە
شادی یەك پێشان ئەدەن‌گەر وون‌نەبێ‌و نەكشێتەوە
جارو بارێ هێزی شادیمان تەكانی خـۆی ئــەدا
ئاخری ئەم كۆتە ئەشكێ‌و شوێنی خۆی ئەگرێتەوە
بێتو بڕوامان بە خۆمان بێ‌و ئیتر ڕێ وون نەكەین
ڕێگەمان هێجگار نزیكە بەر لــەوەی شەو بێتەوە

**مــەدهۆش**

دەستەی قوتــابی كــچو كــوڕی وورد
نەوەی كەلوڕرو زازاو هەمــوو كــورد
لە قوتابخانــە شێرانە وەك گــورد
ئـا ئەم بەیانیــە ئەمەیــان ئــەووت
وەتەن نەورۆزە نیشــانەی بەهــار
دەك پیرۆزت‌بێ نەك جــارێ ســەد جــار
تا دوشــمن بمرێ دۆستیش بــە شادی
بژی‌و ببینیــت ڕۆژی ئــازادی

**ا• ب• هەوری**

نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز



نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز



## دوو دیمەنی جوانیتری كوردستان

**بۆ ئاگاداری**
**لە دەستەی دامەزرێنەری**
**یەكیەتی‌ی نووسەرانی كوردەوە**
**لەبارەی شــوێنی وەرگرتنی**
**ئیســتیمارەی داوای بوونـە**

**ئەندامی یەكیەتی‌یەوە**
**برادەرە خوشەویستەكان !**

بڕیار دراوە ئیســتیمارەی داوا كردنی بوونــە ئەندامی یەكیــەتی لەم شوێنــانەی خوارەوەدا ، دابنرێ :

بەغدا ـ لای هەموو ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر •

ســلێمانی ـ ئامەخانـەی پیرەمێرد ، گەلاوێژ ، ژیوەر ، پرشنگ ، سلێمانی •

هــەولێر ـ نامەخانـەی خۆشناو ، هەولێر (اربیل ) • وە لای نووسەر كاك محمــد مولود ( مەم ) •

كـەركووك ـ نامـەخانـەی ئاسۆ •

خانــەقین = نامەخانــەی سیروان •

دهۆك ـ نامەخانەی دهۆك •

جا تكا لەو برادەرانە ئەكەین كە ئارەزوویان لێیە ببن بــە ئەندامی یەكیەتی ، ئیستیمارە لەم شوێنانەی ســـەرەوە وەربگرن‌و ، پڕی بكەنەوەو ، بەیەكێك لەم دوو ناونانیشانەی خوارەوە بۆمانی بنێرنەوە :

بەغدا بەڕێوەبەرابــەتی‌ی گشتی‌ی ڕێگاو پردەكان ، لــە نزیكی كۆشكی ئەنجومـــەنی نیشتمانی‌یەوە ، مامۆستا جمال بابان یارمەتی‌دەری بەڕێوەبەی گشتی • تەلەفۆن ٣٣١٦١

بەغدا شۆڕجە ، كۆشكی وەقفی ئەبوحەنیفە ، بەڕێوەـ بەرایەتی‌ی گشتی‌ی خوێنـدنی كوردی ، مامۆستا نوری علی أمین سـەرپەرشـتی‌كەری كتێبو پرۆگرامی خوێندن • تەلەفۆن ٦٨٢٣١

بەم‌بۆنـەیـەوە ، بیرتـان ئەخەینــەوە كــەوا پەیڕەوی ناوخۆی یەكیەتی‌ی نووسەرانی كورد، ئەم مەرجانەی خوارەوەی داناوە بۆ هەركەس كە بی‌یەوێ ببێ بە ئەندامی یەكیەتی :

١ ـ شایانەتی‌یەكی تەواوی هەبێ ، واتە منالو شێت نەبێ•

٢ ـ بێ‌بەش نەبووبێ لــە مافی شارستانەتی •

٣ ـ حوكم نەدرابێ لەسەر تاوانێكی‌وا كە لەكە بە شەرەفی بگەیەنێ •

٤ ـ هەژدەی پڕ كردبێتەوە•

٥ ـ ڕازی بێ لە پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆی یەكیەتی ، وە حەزی لێ بێ ببێ بـە ئەندام تیایدا •

٦ ـ شەهادەتی جنســیەی عێراقی‌ی لەسەر ئەوە وەرگرتبێ كە لە عێراقدا هاتوەتە دنیاوە •

٧ ـ شــاعێر ، یا چیرۆك نووس ، یا نووســەر ، یا نووسەری شانۆیی ، یا زمان شوناس ، یا لێكۆڵەرەوە ، یا ڕەخنەگری ئەدەبی ، یا زانیاری بێ ، وە بــە زمانی كوردی بنووسێ ، ئیتر بەرهەمی بڵاو كرابێتەوە یا نە •

٨ ـ نامەی داوای ئەندامەتی بنووسێ بۆ سەرۆكی دەستەی بەڕێوەبەر ( مامۆستا جمال بابان ) ، وە لە نامەكــەیدا بنووسێ كــەوا ڕازی‌یــە بــە پرۆگرامو پــەیڕەوی ناوخۆی یەكیەتی ، بە مەرجێ كە سێە كەس لە ئەندامانی یەكیــەتی ڕی لەسەر بدەن‌و بە شایانی ئەندامەتی‌ی بزانن •

**دەستەی دامەزرێنەری**
**یەكیەتی‌ی نووسـەرانی كورد**

institut kurde de paris

## بۆ ئاگاداری ژمارە ( ٣ ) لەوەزارەتی کاروباری ژوروەوە سەبارەت مناقصەی دروستکردنی قسمی داخلی کچان لە اربیل

بە دوای بۆ ئاگاداری ژمارە ( ١ ) سالی ١٩٧٠ :

١ ـ وەزارەتی شوءونیژورو بەلیندەرەکان و شارەزاـکانو لەدەست هاتوەکان کەشهادەی ضریبەی دخلی ئەمسالیان هەیەو لەژوری بازرگانی ناونوس کراون و لە لیژنەی دیاری کردنی بەلیندەران دیاری کراون ، بەشداربن لەمناقصەی نهینیژمارە ( ١ ) سالی ١٩٧٠ی تایبەت بە دروست کردنیقسمی داخلی کچان بەگەورەی ( ٢٠٠ ) چرپا لە اربیل ٠

٢ ـ ئەتوانری استمارەیمەرجەکانو نەخشەیکەی لای محاسبی مدیریەتی گشتیاعمارەی ژورو لە عمارەی انحصاری تۆتن ( شەقامیکۆماری ) وەربگیری بەرامبەر دانی ( ١٠ ) دینار کە شایەنیگەرانەوەنیە ٠

٣ ـ عطائات لەزەرفیکیمورکراواو نیشان کبراو لەگەل ناوی مناقصەکەو وصلی تأمینیان کفالەی مصرفی ئەدری بە ( رفیق رحومی ) سکرتیریلیژنەیٚ ـ فتحو عطائات ـ لە دیوانی وەزارەتی شوءونیژورو ٠

٤ ـ دواکاتی وەرگرتنرۆژی ٢٥ـ٣ـ١٩٧٠یە ٠

٥ ـ تأميناتی یەکەمر٣٥٠٠ سی هەزارو بینج سەد ـ دینارە بەنقدی ئەدریتبەمحاسبی وەزارەت وە کفالەتی مصرفی دەرچو لە بانقیکیعیراق یان ( صك )ی مورکراو وەر ئەگیری ٠

٦ ـ لەسەر بەلیندەرەکانەلیستەی ناوی بەو جۆرەی تر کردویانەپیشکەش کەن ٠

٧ ـ پیویستە ماوەی تەواوکردنی کارەکە لەلایەن مناقصەکانەوە دیاری کریت ٠

٨ ـ ئەم وەزارەتە ملتزمنیەبەوەرگرتنی نزم ترین عطائات یان هەر عطائاتیکی تر دلیان هەرچی مەرجەکانی سەرەوەی تیانەبیت ئەدریتە دواوە ، وەبۆزیادی معلومات مراجعەی شعبەی فنی مدیریەتی گشتیئاوەدانی ژورو بکەن ٠

**دوکتۆر عبدالله خضیر**
**و٠ وەزیری کاروباری ژورو**

---

### بۆ ئاگاداری

**بەرنامەی استثماری ١٩٦٩ ـ ١٩٧٠ی مالیە**

بەپیی ئەوەی لەنوسراویوەزارەتی ناوخۆ دا ژمارە ١٣١٧ لە ٢٦ـ١ـ١٩٧٠ داهاتوە لەسەر بریاری لیژنەی کردنەوەی عطائاتی تایبەت بەپرۆژەکانی نەخشەی ئابوری بریارماندا دووبارە کردنەوەیبۆ ئاگاداری لەسەر مناقصەی نهینیی دروست کردنیقوتابخانەی ئامادەی ژمارە ( ٣ ) لە دربندیخان لەپیی ئەوحورجو مواصفاتانەی لای ئیدارەی محەلی بەرامبەر (١٠)دینار کە شایەنی گەرانەوەنیە دەست ئەکەویت ٠

ئەوانەی لەبەلینەرەکان کەناونوس کراون لە ژوری بازرگانی و دائرەی ضریبەیدخل لەسەعات ١١ی زوالی رۆژی دووشمە ریکەوتی٣٠ـ٣ـ١٩٧٠ پیویستی خویان پیشکەش کەن دوای مورکردنیمواصفاتەکانو پیوەنانی پولی پیویستی ودانانی تأمینیپارەیان کفالەتی موفی یان ( صك )ی زامن بو لای محافظەبەقەدەر ( ـر٩٥٠ ) دینار ٠ ئەو دانەی لەکاتی دیاریکراوا نەبی ئەدریتە دواوە ٠

**شکری صبری الحدیثي**
**محافظی سلیمانی**

---

### بۆ ئاگاداری

**بەرنامەی استثمار سالی**

**٩٦٩ـ٩٧٠ی**

**مالیە**

بەپیی نوسراوی محافظەی سلیمانی ئیدارەی محلی ١٠٤٤ لە ٢٨ـ٢ـ١٩٧٠ دا بریارماندا بە دووبارە کردنەوەی بۆ ئاگاداری مناقصەی نهین دروست کردنی قوتابخانەی ئامادەی ژمارە (١) لەرانیە لەجیاتی سلیمانی بەپیی ئەو مەرجانەی لای ئیدارەی محلی بەرامبەر (١٠) دینار شایەنی گەرانەوەئیە دەست ئەکەویت٠ ئەوانەی ئارەزو ئەکەن لەو پەلیندەرانەی لەژوری بازوگانی ئاو نوسرکراون و ئەگەل دائرە ضریبەی دخل عطااتی خویانی بەن بە مجلسی ئیدارە سەعات ١١ی زەوای دووشمە بەرامبەر ٢٣ـ٣ـ١٩٧٠ دوای مورکردنی عطااتەکان و پول پیوەنانی پیوستیو تأميناتی پارەیانی کفالەتی معرض یان ( حك ) مضمون لای ئەم محافظەیە بەقەدەر (ـر٩٥٠) دینار ئەو اعطااتانەی دواکەون ومەرجی پیوسیتانا تیانەی رەد ئەکریتەوە ٠

**شکری حدیثی**

**محافظی سلیمانی**

---

## ..وەرزش..

### هەوالی گەمی پالەوانی کاس جیهان لە توپین بەژمارە

● حەفتاویەك دەولەت بەشداری دەورە سەرەتایەکانی کردووە ، ( ٣٠ ) سی دەولەت لە ئەوروپا وە ( ١٠ ) دەولەت لەئەمریکای ژورو ناوەندی وە ( ٧ ) دەولەت لە ئوکیانوسیاو ( ١١ ) دەولەت لە ئەفریقیاو ( ١٣ ) دەولەت لە ئەمریکای خوارووە ٠

● شانزە دەولەت گەیشتونەتە دووا دەورەکان ، ( ١٠ ) دەولەت لەئەوروپاو ( ٣ ) لە ئەمریکای جنوبیو ( ٢ ) لە ئەمریکای ژوروو ناوەندیو ( ١ ) لە ئەفریقیاو یەك لەئاسیا ٠

● یاری سەرەتای لە ١٩ـ٧ـ١٩٦٨ دەسیپیکرد لەنیوان بەلجیکاو فنلەندە کە دووبەیەك بوون ، دووایاری نیوان ئوستورالیاو ئیسرائیل کە یەكبەیەك بوون لەسیندکرا لە ١٤ـ١ـ١٩٧٠ ، واتە گەمەی کاسی جیهان هەژدەمانگی خایاند ٠

● تەنها دەولەت کەهیچ گولیك لەدژی تومار نەکرابی ئەرگوای بوپاش ئەوروسیا کەتەنها یەك گول دژی تومار کرا پاش روسیا بەرازیل دیت کە دووگول دژی تومارکرا ٠

● تیپی قوبرس ( ٣٥ ) گولی لییکرا ، فنلەندا (٢٨) گولوە لە دژی لوکسومبورك ( ٢٤ ) گول ٠

● یاری کەری بەرازیلی ( توستاو )و یاری کەری ئەلمانی ( مولر ) ، هەریەکە گولی تومارکردووە ، پاش ئەمان ( لودیجی ریفای ) ئیتالیو ( لوبانسکی ) پولونی دین کە هەریەك ( ٧ ) گولی کردووە هەروەها [ بیلیە ]و بینی و لیندفالو ستاینو دنیا هەریەکە شەش گولی کردەووە٠

● چاکترین سەرکەوتن هي ئەلمانیای روژئاوابو بەسەر قوبرس کە ( ١٢ ) گول بەهیچ بوو ٠ پاش ئەمە سەرکەوتنی یوگوسلاڤیا بەسەر فنلەندە کە نوبەیەكبو وەهەروەها سەرکەوتنی اسکوتلەندا بەسەر قوبرسهەشت بەهیچو پولونیا بەسەر لوکسومبورگ هەشەت بەیەك ٠

● زیادترین گول کەتومار کرابی لەلایەن تیپی بەرازیلی بو کەژمارەی گەیشتوتە ( ٢٣ ) گول لەشەش گەمەدا ، پاش بەرازیل ئەلمانیای روژئاوا دیت کە ( ٢٠ ) گولی تومار کردووە لە شەش گەمەدا ٠

● ژمارەی ئەوگەمانەی کە کراوە ( ١٧٥ ) گەمە بووە ، (٧٩)ی لە ئەوروپاو ( ٢٤ )ی لە ئەمریکای خوارو و ( ٣٢ ) لە ئەمریکای شەورو ناوەندیو ( ١٣ )ی لە ئاسیاو ( ٢٤ )ی لە ئەفریقیا ٠

● ژمارەی ئەو گولانەی کە تومار کراوە گەیشتوتە (٥٤٢) گول ( ٢٧٩ )ی لە ئوروپاو ( ٦٥ )ی لە ئەمریکای خواروو ( ٩٧ )ی لە ئەمریکای ژورو و ( ٣٢ )ی لە ئاسیاو (٦٩)ی لە ئەفریقیا ٠

---

### بو ئاگادری ژمارە ـ٥٨ـ یسالی ١٩٧٠ لە ئیدارەیانحصاری توتنەوە مرکزی کشتی ٠

یەکەم ـ بەبونەی نزیكبونەوەی سالی مالیەی ١٩٧١١٩٧٠ وپیوستی نوی کردنەوەی اجازەی دەرچو بەپیی قانونیانحصاری توتن ژمارە ٥٤یسالی ١٩٥٢ ، لەسەر ئیدارەی معملەکانی دروست کردنیجگەرەی میکاکنیکی بەجملەوجگەری نیشتمانی وبیگانە بەجملە و مفرد و ریگادراوەکان بو کاغەزبرینودروست کردن بەدەست و فروشتنی دفتری ورقی جگەرەـدفتری لف ـ بەجملە وریگادراوەکان بەهینانی ورقەی جگەرە ، سەربەن لە دائرەیانحصار لەماوەی مانگی نیسانیسالی ١٩٧٠ بو تەواوکردنی معاملەی نوی‌ی اجازیکاتیانبەبیی قانونی نابویرای هەرچیدوابکەوی لەنوی کردنەوەی لەماوەی دیاریکراوە اجازەکەیبەبەتال بوەوە ئەرمیری ٠

دووەم ـ لەسەرریگادراوەکانە کە لەسەرەویدیاری کراون و محلاتو کاروباریان لە شاری بەغاودەورو پشتیەتی مراجعەتیمدیریەتی انحصاری توتن لە بەغا بکەنی دوای دوامی رەسمیلەماوەی نوی کردنەوەدالەسەعات ٣ی پاش شیوە رووە هتا سەعات خەوتی ئیوارەبو نوی کردنەوەی اجازەکانیانی

**مدیری کشتیو**
**سەرەکی مجلسی ئیدارە**
**حسن حسین**

institutkurde.de paris

# دیمەنی کوردستان



نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەرۆز • نەورۆز
نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز
نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز





نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز
نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز
نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەرۆر

## لەباخی

لە تارمایی پالەونی
داستانەکەی گـــەل‌و
هۆزا
لە ورشەی بـای پـــڕ
نیگاری
گورانی‌یەکی بە سۆزا
رەنگێکی ئاڵ
تێکەل بە تریقـــــەی
مناڵ
شارای کلپـــــــە ••
سپیدەی گەش
کوردستان‌یان گرتـــە
باوەش

●

ئەی نەورۆزی بەهاری
نـوێ
ووشەی گەشمان لە تۆ
ئەوی
نان بۆ برسی •• بەهار
بۆ شار
ئازادی‌مان لە تـــو
ئەوێ

●

سەدان ساڵە •• (کاوە)
یەکی کورد
مەشخـــەڵی نـەورۆزی
هەڵکرد
کەچی ئیمەی نـــەوەی
ئێستا
( هەزارو نۆســـەدو
هەفتا )
ووڕین هێشتا
لەو نەورۆزەی دێـتەوە
ئەڕوا

●

ئەبێ نەورۆزی ئەمجارە
زامی پڕ لە سوێی ئـەم
شارە
وا سادێش بێ ، جارێکی
تر
ژێردەستی نەمێنن ئێتر

## جەژنی نەورۆز

گوران

بەسوورێکی تر دەستێرەی ئینسان‌گر ،
قـەومی کۆنی خستەوە جەژنی ئاگر ••
کام قەومی کۆن ، کـام جەژنی بەرزو پیرۆز ؟
قەومی مادی ، جـەژنی بلنـــدی نەورۆز !•
ئەو نەورۆزەی کە هـــەزاران بەهـاره ،
لەرێی کوردا گـــڕی ئاگری دیاره ••
باو باپیرمان هەتا ئەڕۆن پشتاو پشت ،
لەم ئاگرەیان دەورەدا وەچین چین ، گشت •
لە چوار دەوری ئەم ئاگرە ڕەنگاو ڕەنگ
کۆڕ گیراوە بەپێکـەنین‌و ئاهەنگ
بانگی شێوان هـەتاکو بەر بەیانی
چڕپی بوەو بەزم‌و نۆش‌و گۆرانی
لەو ساتەوە تائێستا کە بەم چەشنە
هەمو سەری ساڵی تازەمان جەژنە
میوانی کۆن بەرێ ئەخەین‌و تازە ،
بەپێکەنین ئەگاتە بـەر دەروازە ••
خوشیت هێنـــاو فەرت‌هێناو شیرینی !
تۆ بۆ ئێمە بەهەشـتی خەو بینینی !••
بەهاتنت بای بەستەڵەك بەفری دەشت ،
گیانی سپارد گولی ڕوا جێگای گەشت !
لەتاریکی لـەچوار دیواری زستان ،
سەر فراز بیت ! سەرفرازبو مەلی گیان !
ئیستا ئوخەی ئاسمانیکەی هەتاوی ،
گیایەو گوڵەو مەمەو خوڕەی چەماوی ،
چی خوشترە لەوەی تـەبیعەت جوان‌بێ ؟
ماوەی ســەرنج پانایی گشت ئاسمان‌بێ ؟
گیانی سەرمەست ، باڵداری رێی هیوابڕ ،
بەرزبێتەوە بەپەڵـــەی هـــەور بـدادڕ ؟
بفڕی بڕوا بۆ کوردستانی ئاوات ،
ماندونەبێ ، هەربڕوات‌و هەربڕوات •
هەتا ئەگاتە لوتکەی شاخی سەربەست
بێ زنجیری گەل ئەبینی‌و ئەبێ مەست •



نەورۆز •
نەورۆز •
نەورۆز •

## بیرێکی راگوزاری

### من •• کوردستان ••• نـەورۆز

من ئادەمیزادم •

بـەڵێ ، ئادەمیزادم ئـەی خاکی پیرۆز ••

لەگەڵتا ژیام •••

من خاوەنی تۆم ، تۆ خاکی منی •••

پیرۆزی لەلام ، گەلێ جـــار ورشك‌و برنگ بویتەوە •••

بەڵام ئادەمیزادەکانی کـەس‌و کـــارم بەخوینی خۆیان ••• ژیانیان کردەوە بەبەرتا •••

هەرگیز نەیان هیشتوە خاکیکی بێ بەهاربیت •••

خاکی پیرۆزم :

مەڵی ئـەم « ئادەمیزادە » بێ‌هیزو بێ‌توانایە ، لەمن بێ ئاگایە ، ئەزانم گـــەلی برینی کۆن‌و نوێ ئازارت ئـــەدات‌و هیزو تواناو مەردی ئەوێت تا ساریژ ئەبن •••

تۆش ، چـاوەڕێی منـــی ئادەمیزادی ! ئەو هیزو توانایە بخەمەکار ، پیـــان ووتی : « باوەرمەکە ، ئـەم ئادەمیزادە بەیوەندی بەتۆ وە نیـــە ، حاوەڕێی مەکـە ســـاریژ بکات !! » •

بەلام تۆ باوەرت نەکرد •••

ئەشزانم باوەریش ناکەیت •• باوەر ئەکـەی من ئـەو هیزو توانایەم نیە کە لە ڕاستی‌دا بیویستە بۆ توی بەخت‌کەم ، بـەڵام توی خـــاکی پیرۆزم ئاگاداری هـــەرچی بەسەرمانا هاتوەو بۆتـــە هوی بێ‌هیزو بێ‌تونا کردنم ، هـــەتا چاو نوقاقدنم لەهەندێ سزادانت ، ئەزانیت ئەمانە هەموو ، لـە دەست کردی خۆم نیە ••••

لەبێ هیزی من نیە ••••

تۆ ئەزانی من بێ‌هیزنیم ، چونکە من ڕۆڵەی تۆم •••

تۆ زەویەکی بێ‌بەرهارنیت •

تۆ هەرگیز بێ کـــەس‌و کارنیت •••

نەء ، هەرگیز بێ‌کـــەس‌و کارنابێت ،

نەء ، هـــەرگیز بێ‌خاوەن نابێت •••

ئەی خاکی پیرۆز •••

وەك منالیکی ساوا چـــاو ئەبرمـــە جوانیـت ، بۆنی بەرامەی هەمیشە بەهـــارت ئەمخاتە سەرپێ ، ئەمجۆلینێ‌و ئەکەومە خۆ •••

منی ئادەمیزادی ڕۆڵەی تۆ • هەرخۆم ئەزانم چیت لەقولایی حۆتا هەلگرتوەو پـــەیوەندی ئەوانە بەمنەوە چیە ••• لەبەر ئـەوە :

دلنیابە تا من مابم ، تۆش‌ـ هەرئەبێت هەرگیز بێ بەهـــار نابیت •••

بێ « نەورۆز » ی مـــەزن نابیت ••

ئەبێ ئاگری « بەکاپـــەی ڕوناك » هەموو ساڵ هـــەر بەکلپەداری بەێنێتەوە ••

نەك ساڵی جارێ ، بەڵکـو هەڵگیرسێ‌و نەکوژێتەوە •••

بەڵی ئـــەی خـاکی پیرۆز دلنیابە وائەبێ :

مەگـــەر منی خاوەنت •• «ئادەمیزاد» نەبم •• دەهەستو هۆش‌و خاوەن باوەڕنەبم ؟!

institut kurde de paris